# ڕووداو
RÛDAW

ژمارە (525) دووشەممە 2018/10/15 – 23ی ڕەزبەر 2718 (750) دینار


## دوو گەنجی جۆرجی لە دهۆک 160 هەزار دۆلار دەدزن

ناسر عەلی
ڕووداو- دهۆک

دوو گەنجی جۆرجی لە بازاڕی ئاڵوگۆڕی دراو لە دهۆک، فێڵ لە خاوەن نووسینگەیەکی ئاڵوگۆڕی دراو دەکەن، 160 هەزار دۆلاری خاوەن نووسینگەکە دەبەن و کوردستان جێدەهێڵن.

یوسف عەبدولقادر خاوەنی نووسینگەکە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو دوو کەسە پێشتریش چەند جارێک هاتبوونە لام، دوای نیوەڕۆیەک هاتنەوە نووسینگەکەم ، گوتیان 135 هەزار یورۆمان هێناوە و دەیکەینە دۆلار، چوومە لای هەندێک لە برادەرەکانم و پارەکەم ئامادەکرد، پارەکە 160 هەزار دۆلار بوو، ئەوان پارەکەیان هەڵگرت و گوتیان دەیخەینە نێو ئۆتۆمبێل و ئێستا دەگەڕێینەوە، ڕۆیشتن و نەگەڕانەوە".

یوسف دەڵێت: "دواتر پارەکانم چێک کردەوە سەیرم کرد هەموو ساختەن، تەنیا هەزار یورۆی تەواو بوو".

وەک ئەو گوتی، ئەو دوو کەسە لەڕێگای کومپانیایەکی هێنانی کرێکار هاتبوونە کوردستان، تەنیا دوو هەفتە بوو لە کوردستان بوون.

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی دهۆک لەبارەی ئەو ڕووداوە گوتی کە هێشتا لە لێکۆڵینەوەدان و ناتوانن هیچ لێدوانێک بدەن.

ناوەندێکی بەریتانی:
## گرتنەوەی هاوکارییەکانی ئەمریکا لە کورد هەڵەیەکی ستراتیژییە
6

## بە دوو قۆناغ ئەنجوومەنی پارێزگاکان هەڵدەوەشێنەوە
5



هیڤیدار ئەحمەد
## سەفقەی سەرۆککۆمار
14

# پارتی لەگەڵ یەکێتی، گۆڕان، تورکمان و کریستیان حکومەت پێکدێنێ
3




ڕاپۆرتە هەواڵ 2
## کچێکی 16 ساڵان 6 ڕۆژە بێسەروشوێنە



ڕاپۆرت 3
## پارتی بەربژێری بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک دەبێت

کۆمەڵایەتی 13
## لە کەرکووک بەناوی پۆلیسی عێراقییەوە خەڵک دەڕفێنن



شرۆڤە 17
## نەوەی خومەینی لە نەجەف نیشتەجێ دەبێ





## شاندی باڵای شیعە و سوننەکانی عێراق دەچنە سلێمانی

**ڕووداو- هەولێر**

شاندی باڵای شیعە و سوننەکانی عێراق کە لە دوو هاوپەیمانی چاکسازی و ئاوەدانکردنەوە پێکهاتبوو، ڕۆژی 2018/10/14 گەیشتنە هەرێمی کوردستان و لەگەڵ هەریەک لە مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەکتەبی سیاسی پارتی و دواتریش لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستانیش کۆبوونەوە. شاندی لایەنە عێراقییەکان کە لە 14 ئەندام و بەرپرسی 6 لایەنی عێراقی پێکهاتووە و عەممار حەکیم سەرۆکایەتی دەکات، بۆ پرسی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق هاتوونەتە هەرێمی کوردستان، بڕیارە ئەمڕۆ 2018/10/15 لە سلێمانی لەگەڵ لایەنە کوردستانییەکانی دیکە کۆببنەوە و ڕای ئەوانیش لەسەر چۆنیەتی بەشداری لە کابینەی داهاتووی حکومەتی عێراق وەربگرن.

### کچە مامەکەی خۆی لە ئەڵمانیا لە ئاهەنگێکدا کوشت

# بکوژی کچێکی ئێزدی لە دهۆک دەدۆزرێتەوە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

بکوژی ئەو کچە کوردە ئێزدییەی ساڵێک و حەوت مانگ لەمەوبەر لە ئاهەنگێکدا لە ئەڵمانیا کوژرا، لە گوندێکی نزیک دێرەبوون لە پارێزگای دهۆک دەستگیرکرا.

باوکی کچەکە لە بەغدا سکاڵای لەسەر بکوژەکە تۆمار کردبوو. ئەو دەڵێت: " نەمدەویست کوڕێکی وا خراپ لە زیندانەکانی کوردستاندا بێت، بۆیە لە بەغدا سکاڵام لەسەر تۆمارکرد، دەمەوێت لە زیندانەکانی بەغدا سزای خۆی وەربگرێت".

شەوی 2016/3/13 لە زەماوەندێکی گەورەی کوردانی ئێزدی و لە هۆڵێکی داخراودا، شیلان غازی پسۆی تەمەن 21 ساڵ، لەلایەن ئامۆزاکەی خۆیەوە درایە بەر گوللە و کوژرا. بکوژەکەی شیلان دوای تاوانەکەی رایکرد بۆ ئیتاڵیا و دواتریش خۆی گەیاندەوە کوردستان. ڕۆژی هەینی 12ی ئۆکتۆبەری 2018 لە نزیک دێرەبوون لە پارێزگای دهۆک دەستگیرکرا.

غازی پسۆ، باوکی شیلان، ئەو ڕۆژەی کە کچەکەی کوژرا لە ئاهەنگەکە بووە، بە بەرچاوی خۆیەوە تەقە لە کچەکەی کراوە. غازی چیرۆکی ئەو کارەساتە بۆ (ڕووداو) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "ئێمە 23 ساڵە لە ئەڵمانیا دەژین، چوار کچ و شەش کوڕم هەن، لە مانگی حوزەیرانی 2015 من لە بەغدا بووم، براکەم و هاوژینی هاتبوونە ماڵی ئێمە لە ئەڵمانیا و داوایان کردبوو شیلان بۆ (س)ی کوڕیان بخوازن، هاوژینەکەم ڕازی بوو، کە گەڕامەوە کچەکەم ڕەوشی خراپ بوو، هاتە لام و گوتی باوکە منیان بە زۆر داوەتە ئەو کوڕە، من (س)م خۆشناوێت، ناتوانم شوو بەو بکەم، ئەگەر زۆرم لێبکەن خۆم دەکوژم، زۆر هەوڵم دا ڕازی بکەم، بەڵام سوودی نەبوو، ناچاربووم بە براکەم گوت، وەرن نیشانییەکەی ببەنەوە کچەکەم ڕازی نییە".



شیلان غازی لە زەماوەندی خۆیدا کوژرا

دوای سێ مانگ ماڵی براکەی غازی دەچن و ئەڵقە و نیشانییەکە دەبەنەوە، باوکی شیلان دەڵێت: "جارجار دەمانزانی کوڕەکە هەڕەشە دەکات و قسەی ناشیرین لەسەر کچەم دەکات، بەڵام هەرگیز نەماندەزانی ئەو کارە دەکات، لە ڕۆژی زەماوەندەکەیدا هەموومان خۆمان ئامادە کرد و چووینە ناو زەماوەند، کاتێک زانیم دەنگی تەقە هات، بینیم کچەکەم لەنێو خوێندا کەوتووە، سەرەتا نەمدەزانی کێ وایکردووە، دواتر پۆلیسی ئەڵمانیا بە ئێمەیان گوت کە ئۆتۆمبێلێک لەنێو زەماوەند دەرچووە، ئینجا زانیمان (س) بووە".

دوای چەند ڕۆژێک (س) دێتەوە کوردستان، لە فەرماندەیی پێشمەرگەی شنگال دەبێتە پێشمەرگە، باوکی شیلان دەڵێت: "من هاتمەوە کوردستان و چوومە شنگال لەلای پۆلیس سکاڵام تۆمارکرد، بەڵام ئەوان هاوکارنەبوون لێکۆڵینەوە بکەن، دوو مانگ پێش ئێستا چوومە بەغدا و سکاڵام لەسەر ئەو و باوکی و برایەکی تۆمارکرد، چونکە ئەوانیش هاوکاری بوون".

دەربارەی ئەگەری ڕەوانەکردنەوەی بکوژەکە بۆ ئەڵمانیا، باوکی شیلان دەڵێت: "دادگای ئەڵمانیا بەڵگەی تەواوی نەبوو، بەڵام لە بەغدا بەڵگەی تەواو لەبەربەردەستە و لەوێ دادگایی دەکرێت، ئەگەر پێویستی کرد ئەوان بڕیار دەدەن ڕەوانەی ئەڵمانیای دەکەنەوە یاخود نا".

باوکی شیلان دەڵێت: " حکومەتی کوردستان هاوکاربوون لە دەستگیرکردنی بکوژەکە، هیوادارم بگاتە سزای خۆی".

(س. نەعمان)، بکوژی شیلان تەمەنی 24 ساڵە و خێزانەکەی لە ساڵی 2000 چوونەتە ئەڵمانیا. (س) دوای کوشتنی ئامۆزاکەی هاتبووەوە هەرێمی کوردستان.

ڕائید عەبدولخاق سەعید دەروێش، فەرماندەی پێشمەرگە کە سەرپەرشتی ئۆپەراسیۆنی دەستگیرکردنی (س)ی کردووە، بە (ڕووداو)ی گوت، بڕیاری دەستگیرکرنی ئەو لە دادگای سێمێلی سەر پارێزگای دهۆک دەرچووە، ئەوان وەکو هەواڵگری فەرماندەیی دهۆک دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووە، لەماوەی دوو ڕۆژدا شوێنەکەیان ئاشکرا کردووە.

ئەو فەرماندەیەی پێشمەرگە دەشڵێت: "بەهاوکاریی پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی سێمێل چووینە گوندەکە. تاوانبارەکە لە قاوەخانەیەکی گوندەکە بوو، یەکسەر دەستگیرمان کرد".

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو گەنجە لە پۆلیسی دهۆک گیراوە، دوای لێکۆڵینەوە ڕادەستی بەغدای دەکەین، چونکە لەسەر داوای دادگای بەغدا دەستگیرکراوە.



(س.ن) پاش تاوانەکەی گەڕابووەوە کوردستان و لە شنگال بووبوو بە پێشمەرگە

# کچێکی 16 ساڵان 6 ڕۆژە بێسەروشوێنە



نەجلا جەلال

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- شێخان**

نەجلا جەلال، کچێکی تەمەن 16 ساڵانە و کوردی ئێزدییە، ماوەی 6 ڕۆژە دیار نەماوە و هیچ سۆراخێکی نییە.

نەجلا دەچێتە ماڵی مامی لە کەمپی ئیسیان لە قەزای شێخان. دوای چەند کاژێرێک لە گەیشتنی بە ماڵی مامی، بەبێ ئاگادارکردنەوەی ماڵباتەکەی چووەتە دەرەوەی کەمپەکە و هێشتا نەگەڕاوەتەوە.

نەجلا کە خوێندکاری پۆلی 10ی ئامادەیی بوو، شەوی 9-10-2018 لە کەمپی ئیسیانی سەر بە قەزای شێخان ناسنامە و کەلوپەلەکانی خۆی پێچاوەتەوە و ڕۆیشتووە، ئەوە 6 ڕۆژە کەسوکارەکەی بەدوایدا دەگەڕێن و نەیاندۆزیوەتەوە.

جەلال دەخیل، باوکی نەجلا، کاتێک ناوی کچەکەی دێت دەست دەکات بەگریان و بە دڵی پڕەوە باسی کچەکەی دەکات و دەڵێت: " ئێمە لە نێوان کەمپی ئیسیان و شنگال دەژیاین، بەڵام چووینەوە بۆ شنگال بۆ ئەوەی منداڵەکانمان خوێندنەکەیان تەواو بکەن. دوای ئەوەی نەجلا بووە پۆلی 10ی ئامادەیی، گوتی دەچمە ماڵی مامم بۆ ئەوەی درێژە بە خوێندنەکەی بدات. ئەو دەڵێت: "کچەکەم تاقانەی 6 برایە و زۆرمان خۆشدەوێت، بە ژیانی دڵمان نەشکاندووە، یان قسەیەکی ناشیرینمان پێنەگوتووە، نازمان هەڵگرتووە، کە گوتیشی دەچم بۆ ماڵی مامم ڕێگەم دا بچێت".

باوکی دەڵێت: "نەجلا کێشەی نەبوو، نازانم چۆن ئەمە ڕوویداوە، نازانم چۆن کاژێر 12ی شەو بەبێ ئەوەی کەس بزانێت و ئاگاداربێت ڕۆیشتووە، ئەوە نزیکەی یەک هەفتەیە ئێمە بەدوایدا دەگەڕێین، دایکی لە خەفەتی ئەو تەندروستی تێکچووە".

هەر لەوبارەوە فەیسەڵ دەخیل، مامی نەجلا، کە ئەو کچە شەو لە ماڵی ئەوان ڕۆیشتووە و نەگەڕاوەتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "نەجلا هات بۆ لامان گوتی ئەمساڵ لای ئێوە خوێندنەکەم تەواو دەکەم، ئێمەش دڵمان پێخۆشبوو، چونکە نەجلا کچێکی ژیرو زیرەک بوو، ئەو شەوە هەموومان بەیەکەوە نانی ئێوارەمان خوارد، بەیەکەوە کۆبووینەوە، نەجلا زۆر ئاسایی بوو، هەستمان نەکرد کە بەتەمای شتێکە، وەک هەموو جارێک ئاسایی بوو".

نەجلا دوای خەوتنی هەموو ئەندامانی خێزانی مامی، نیوەشەو شتەکانی پێچاونەتەوە و کەمپەکەی جێهێشتووە، بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک بزانێت بۆ کوێ ڕۆیشتووە و چی بەسەر هاتووە، ڕۆیشتنێک کە بۆ کەسوکارەکەی شپرزەیی و خەمێکی قووڵی دروستکردووە و ماڵەکەی پڕکردووە لە چاوەڕوانی.

کەسوکاری نەجلا هەمان ڕۆژ کە زانیویانە ڕۆیشتووە، هەواڵیان داوەتە پۆلیس، بەڵام تا ئێستا پۆلیس هیچ زانیارییەکی لەبارەی نەجلا دەستنەکەوتووە و لێکۆڵینەوە لە کەیسەکەی بەردەوامە.

هێمن سلێمان، گوتەبێژی پۆلیسی دهۆک سەبارەت بە ونبونی ئەو کچە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: " لە نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە قەزای شێخان کەسوکاری ئەو کچە سکاڵایان تۆمار کردووە و داوا دەکەن کچەکەیان بدۆزینەوە، ئێستا لە لێکۆڵینەوەداین بۆ ئەوەی لە چارەنووسی دڵنیابینەوە".

### باڵیۆزی سوید لە عێراق بۆ (ڕووداو):

# هیوادارین دەست بە گەشتی ڕۆژانەی نێوان هەولێر و ستۆکهۆڵم بکرێتەوە

**ڕووداو ـ هەولێر**

سوید یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لە قۆناغی دوای داعشدا هاوکاریی عێراق و هەرێمی کوردستان دەکات، باڵیۆزی ئەو وڵاتە لە عێراق پێیوایە تێکشکاندنی یەکجاریی داعش پێویستی بە ستراتیژێکی هەمەلایەنەی حکومەت هەیە کە بەشێکی سەرەکیی هەوڵەکانی ئاوەدانکردنەوە و ئاشتەوایی نیشتمانیی لەخۆدەگرێ، جەختی لەوەش کردەوە کە پێکهاتەی حکومەتی داهاتووی سوید هەرچۆنێک بێ، پەیوەندییەکانی نێوان ستۆکهۆڵم و هەولێر بە بەهێزی دەمێننەوە.

پۆنتوس مێلاندەر، باڵیۆزی سوید لە عێراق، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ڕایگەیاند: "حکومەتی سوید یەکێکە لەو وڵاتانەی کە بەشدارییەکی سەرەکی لە هاریکاریکردنی دارایی پرۆگرامی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP)دا هەیە"، کە ئامانج لە پرۆژەکانی گەڕاندنەوەی سەقامگیرییە بۆ عێراق".

حکومەتی سوید لە ساڵی 2016 وە ژمارەی هێزەکانی لە هەرێمی کوردستان دوو بەرامبەر کرد و ژمارەکەی بۆ 70 ڕاوێژکار و ڕاهێنەر زیاد کرد کە لە ناوەندی هاوئاهەنگی ڕاهێنانی کوردستان (KTTC) جێگیرکراون. مێلاندەر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ژمارەی هێزەکانیان دەکرێ لە داهاتوودا بەپێی پێویستی زیاد بکرێت، جەختی لەوەش کردەوە کە "هێزەکانمان لە داهاتووشدا لە عێراق دەمێننەوە، گرنگیش نییە کێ لەدوای

> داوامان لێکراوە لە چاکسازیی وەزارەتی پێشمەرگەدا ڕۆڵمان هەبێ

هەڵبژاردنەکانی سوید دێتە سەر حوکم، هاوکارییەکانی ئێمە بۆ عێراق بەردەوام دەبن".

لە چەند هەفتەی داهاتوودا پەرلەمانی سوید بڕیار لەسەر ژمارە و چۆنێتی بەشداری سوید لە عێراق لە 2019 دەدات.

هەفتەی ڕابردوو، پێر میکایل بیدن، فەرماندەی باڵای هێزەکانی سوید، لەگەڵ کەریم شنگالی وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان کۆبووەوە. باڵیۆزی سوید لە عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "وەزیری پێشمەرگە داوای لە لایەنی سویدی و ڕاوێژکارە سەربازییەکانی کرد، ڕۆڵیان هەبێ لە پرۆژەی چاکسازیی وەزارەتی پێشمەرگەدا کە بە هاوکاریی هاوپەیمانان قۆناغی باشی بڕیوە".

هەزاران چەکدار و خێزانی بیانیی داعش لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە، هێزە ئەمنییەکانی عێراق و هێزەکانی ڕۆژئاڤای کوردستان دەستبەسەرکراون. زۆر لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ئامادە نین ئەو چەکدارانە وەربگرنەوە، حکومەتی عێراق بڕیاری لەسەر ژمارەیەکی زۆریان داوە و هێزەکانی ڕۆژئاڤای کوردستانیش داوا لە وڵاتان دەکەن هاووڵاتییەکانی خۆیان وەربگرنەوە. باڵیۆزی سوید لەوبارەوە گوتی: "ئەوەندەی زانیاریم هەبێ ئێمە هیچ چەکدارێکی بیانیمان لە عێراق نییە کە دەستگیرکرابێ. بەڵام ئەوەندەی بزانم دەزگای دادوەریی عێراق سزایان بۆ دیاری دەکات و ئێمەش داوای هیچ چەکدارێکی بیانیمان نەکردووەتەوە".

سەبارەت بە چارەنووسی ناوچە کێشە لەسەرەکانیش وێڕای دەربرینی ئاگاداری خۆی لە ماددەی 140ی دەستوور گوتی "ئێمە هیوادارین و گوشاریش دەکەین بۆ ئەوەی ئەم پرسە لە نێوان بەغدا و هەولێر (لە چوارچێوەی ئەو ماددەیەدا) باسبکرێ".

زیاتر لە 100 هەزار کورد لە سوید دەژین، لە هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی پەرلەمانی سویددا، کورد 30 بەربژێری هەبوو. پۆنتوس مێلاندەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە "کورد زۆر باش تێکەڵ بە کۆمەڵگای سوید بوون، وابزانم لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا شەش پەرلەمانتاری کورد هاتوونەتە ناو پەرلەمانەوە"، سەبارەت بە

> گوشار دەکەین بۆ ئەوەی پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان بخرێتە بەرباس

هۆکاری نەکردنەوەی کۆنسوڵخانە لە هەولێریش گوتی: "ڕاستە ئێمە کونسوڵخانەمان لە کوردستان نییە، بەڵام ئۆفیسێکمان هەیە، جێگرەکەی منیش بەلایەنی کەم مانگی جارێک لێرە دەبێ، ئێمە وڵاتێکی بچووکین و هەر بە شێوەیەکی نەریتی زۆر کەم کونسوڵخانە دەکەینەوە. بەڵام هیوادارین پەیوەندی نێوان کۆمەڵگەی کوردستان و کۆمەڵگەی سوید بەردەوام بێ و وەکو جاران گەشتی ڕۆژانەی ڕاستەوخۆی نێوان ستۆکهۆڵم و هەولێردەستپێبکاتەوە".

هێرشەکانی داعش و تێکچوونی دۆخی ئەمنی ژمارەیەکی زۆر وەبەرهێنەری بیانییان لە عێراق دوورخستەوە، باڵیۆزی سوید لە عێراق ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئاسان نییە بازرگانە سویدییەکان ڕازی بکەن بگەڕێنەوە عێراق، نەک هەر لەبەرئەوەی دۆخە ئەمنییەکە باش نییە، بەڵکو "نەبوونی چاکسازی ئابووری لە عێراق هۆکارێکی دیکەیە کە بازرگانەکان سارد دەکاتەوە لەوەی بێنە عێراق"، بۆ ئەمەش عێراق پێویستی بە یاسای نوێیە، کە گەرەنتی قازانجی وەربەهێنەرەکان بکات.



پۆنتوس مێلاندەر



## مانگی داهاتوو مووچە بەسیستەمی بایۆمەتری دابەش دەکرێت

**ڕووداو–هەولێر**

لیژنەی باڵای تۆماری بایۆمەتری هەرێمی کوردستان ڕاگەیێندراوێکی لەبارەی دابەشکردنی مووچەی مانگی تشرینی دووەم بڵاوکردەوە و ڕایدەگەیێنێت، دابەشکردنی مووچەی کەسوکاری شەهیدان، ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی لەسەر بنەمای بایۆمەتری دەبێت.

لە بەشێکی ڕاگەیێندراوەکەدا لەبارەی چۆنیەتی دابەشکردنی مووچەی ئەم توێژانە هاتووە: "داوا دەکەین، بارکۆدەکانیان بەزووترین کات بگەیێنە بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە وەزارەتیان، بە پێچەوانەوە بەپێی بڕیاری 111ـی ئەنجوومەنی وەزیران کە لە 12-6-2017 دەرچووە، مووچەکانیان لە مانگی داهاتوو رادەگیرێت". لیژنەی باڵای تۆماری بایۆمەتری هەرێمی کوردستان ئاماژە بەوەش دەکات، بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ڕاسپێردراوە کە هاوکاربێت لە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە.

# پارتی لەگەڵ یەکێتی، گۆڕان، تورکمان و مەسیحییەکان حکومەت پێکدێنێ

**سیروان عەباس و نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو– هەولێر– سلێمانی**




هێشتا کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان، ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ڕانەگەیاندووە، بەڵام لێدوانی دژبەیەک لەنێوان لایەنەکان و دوو حیزبی یەکەم و دووەم (پارتی ویەکێتی) دەستپێکردووە وهەریەکەیان بیرۆکە وپلانی جیاوازیان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێیەمی حکومەت هەیە، پێدەچێت ئەم جیاوازییەش سەرەتایەک بێت بۆ دروستبوونی گرێکوێرە لەبەردەم پێکهێنانی حکومەت. بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، دەست بە گفتوگۆی نافەرمی کراوە بۆ دیاریکردنی شکڵی کابینە نوێیەکەی حکومەت.

بەپێی ئەو ئەنجامە بەراییانەی کۆمیسیۆن ڕایگەیاندوون، یەکێتی 22 کورسی پەرلەمانی بەدەستهێناون، ئەمەش دەکاتە نیوەی ژمارەی کورسییەکانی پارتی کە 44 کورسین. ئەو پەیامانەی سەرکردەکانی پارتی لە بارەی فۆرمی حکومەتەوە وەک نامەی هۆشداریدان دەبینرێن، ترسی ئەوەی لای یەکێتی دروستکردووە کە هاوشێوەی پەرلەمان، یەکێتی لەنێو حکومەتیشدا نیوەی پارتی بێت. سەرکردەیەکی ئەو حیزبە دەڵێت: " لە کابینەی نوێیەمدا، یەکێتی بەگوێرەی خەبات و تێکۆشان بەشداردەبێ، نەک ژمارەی کورسی پەرلەمان".

عەدنان موفتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەڵێت: " دەبێ بە هاوکاریی هەموولایەنەکان لەسەر بنەمای ڕێکخستنی نێوماڵی کورد بێ و، دەبێ پێکهێنانی حکومەت لەسەر بنەمای لێکتێگەیشتن بێت ، بە ڕاشکاوانە قسە بکرێ، ئەوەی بەشدار دەبێ، بەجدی پشتگیری لە حکومەت بکات."

عەدنان موفتی، حکومەتی زۆرینەی سیاسی بەواقعی نازانێت و پێیوایە، ئەگەر کوردستان وڵاتێکی سەقامگیر و یاسا سەروەر بێت، زۆر ئاساییە ژمارەی کورسی پێوەربێ ، بەڵام ئەوە لە کوردستان بەدی ناکات.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی ڕوونترلەبارەی خواستی حیزبەکەی بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ قسە دەکات و دەڵێت: " یەکێتی لە کوردستان بەگشتی و سنووری سلێمانی وهەڵەبجە بەتایبەتی دەسەڵاتی هەیە، بۆیە ناکرێ بە ژمارەی کورسی حساب بۆ یەکێتی بکرێت". بارزان ئەحمەد کوردە، هەروەها دەڵێت، داوامان کردووە لە حکومەتی داهاتوودا "بە گوێرەی خەبات و تێکۆشان حساب بۆ یەکێتی بکرێ، نەک بەپێوەری ژمارەی کورسیی پەرلەمان، ئەمەشمان بە پارتی گوتووە و ئەگەر ڕەچاوی نەکەن، سەرکردایەتی یەکێتی کۆدەبێتەوە و بڕیاری خۆی دەدات."

هەر لەوبارەوە قادر حەمەجان، ئەندامی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی یەکێتی گوتی کە داوای گفتوگۆ دەکەن لە پارتی بۆ ئەوەی قسە لەبارەی حکومەتی نوێ بکەن "ئێمە و پارتی دیموکراتی کوردستان، وەک دوو هێزی سیاسی گەورە دەبێ دانوستاندنی جدی بکەین بۆ پێکهێنانی حکومەت."

پارتی دیموکراتی کوردستان، بە گوێرەی 85%ی ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان 44 کورسی پەرلەمانی بەدەستهێناون، نایەوێ خۆی تووشی حکومەتێک بکاتەوە کە چەند لایەنێک بە ناسازیی پێکیانهێنابێ. کەمال کەرکووکی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە، بڕیاری کۆتایی پارتی لەوبارەیەوە هەڵدەگرێ بۆ دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردن، بەڵام نووری حەمەعەلی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی، نەیشاردەوە کە پارتی دەیەوێ لە کابینەی داهاتووی حکومەتدا هەموو حیزبە بەشداربووەکان بە گوێرەی کورسی پەرلەمان پۆست وەرگرن.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، پێیوایە لە کۆتاییدا هەردەبێ پارتی و یەکێتی کاراکتەری سەرەکی نێو کابینەی نۆیەم بن، بەڵام یەکێتی هێزی دووەمە و هێزی دووەمیش واتە بەشداریکردنی ڕاستەقینە "لانیکەم دەبێ جێگری سەرۆکی حکومەت و چەند وەزارەتێک بدرێتەوە بە یەکێتی و نابێ پارتی بیر لەوە بکاتەوە وەک کۆمەڵ و یەکگرتوو و گۆڕان، هاوبەشی لەگەڵ یەکێتی بکات."

بەڵام نووری حەمە عەلی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دەڵێت: "لە کابینەی هەشتدا پارتی و یەکێتی بە یەکسانی پۆستیان وەرگرتبوو، لە کاتێکدا پارتی 38 کورسی و یەکێتی تەنها 18 کورسی هەبوو، بزووتنەوەی گۆڕانیش کە 24 کورسی هەبوو، دوو وەزارەتی سیادی پێدرابوو."

ئەو سەرکردەیەی پارتی، داوا دەکات ڕێگا تەقلیدییەکانی پێکهێنانی حکومەت دابخرێن "با وابکەین هەر حیزبە و بەگوێرەی قەبارەی خۆی خزمەت بکات، ئێستا یەکێتی هێزی دووەمە و با بەپێی قورسایی خۆی پۆستی پێبدرێ،چونکە ئێرە بەغدا نییە، نە شیعە ونە عەرەبی شۆڤێنی بڕیار بدات، با گفتوگۆ بکەین و لێکتێبگەین، پارتی هەمیشە قوربانی بووە و دڵیشمان گەورەیە."

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە (ڕووداو) لە چەند سەرچاوەیەکی پارتی وەریگرتوون، یەکێک لە بیرۆکەکانی پارتی بچووککردنەوەی قەبارەی حکومەتە، واتە کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان و بەشدارکردنی تورکمان و مەسیحییەکان " پێدەچێت لەکاتی دانوستاندنەکاندا گۆڕانکاری بەسەر ئەو بیرۆکانەدا بێت"، ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی دەڵێت " بۆیە خەڵک بەقەدەر 45 کورسی دەنگی بە پارتی داوە، بۆ ئەوەی بەپێی ئەو ژمارەیە پۆستی بەدەستەوە بێت، تاوەکو خزمەتیان بکات".

بزووتنەوەی گۆڕان کە لەهێزی دووەمەوە بووەتە هێزی سێیەم و بە گوێرەی 85%ی ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردن نیوەی کورسییەکانی لە دەستداوە، پێیوایە " ئەگەر نەتوانرا بە هاوپەیمانێتی حکومەت پێکبهێنرێت ، با لەسەر بنەمای زۆرینە پێکبهێنرێت".

ئیسماعیل نامیق، ڕێکخەری ژووری یاسایی و ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان لەوبارەوە دەڵێت کەی ئەنجامی کۆتایی ڕاگەیێندرا ئەوکاتە بەرچاویان ڕوون دەبێ بۆ پێکهێنانی حکومەت "کام حیزب زیاترخزمەت بکات با ئەو بەرپرسیارێتییەکە بگرێتە ئەستۆ، حکومەت دەبێ بۆ خزمەت بێ، پەرە بە ئەزموونی دیموکراسی بدا، پشکپشکێنە نەبێت، ئەگەر بەهاوپەیمانیش بێ با بە بەشداری ڕاستەقینە بێت وهەر حیزبە و بە گوێرەی قورسایی خۆی، ئەگەر واشنەبوو با زۆرینە بێ."

> **دەبێ بە گوێرەی خەبات و تێکۆشان حساب بۆ یەکێتی بکرێ، نەک بەپێوەری ژمارەی کورسیی پەرلەمان**
>
> بەرپرسێکی یەکێتی

ئیسماعیل نامیق پێیوایە ئەگەر حیزبێک بیەوێ بەتەنیا حکومەت پێکبهێنێت (پارتی و چەند حیزبێک بەبێ یەکێتی، یان یەکێتی و چەند حیزبێک بەبێ پارتی) مەترسی دروستبوونی دوو ئیدارەیی دێتە ئاراوە.

بەپێی هەندێ زانیاری لە سەرچاوەیەکی باڵای نێو بزووتنەوەی گۆڕانەوە ، دانوستاندن و بیروڕاگۆڕینەوە لە نێوان پارتی و یەکێتی و گۆڕان هەیە بۆ کابینەی نۆیەم ، تاوەکو ئێستاش ئاماژەکان وا دەردەکەون کە حکومەت لە نێوان پارتی و یەکێتی و گۆڕان دروستدەکرێ بە بەشداریی تورکمان و مەسیحییەکان.

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی: " پێشنیازێک هەیە، پارتی ئەوجارە پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت بکاتە دووان و جێگرێک و وەزارەتێکی سیادی بۆ گۆڕان و جێگرێک بۆ تورکمان دەبێ، هەروەها سەرۆکی پەرلەمان و سێ وەزارەت دەدرێنە یەکێتی، بەڵام لە دابەشکردنی پۆستەکاندا بە پلەی یەکەم مامەڵە لەگەڵ یەکێتی دەکات."

# پارتی بەربژێری بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک دەبێت

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو– هەولێر**

ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی دەڵێت بەربژێریان بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک دەبێت و پێیوایە ئەو پۆستە ئیستیحقاقی کوردە . د.محەممەد خورشید، بەرپرسی لقی پارتی لە کەرکووک دەڵێت: "یەکێتی لە کەرکووک تاکلایەنە بڕیار دەدات و خەریکە هەڵەیەکی دیکەی وەک 16ی ئۆکتۆبەر دووبارە دەکاتەوە" .

لەبارەی کاری ئەو لیژنە هاوبەشەی پارتی و یەکێتی بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک دایاننابوو، بەرپرسی لقی پارتی لە کەرکووک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بە بڕیاری کۆبوونەوەی هاوبەشی هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی لیژنەیەکی چوار کەسی، (دوو پارتی و دوو یەکێتی) پێکهێنراوە، بۆ ئامادەکردنی چەند پێشنیازێک بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک کە لە شەش خاڵی سەرەکی پێکهاتووە، هەردوولایان تەنیا لەسەر سێ خاڵ کۆک بوونە کە بریتین لە بەردەوامبوونی کۆبوونەوەکان، هەوڵدان بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی فراکسیۆنی برایەتی و ڕێکخستنی دانیشتنی فراکسیۆنەکە، سێیەمیشیان هاوکاری یەکتر بکەن بۆ ئەوەی بارودۆخی کەرکووک ئاسایی بکەنەوە . بەڵام سێ خاڵەکەی دیکە کە پێویستی بە گفتوگۆی زیاتربوو، بریتی بوون لە: چۆن بتوانن پۆستی پارێزگاری کەرکووک بۆ کورد وەربگرنەوە؟ دەستنیشانکردنی شوێنی کۆبوونەوەکانی تایبەت بە کاراکردنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و خاڵی سێیەمیش، کێ بکرێتە پارێزگاری کەرکووک.

> **یەکێتی خەریکە هەڵەیەکی دیکەی وەک 16ی ئۆکتۆبەر دووبارە دەکاتەوە**
>
> ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی

لەبارەی ململانێکان لەسەر پۆستی پارێزگاری کەرکووک، محەمەد خورشید دەڵێت: "یەکێتی بەبێ گەڕانەوە بۆ حیزبە کوردستانییەکان، یەکلایەنە لەگەڵ عەرەب و تورکمانەکان لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و دەرەوەی ئەنجوومەنیش کار بۆ ئەوە دەکات پۆستی پارێزگاری کەرکووک وەربگرێتەوە، لە کۆبوونەوەی 2018/8/9ـی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکیش جارێکی دیکە یەکێتی ویستی نیساب تەواو بکات، بێئەوەی بزانێت تووشی تەڵەیەک دەبێت، چونکە ئێستا لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک عەرەب 6 ئەندام و تورکمان 9 ئەندامیان هەن، یەکێتیش ئێستا تەنیا 5 ئەندامی هەیە، بە دوو ئەندامەکەی یەکگرتووەوە دەکاتە 22 و دەتوانن نیساب تەواو بکەن، بەڵام ئەوکات کورد یەک لەسەر سێ و عەرەب و تورکمانیش دوو لەسەر سێ دەبن، لەوانەیە ئەمەش تەڵەیەک بێت و دوای ئەوەی یەکێتی نیساب تەواو دەکات و شەرعیەت بە کۆبوونەوەکە دەدات، عەرەب و تورکمان دەنگ بۆ کەسێکی دیکە بدەن، چونکە ئێستا عەرەبەکانیش خۆیان دوو بەشن، بەشێکیان لەگەڵ مانەوەی ڕاکان سەعید، پارێزگاری سەپێندراوی سەر کەرکووکن، لەکاتێکدا ڕاکان سەعید هێشتا لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق سوێندی نەخواردووە و لە کەرکووک ماوەتەوە، هەروەها لەوانەیە تورکمانەکانیش هەوڵبدەن، چونکە ئێستا ئەوان نۆ ئەندامن و زۆرینەن، بۆیە ئێمە پێشنیازمان بۆ یەکێتی کردووە کە بگەڕێنەوە بۆ لای حیزبە کوردستانییەکان بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم پۆستە، نەک تاکلایەنە بە پێنج کورسییەوە بچنە ناوەوە و کورد تووشی کارەساتێکی دیکە بکەن، وەکو ئەوەی لە 16ـی ئۆکتۆبەر تووشی بوو" .

دەربارەی سووربوونی یەکێتیش لەسەر وەرگرتنی پۆستی پارێزگاری کەرکووک، محەممەد خورشید گوتی: "ئێمە هەست دەکەین یەکێتی زۆر جدی بێت لەسەرئەوەی کە لەپێناوی وەرگرتنی پۆستێک، هەموو شتەکانی دیکە بکاتە قوربانی" .

گوتیشی: " پارتیش دەیەوێت لە پۆستی پارێزگاری کەرکووکدا خۆی تاقی بکاتەوە، ئەوەمان لە گفتوگۆکانی ڕابردووشدا نەشاردووەتەوە و لە کۆبوونەوەی ڕابردوودا دوو پێشنیازمان داوەتە یەکێتی و داوامان لێکردوون دوو ستوون ئامادە بکەن، ئەگەر پارێزگار لە یەکێتی بێت و ئەگەر پارێزگار لە پارتی بێت ئەوان چ داواکارییەکیان هەیە، بۆیە ئاساییە ئێستا پۆستی پارێزگاری کەرکووک لای پارتی بێت، لەگەڵ ئەوەشدا گوتوومانە ئەم پۆستە ئیستیحقاقی کوردە و لەناو کوردیش دەبێت لایەنە سیاسییەکان ڕێککەوتنی لەسەر بکەن. هەر کەسێکیان دەستنیشان کرد، پارتی لەگەڵیەتی".


(فۆتۆ: ڕووداو)

لەبارەی بەربژێری پارتی بۆ ئەو پۆستە، محەممەد خورشید دەڵێت: " دیاریکردنی بەربژێری پارتی بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک کاری مەکتەبی سیاسی پارتی و سەرۆک بارزانییە و ئەوان بڕیاری لەسەر دەدەن".

سەبارەت بە بۆچوونی پارتیش لەسەر بەربژێرەکانی یەکێتی بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک، محەممەد خورشید ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە یەکێتی زیاتر لە کەسێکی بۆ پارتی پێشنیازکردووە، پێشتریش سێ پاڵێوراویان هەبوون، پارتی هەستیار نییە بە هیچ کەسێک، دەشڵێت: " لە گفتوگۆکان داوامان کردووە ئەو کەسەی دەبێتە پارێزگاری کەرکووک، نابێت بەشێک بووبێت لە خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر" .

## کۆمیسیۆن دەستی بە کردنەوەی سندووقە قردێلە سوورەکان کرد

**ڕووداو- هەولێر**

گوتەبێژی ئەنجوومەنی کۆمیسیارانی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، دەستیان کردووە بە کردنەوەی ئەو سندووقانەی قردێلەی سووریان لێدراوە. شێروان زرار، گوتەبێژی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە ڕۆژی یەکشەممە 2018/10/14 وە لیژنەیەکی تایبەت خەریکی کردنەوە و جیاکردنەوەی دەنگەکانی ناو ئەو سندووقانەن کە قردێلەی سووریان لێدراوە". گوتەبێژی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران دەشڵێت: "ژمارەی ئەو سندووقانەی قردێلەی سووریان پێوەیە، 228 سندووقن، نزیکەی دەنگی چوار کورسییان تێدایە، بەڵام مەرج نییە دەنگی ئەو سندووقانە هەمووی بسووتێ، چونکە سندووق هەیە کێشەیەکی بچووکی هەیە، بەڵام قردێلەی سووری لێدراوە، لەدوای لێکۆڵینەوە لەو سندووقانە ئەنجوومەنی کۆمیسیاران بڕیار لەبارەیانەوە دەدات".



ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە (525) - دووشەممە 2018/10/15

### بڕیارەکە سێ مانگە دەرچووە

# داخستنی پاڵاوگەی نایاسایی لە دهۆک و سلێمانی بەرەوڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

بڕیاری داخستنی پاڵاوگە نایاساییەکان ئەگەرچی سێ مانگە دەرچووە، بەڵام تا ئێستا جگە لە هەولێر، لە هیچ پارێزگایەکی دیکە جێبەجێ نەکراوە. ئەنجوومەنی پارێزگاکانیش پێیانوایە کە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی وەزارەتی ناوخۆوە بەجدی کار لەسەر دۆسیەکە بکات و ئاسەواری پاڵاوگە نایاساییەکان نەهێڵێت.

غالب محەممەد، سەرۆکی لیژنەی نەوت و وزە لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تاوەکو ئێستا هیچ پاڵاوگەیەک لە سنووری پارێزگای سلێمانی تێکنەدراوە، چونکە ئەو پاڵاوگانە هی بەرپرسەکانن، بۆیە سەد ساڵی دیکەش ئەو پاڵاوگە نایاساییانە تێکنادرێن".

### شۆفێران ساڵانە 15 ملیار دینار زەرەر دەکەن

غالب محەممەد گوتیشی: "ساڵانە بایی 15 ملیار دینار فیول پەمپی ئۆتۆمبێل بەهۆی سووتەمەنی خراپەوە لە هەرسێ پارێزگاکە تێکدەچن، ئەمە بەرەڵڵاییە، خەڵک دەبێت بزانێت دەسەڵاتدارەکان بازرگانی بە خوێنیانەوە دەکەن، 100% ڕێژەی شێرپەنجە زیادی کردووە، عێراق بتوانێت ئیدارەی 15 پارێزگا بدات لە سووتەمەنی بەنزین بە کوالێتی باش و هیچ کێشەیەکی نەبێت، بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەتوانێت ئیدارەی سێ پارێزگا بدات و هەرکەسێک بیەوێت پاڵاوگەی نایاسایی دابنێت و نرخی سووتەمەنی گران بکات؟".

ئەو گوتیشی کە حکومەت خۆی 3 پاڵاوگەی هەیە "با گرنگی بەوانە بدات و ئەوانەی دیکە کە نایاساییین هەموویان دابخرێن و تێکبدرێن".

سەرۆکی لیژنەی نەوت و وزە لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی خاوەنی پاڵاوگە نایاساییەکان بە مافیا ناودەبات و دەڵێت: "لە سنووری پارێزگای سلێمانی 41 پاڵاوگە هەن، هەموویان بە ئەمبارەکانیشیانەوە نایاساییین، خاوەنی پاڵاوگەکان مافیان و چەکداریان هەیە، دوو لیوای نەوت و غاز هەیە، ئەگەر دەسەڵاتی داخستن و تێکدانی ئەو پاڵاوگە نایاساییانەیان نەبێت ئەی بۆ هەن و ئیشیان چییە؟ پێویستە وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایش کە دونیایەک پارەیان لەبەردەستە، لەسەر ئاستی باڵا ئەو پاڵاوگانە تێکبدەن".

حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای داخستن و تێکدانی پاڵاوگە نایاساییەکانی لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر کردووە، بەڵام بە گوتەی ئەندامانی، ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر بڕیارەکەی نەگشتاندووە و جێبەجێکردنیشی لە داخستن و سزای داراییدا هێشتووەتەوە و هیچ پاڵاوگەیەک بەتەواوی تێکنەدراوە.

### مۆڵەتیان بەناوی کارگە وەرگرتووە

ڕزگار سدقی، ئەندامی لیژنەی سامانە سرووشتییەکان لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک دەڵێت: "نزیکەی 100 پاڵاوگەی نایاسایی لە سنووری پارێزگای دهۆک هەن، کە بەسەر نزیکەی 40 پارچە زەویدا دابەشبوونە، ئەو پاڵاوگانە بەناوی کارگە مۆڵەتیان وەرگرتووە، بەڵام دواتر کراون بە پاڵاوگەی نایاسایی، هەموو پاڵاوگەکان نایاساییین و کوالێتی بەرهەمەکانیان باش نییە و تێبینیی زۆریان لەسەرە، سەرەڕای ئەوەش دانەخراون، بە کەمی هەر کاردەکەن، بڕیاری داخستن و تێکدانیان کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیران دەرچووە جێبەجێ نەکراوە".

### زۆرترینیان لە سنووری هەولێرن

پارێزگای هەولێر زۆرترین چاوی لەسەرە، چونکە زۆرترین پاڵاوگەی نایاسایی لێن، بۆیە زۆرترین ڕەخنە لە بەرپرسانی هەولێر دەگیرێت کە بڕیارەکانی داخستن و تێکدانی پاڵاوگە نایاساییەکان جێبەجێ ناکەن. کەنعان خەیلانی، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر لەبارەی بڕیارەکەوە دەڵێت: "بڕیارێکی زۆرباشە، پارێزگار و قایمقامیەتی قەزای ناوەندیی هەولێر لیژنەیەکیان دروستکرد و بەدواداچوونیان بۆ پاڵاوگە نایاساییەکان کرد، هەندێکیان سزای ماددی دراون و هەندێکیشیان داخراون، بەڵام بە داخستن کێشەی ئەو پاڵاوگە نایاساییانە چارەسەر نابێت، بەڵکو دەبێت هەڵبگیرێن و ئاسەواریان نەهێڵدرێت، چونکە کاریگەری زۆر خراپیان لەسەر ژینگە هەیە".

سەرۆکی لیستی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر پێیوایە کە دەبێت حکومەت لیژنەیەکی باڵا و خاوەن دەسەڵات بۆ داخستنی پاڵاوگە نایاساییەکان دروستبکات "ئەو لیژنانەی بەدواداچوون بۆ پاڵاوگە نایاساییەکان دەکەن ڕێگری زۆریان لێدەکرێت لەلایەن خەڵکی دەسەڵاتدارەوە، چونکە ئەو کەسانەی ئەو پاڵاوگانەیان هەیە کەسانی باڵادەستن، بۆیە ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە، ئەگەر لیژنەیەکی باڵا لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست نەکرێت و وەزیری ناوخۆ بە بەردەوام لەسەر هێڵ نەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کەسانە، ناتوانرێت بڕیارەکە جێبەجێ بکرێت، کێشەکە تەنیا لە سنووری ناوەندی هەولێر نییە، بەڵکو لە سنووری قەزای مەخموور و خەبات و کۆیەش هەیە و پاڵاوگەی نایاسایی زۆری تێدان کە زیاتر لە 300 پاڵاوگەی نایاسایی دەبێت، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی وەزارەتی ناوخۆ کار لەسەر بڕیارەکە بکات".

### لە هەولێر 23 پاڵاوگە تێکدراون

نەبەز عەبدولحەمید، قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر ڕەتیدەکاتەوە بڕیارەکە لە هەولێر جێبەجێ نەکرابێت و دەڵێت: "ماوەیەکە بڕیارەکە دەرچووە و ئێمە پێشتریش کارمان لەسەر داخستنی پاڵاوگە نایاساییەکان کردووە و چەند پاڵاوگەیەکمان داخستوون و مامەڵەی یاساییمان لەگەڵ کردوون، هەروەها پێشتر 23 پاڵاوگەی نایاساییمان تێکداون کە لە سنووری دەسەڵاتی ئێمە بووە و ناتوانن دووبارە کاربکەنەوە، تاوەکو ئێستا تەنیا لە هەولێر بڕیارەکە جێبەجێ کراوە".

نەبەز عەبدولحەمید گوتیشی: "لیژنەیەک لە وەزارەتی ناوخۆ کار لەسەر ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکات و ڕۆژی 2018/10/9 لیژنەیەکیان پێکهێناوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر و ڕێکخراوتر کار لەسەر داخستن و تێکدانی پاڵاوگە نایاساییەکان بکرێت".



سەرۆکی لیژنەی نەوت و وزە لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی خاوەنی پاڵاوگە نایاساییەکان بە مافیا ناودەبات

> **سەرۆکی لیژنەی نەوت و وزە لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی**
> تاوەکو ئێستا هیچ پاڵاوگەیەک لە سنووری پارێزگای سلێمانی تێکنەدراوە

> زیاتر لە **450** پاڵاوگەی نایاسایی لە هەرێمی کوردستان هەن

> لە هەولێر **23** پاڵاوگە تێکدراون

# پەرلەمانتارانی خولی نوێ گۆچانێک و چاویلکەیەکی ڕەش وەردەگرن

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو – سلێمانی**

عوسمان خەلیفە، ماوەی چارەکە سەدەیەکە بەهۆی هەڵگرتنەوەی مینەوە بینایی چاوەکانی لەدەستداوە، ئەو تاوەکو ئێستا ئەو ڕۆژەی بیرنەچووەتەوە کە دوای هەڵگرتنەوەی زیاتر لە 7 هەزار و 500 مین، چاوەکانی لەدەستدا و هاوڕێکەشی گیانی لەدەستدا. عوسمان دوای ئەو ڕووداوە بیر لەوە دەکاتەوە کە چۆن بتوانێ ببێتە فریادڕەس و هاوکارێکی باش بۆ نابینایان و ئازارەکانیان کەم بکاتەوە، "من هیچ شتێک نابینم، بەڵام دەتوانم ترووسکاییەک بخەمە ژیانی ئەوانەوە."

ئەو سەرەتا سەنتەرێکی دروستکرد و ناوی لێنا "ڕۆشنایی". هەموو چالاکی و پرۆژەکانی ئەو سەنتەرە بە ئامانجی خزمەتکردنی نابینایانە و بیری لەوە کردووەتەوە کارێک بکات، لە ماوەی چوارساڵی داهاتوودا پەرلەمانتارانی خولی پێنجەم نابینایانیان لەبیرنەچێت. ئەو، ئامادەکاریی تەواوی کردووە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکەی و چاوەڕوانە یەکەم کۆبوونەوەی خولی نوێی پەرلەمان بەڕێوەبچێ.

لە ڕۆژی جیهانیی گۆچانی سپیدا، سەنتەری ڕۆشنایی چەند چالاکییەک بەڕێوە دەبەن بە ئامانجی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بەرامبەر نابینایان و هاوکاریکردنیان لەلایەن کۆمەڵگە و حکومەت و داوودەزگاکانەوە "کاتێک دەتەوێ بە کەسێک بڵێی نابینایان ژیانیان قورسە، خەڵک بەباشی لەوە تێناگەن و دەبێ بە کردار تێیانبگەیەنی کە نابینایەک چۆن دەژی و چۆن و بە چ دژوارییەک هەڵسوکەوت دەکات."

یەکێتی نابینایانی جیهان لە ساڵی 1948 دامەزراوە و هەموو ساڵێک لە 15ی ئۆکتۆبەردا یادی گۆچانی سپی دەکەنەوە بۆئەوەی مافەکانی نابینایان بچەسپێندرێت. هاوکات ئەوە دووپات دەکەنەوە کە وەک نابینایان دابڕاو نین لە پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگە. لەو ڕۆژەدا لە سەرتاسەری جیهانەوە دروشمی جیاواز لە بارەی کەمکردنەوەی نەهامەتییەکانی ژیانی نابینایان بەرز دەکرێنەوە.

سەنتەری ڕۆشنایی لەو ڕۆژەدا، بەجۆرێکی دیکە یادی گۆچانی سپی دەکاتەوە و 111 گۆچان و 111 چاویلکەی ڕەشیان ئامادە کردووە. چاویلکەکان بە جۆرێکن ئەوکەسانەی لەچاوی دەکەن دەرەوە نابینن و ژیان لەبەرچاویان تاریک دەبێت. گۆچان و چاویلکەکان دەدرێنە ئەو کەسانەی بوونەتە ئەندامی خولی پێنجەمی پەرلەمان و لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی 30 ئەیلول سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، بەڵام بەڕێوەبەری سەنتەری ڕۆشنایی دەڵێ بەهۆی ئەوەی کە کۆمیسیۆن تاوەکو ئێستا بەتەواوی بەربژێرە دەرچووەکانی یەکلایی نەکردووەتەوە، "بڕیارمان داوە گۆچان و چاویلکەکان هەڵبگرین بۆ ئەو ڕۆژەی کە پەرلەمانتاران سوێندی یاسایی دەخۆن، دەمانەوێ لەپاڵ ئەو سوێندخواردنەدا پەرلەمانتاران بەڵێنمان پێبدەن کە داواکانی نابینایان لە پرۆژە یاساکاندا جێگە بکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن لەو ڕێگەیەوە خەمەکانیان بگەیەننە حکومەت."

هێڤیدار ئەحمەد، لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بووەتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ئەو دەڵێ خۆم دەبینم، کە دەشبینم بەدڵنیاییەوە هەست بە خەم و ئازارەکانی نابینایان دەکەم "خەڵکی هەیە چاوی هەیە، بەڵام وەک ئەوان بیرناکاتەوە، ئێمە ئەرکمانە لەڕێگەی حکومەتەوە هەموو کارێکیان بۆ بکەین، بەڵام دەبێت لەپاڵ ئەوەدا ئەو هەڵوێستە مەدەنیانەی ئەوان بەهەند وەربگرین، کە لەو ڕێگەیەوە داواکانیان دەخەنەڕوو". هەروەها گوتیشی: "ئەوان دەیانەوێت لەو ڕێگەیەوە بەبیرمان بهێننەوە کە خۆشگوزەرانییان بۆ دەستەبەربکەین، بەڵام ئێمە پێش ئەوان خەمەکانی ئەوانمان لەبیرە کە لەبیریان ناکەین."

پەرلەمانتاران بەرلەوەی چاویلکە ڕەش و گۆچانە سپییەکانیان پێبگات، بەڵێن دەدەن ئەوان لە بیر نەکەن و نوێنەرایەتییەکی دڵسۆزانەی ئەوان بکەن لە پەرلەماندا.

شێرکۆ حەمەئەمین، وەک بەربژێرێکی بزووتنەوەی گۆڕان ئەوەی بۆ یەکلایی بووەتەوە کە بۆ دووەم خول لەسەریەک پەلەمانتارە، بەڵێنیان پێدەدات وەک پەرلەمانتار ئەوەی بتوانێت بۆ نابینایانی بکات "من لە ئێستاوە خۆم ئامادە دەکەم لەبەردەرگای پەرلەمانەوە پێشوازی لە نابینایان دەکەم، بەچاویلکە و گۆچانی سپییەوە دەچمە باڵەخانەی پەرلەمان."

لە هەرێمی کوردستان، بەپێی ئاماری یەکێتی نابینایانی کوردستان، نزیکەی 7 هەزار نابینا و کەمبینا هەن. لە دوو ساڵی ڕابردوودا لە دوای مامۆستایان، خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان زۆرترین خۆپیشاندانیان کردووە. ئەوەش بەهۆی کەمکردنەوەی مووچەکانیان.

نابیناکان دەڵێن لە چالاکییەکانیاندا پەیامی هاوکاری و هۆشیاری بۆ کۆمەڵگە دەنێرن، لەو ڕۆژەدا گۆچانی سپی دابەش دەکەن بەسەر نابینایاندا کە بەگۆچانی زیرەک نێوی دەبەن و لەلایەن چەند شارەزایەکی نابیناوە چۆنێتی بەکارهێنانی گۆچانەکە بۆ نابیناکان شیدەکەنەوە.

هەروەها نمایشی چەند ئامێرێکی زیرەک دەخەنەڕوو کە لەلایەن نابینایانی کوردستانەوە دروستکراون و دەنگ و ڕەنگەکانیان بۆ جیادەکاتەوە و لە ڕێگەی لەرینەوەوە ئاگاداریان دەکاتەوە لەو بەربەستانەی دێنە بەردەمیان. جگە لەوەش ئامێرێکی دروستکراوی ئاڵا هەڵکردن نمایش دەکەن و تابلۆی چەند نابینایەک نمایش دەکەن کە بەهۆی شەڕی چەکدارانی داعشەوە نابینا بوون.

# بە دوو قۆناغ ئەنجوومەنی پارێزگاکان هەڵدەوەشێنەوە

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

بەهۆی ناڕوونیی چارەنووسیانەوە، ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک، زیاد لە جارێک نووسراویان ئاراستەی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران کردووە بۆ ئەوەی بڕیارێک لەبارەیانەوە بدرێت، بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە دەزگا پەیوەندیدارەکان و بەشێک لە حیزبەکانەوە دەستیکەوتووە، وەڵامەکانی پەرلەمان و حکومەت بە دڵی ئەوان نابن. سکرتێری پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: "ئەم خولەی پەرلەمان دەرفەتی ئەوەی نەماوە باسی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بکات، خولی پێنجەم بڕیار لە چارەنووسیان دەدات".

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەبێ ئەنجوومەنی پارێزگاکان بەهۆکاری دروستبوونی ئەو بۆشاییە یاساییە دەزانێت کە ڕووبەڕوویان بووەتەوە. ئەو دەڵێت: "ئێستا ئێمە بەهۆی بەسەرچوونی یاسای کارکردنمانەوە، تەنیا دەوامی خۆمان دەکەین و ئەو یاسایەی پاڵپشتی دەکردین بۆ بڕیارەکانمان، تەمەنی بەسەرچووە".

ڕۆژی 24ی ئاداری 2017 تەمەنی یاسایی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کۆتایی هات، بەڵام یاسای ئەنجوومەنەکە هیوایەکی بۆ چارەسەرکردنی ئەو جۆرە بارودۆخە هەڵگرتبوو کە ئەویش درێژکردنەوەی 90 ڕۆژی دیکە بوو بۆ تەمەنی کارکردنیان. ڕۆژی 23ی ئەیلولی ڕابردوو ئەو وادە زیادکراوەش کۆتایی هات.

عەلی ڕەشید، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر دەڵێت بەسەرچوونی ماوەی یاساییان دەستی بەستوون لە زۆر کار و چالاکی "ناتوانین کۆبوونەوە بکەین، بڕیار بدەین، چاودێری بکەین، تەنیا بۆ ئاسوودەکردنی ویژدانی خۆمان دەچینە دەوام، یان بۆ پێشوازی لە میوان و کونسوڵی وڵاتان".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کاروباری ئەنجوومەنی پارێزگاکان بە (ڕووداو)ی گوت، دیارینەکردنی وادەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان وەک دەرفەتێکی لێهاتووە بۆ ئەوەی حکومەت و پەرلەمان پێکەوە لە ماوەی داهاتوو چارەنووسی ئەو ئەنجوومەنانە یەکلایی بکەنەوە "چونکە ئێستا بۆچوونێک هەیە کە پێیوایە ئەو ئەنجوومەنانە هەڵبوەشێندرێنەوە و لە بەرامبەردا دەسەڵاتی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان فراوان بکرێ".

ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، زۆرتر لەوبارەیەوە دوا و گوتی: "بۆچوونێکی دیکەش ئەوەیە بمێننەوە، بەڵام دەسەڵاتەکانیان زۆر کەم بکرێتەوە، بە جۆرێک پارێزگار لە دەرەوەی ئەنجوومەنەکان دیاری بکرێ و پارێزگار لە ژێر چاودێریی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا نەبن".

تاوەکو ئێستا دوو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوون، یەکەم لە 31ی کانوونی دووەمی 2005 و دووەمیش لە 30 نیسانی 2014 کە هەڵبژاردنی دووەمیان زیاتر لە مانگێکی خایاند، تاوەکو کۆمیسیۆن ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکەی ڕاگەیاند.

ڕێکەوت زەکی، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێت: "ئاگاداری ئەوەیە کە بۆچوونێک دروستبووە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کەمبکرێتەوە و پارێزگارەکان لە دەرەوەی ئەنجوومەن دیاری بکرێن و لە بەرامبەردا شارەوانییەکان دەسەڵاتیان فراوانتر بکرێت " بەڵام پێموانییە لەم قۆناغەی ئێستا ئەنجوومەنی پارێزگاکان نەمێنێ، چونکە شارەوانییەکان ناتوانن ڕۆڵی ئەنجوومەنی پارێزگا ببینن".

هەر لەوبارەوە د. سامی حوسێن، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت: "تەنیا خولی نوێی پەرلەمانی کوردستان دەتوانێ ئەو کارە بکات "یان یاساکەیان بۆ هەمواردەکەنەوە، یان بڕیارێکیان لەبارەوە دەدەن، چونکە ئەنجوومەنی پارێزگاکان بە یاسا کاردەکەن، بەڵام ئەنجوومەنی شارەوانییەکان ڕێنمایی کارکردنیان بۆ دەرچووە، بۆیە شارەوانییەکان ناتوانن جێگای ئەنجوومەنی پارێزگاکان بگرنەوە بەو شێوەیەی ئێستا".

بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە چەند بەرپرسێکی ئاگادار لە کاروباری ئەنجوومەنی پارێزگاکانەوە دەستیکەوتوون، لەم خولە نوێیەی پەرلەماندا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگاکان نادرێت، بەڵام دەسەڵاتەکانیان کەمدەکرێنەوە و لە خولی داهاتووی پەرلەماندا هەڵدەوەشێندرێنەوە.

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێت: "بەشێک لە ئەندامەکانمان لە هیچ فەرمانگەیەکی حکومەتدا نین، ئەگەر بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئێمە درا، پێویستە بڕیارێک دەربچێ کە ئەم فەرمانبەرانەی ئێمە خانەنشین دەکرێن یان چیان بەسەردێت".

سکرتێری پەرلەمانی کوردستان، دەڵێ مشتومڕی داهاتووی ئەنجوومەنی پارێزگاکان هەروا بە ناڕوونی ماوەتەوە و ئەم خولەی ئێستای پەرلەمان تەنیا یەک کۆبوونەوە ئەنجامدەدات " لەو کۆبوونەوەیەش باسی ئەو پرسە ناکرێت". بێگەرد تاڵەبانی گوتیشی: " بۆچوونێکی دیکە ئەوەیە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان ئەنجامبدرێ و بۆچوونەکان زۆرن، بەڵام دەبێت پێش هەموو شتێک بۆچوونە جیاوازەکان یەکبخرێن و خولی نوێی پەرلەمان بڕیاری کۆتایی لەسەر ئەوە بدات".



تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان تەنیا دووجار هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بەڕێوەچووە

## ئەبوبەکر عەلی، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو:

# نابێت یەکگرتوو تەنیا ڕووی دەمی لە ئیسلامییەکان بێت



نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

ئەندامێکی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کەمبوونەوەی دەنگەکانی یەکگرتوو بە وێستگەیەکی گرنگ دەزانێ بۆ ئەوەی ئەو حیزبە بەخۆداچوونەوەی جدی بکات، پێیوایە کەمبوونەوەی دەنگەکانی ئەوان زیاتر لە هۆکارێکیان لە پشتەوەیە و ئاماژە بەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەکات، وەک سەرەتای دەرکەوتنی نائومێدی لای دەنگدەرانی ئەو حیزبە "ئەو هەڵبژاردنە ساختەکارییەکی

**یەکگرتوو پێویستە لەسەر ئاستە فراوانەکەی سیاسەت کاربکات**

گەورەی تێدا کرا و بەوهۆیەوە دەنگدەر بەتەواوی سارد بوونەوە لە هەڵبژاردن و ئەو تێگەیشتنەیان لا دروستبوو کە هەڵبژاردن و دەنگدان گۆڕانکاری دروستناکەن".

ئەبوبەکر عەلی، زیاتر لە هۆکارێک باس دەکات بۆ ئەو شکستە قورسەی یەکگرتوو تێیکەوت، شکستێک کە تاوەکو ئێستاش نێو بارەگا و ئۆرگانە فەرمییەکانی ئەو حیزبەی پڕکردووە لە قسەوباسی گەرم لەبارەی وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەوەی کە بۆچی کەوتنە ئەو دۆخە ناهەموارەوە؟

ئەو شێوازی کارکردنەی ئێستا یەکگرتوو پێڕەوی دەکات، بەلای ئەبوبەکرعەلییەوە بۆ ئەوە ناشێت هیوای سەرکەوتنی گەورەی لەسەر بونیاد بنرێت و دەڵێ، پێکەوەگرێدانی کاری سیاسی و بانگخوازی لە مێژە قسەی لەسەر دەکرێ "دەبێت یەکگرتوو ببێتە هێزێکی سیاسی ڕۆشن و ببێتە چەترێکی بەرفراوانتر و تەنیا ڕووی دەمی لە ئیسلامییەکان نەبێت، بەڵکو واقیع بخوێنێتەوە و ڕووبەرێکی فراوانتری هەبێت بۆ کارکردن".

ئەبوبەکر عەلی لەبارەی پەیامی بانگەشەی هەڵبژاردنی یەکگرتووی ئیسلامیش دەڵێت: "یەکگرتووی ئیسلامی، گوتارێکی ڕوونی نەبوو. دەنگدەر بەباشی تێنەدەگەیشت کە یەکگرتووی ئیسلامی دەیەوێ چی بکات و چۆن ڕووبەڕووی دۆخەکان دەبێتەوە".

ئەو بەرپرسیارێتییەکە دەخاتە ئەستۆی سەرکردایەتی یەکگرتوو "چونکە لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەرپرسیارێتییەکان و ئیدارەدانی کێشەکان و دۆزینەوەی دەرفەتی باشتر بۆ کارکردن، سەرکەوتوو نەبوون".

لەبارەی تێکەڵکردنی کاری بانگخوازی و سیاسەت لای یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، ئەبوبەکر عەلی دەڵێت: " هێشتا لەنێو یەکگرتووی ئیسلامی کەسانێک هەن وای دەبینن گەڕانەوە بۆ کاری بانگخوازی و پەروەردەیی ڕێگایەکی باشە بۆ ئەوەی یەکگرتوو بەهێز ببێتەوە، بەڵام ئەوەش بۆچوونە و دەکرێ ئەوانەی لەناو یەکگرتوو ئەوە دەخوازن، بۆخۆیان چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ خۆیان دیاری بکەن و بەوشێوەیە کاربکەن، بەڵام من هەمیشە لەوانە بووم کە پێموابووە یەکگرتوو پێویستە لەسەر ئاستە فراوانەکەی سیاسەت کاربکات".

هەمیشە یەکگرتوو وەک دۆستی نزیکی پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیا (ئاکەپە) سەیر دەکرێ.ئەو حیزبەی لە ماوەی ساڵانێکی کەمدا هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی تورکیای گرتە دەست و هەموو حیزبەکانی تورکیای خستە پەراوێزەوە. لەبارەی ئەو پرسیارەی بۆچی یەکگرتوو نەیتوانیوە لە کوردستان وەک ئاکەپە بکات؟ ئەبوبەکر عەلی دیسان ڕەخنە لە سەرکردایەتی یەکگرتوو دەگرێ و دەڵێت:

**لە کوردستان دەنگدەر بە سیاسەتی نەرم پێشوازیت لێناکات**

"یەکگرتوو ئەو سەرکردایەتییەی نەبووە کە بتوانێ وای لێبکات، دیدگای خۆی بۆ شتەکان بگۆڕێت و لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا نەمێنێتەوە و بەپێی گۆڕانکارییەکان و ڕووداوەکان خۆی ئەبدەیت بکاتەوە. ئەوە سەرکردایەتی یەککگرتوو بووە کە نەیتوانیوە زەمینەی بەرفراوانی کارکردن بڕەخسێنێ".

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، هەمیشە سیاسەتێکی هاوسەنگی لە نێوان ململانێکانی پارتی و یەکێتی ڕەچاو کردووە. ئەوەی کە وایکردووە یەکگرتوو ئەو سرووشتە وەربگرێ، بوونی ڕێکخستنەکانیەتی لە تەواوی ناوچەکانی کوردستان. ئەبوبەکر عەلی دەڵێت: " ناکرێ لە بیری بکەین کە یەکگرتووی ئیسلامی کێشەی ئیدارەدانی جیاوازییەکانی نێوان بادینان و سۆرانی هەیە، دەتوانم بڵێم لە دوو سێ ساڵی ڕابردوودا، سەرکردایەتی یەکگرتوو زۆرتر بەپێی بیرکردنەوە و خواستی بەشەکەی بادینان هەڵسوڕاوە، هەرچەندە ئەندامە سادەکانی یەکگرتوو لە بادینان بن یان لە سلێمانی، وەک یەک بیردەکەنەوە، بەڵام قسە و ڕای سەرکردایەتی یەکگرتوو لە بادینان، لەو دووساڵەی ڕابردوودا بووەتە سیاسەت و هەڵوێستی یەکگرتوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکان و پێشهاتەکان".

هەروەها دەڵێت: " یەکگرتووی ئیسلامی لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، هەمیشە دۆخی هەرێمی کوردستانی لەبەرچاو گرتووە، ئەوەندە لەخەمی خۆی و نێوخۆی حیزبەکەدا نەبووە و ئەوەش وایکردووە ئەو جیاوازییانە لەنێوان بادینان و سلێمانی زەق ببنەوە".

بەپێی ئامارەکانی ژووری هەڵبژاردنی یەکگرتوو، ئەو حیزبە لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان 186 هەزار و 642 دەنگی هێناوە، بەڵام ئەمساڵ بەپێی ئەنجامە بەراییەکان 69 هەزار و 477 دەنگی هێناوە و ئەمەش بە خراپترین ئەدای خۆی دەژمێرێت، لە ماوەی 15 ساڵی ڕابردوودا.

بنکەی جەماوەریی یەکگرتوو پێشتر دابەزینی ئاستی جەماوەریی حیزبەکەیان دەخستە ئەستۆی محەممەد فەرەج، ئەمینداری پێشووی یەکگرتووی ئیسلامی، بۆیە لە کۆنگرەی ڕابردووی حیزبەکەدا سەلاحەدین محەممەد بەهائەدین، ئەمینداری پێشووتری حیزبەکەیان وەکو فریادڕەس

**سیاسەتی یەکگرتوو لە دووساڵی ڕابردوودا شوێندەستی بادینانی بەسەرەوە بووە**

کردەوە بە واجیهە، بێ ئەوەی ئەم جێگۆڕکێیە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ڕاگرتنی ئەو هەڵوەرینە هەبێ.

ڕاپۆرت
رووداو
ژمارە ( 525 ) - دووشەممە 2018/10/15



## پێدانی کارەبای نیشتمانی زیاد دەکات

**رووداو- هەولێر**

ئومێد ئەحمەد، بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی کارەبای هەرێمی کوردستان رایگەیاند "بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواوە، لۆد لەسەر کارەبای نیشتمانی کەمبووەتەوە و بەوهۆیەشەوە دوو کاژێر کارەبای نیشتمانی زیاد دەکات، واتە تاوەکو وەرزی زستان لە 24 کاژێردا 20 بۆ 22 کاژێر کارەبای نیشتمانی دەدرێتە هاونیشتمانییان. ساڵانە لە وەرزەکانی هاوین و زستاندا و بەهۆی زۆر بەکارهێنانی کارەباوە، کارەبای نیشتمانی کەمدەکات، ئێستا لە 24 کاژێردا رۆژانە 18بۆ 20 کاژێر کارەبای نیشتمانی دەدرێت. هەرێمی کوردستان نزیکەی ملیۆنێک و 500 هەزار هاوبەشی کارەبای هەیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێ لە رێگەی سیستەمی زیرەکەوە، کۆنترۆڵی بەفیڕۆچوونی کارەبا بکات و ئێستا کار بۆ دەستپێکردنی ئەو سیستەمە دەکرێت.

کورد پاش خەلافەتەکەی داعشیش هاوبەشێکی ستراتیژیی رۆژئاوایە

## ناوەندێکی بەریتانی:

# گرتنەوەی هاوکارییەکانی ئەمریکا لە کورد هەڵەیەکی ستراتیژییە

**رووداو- هەولێر**

لە ناوەڕاستی 2014 وە کۆمەڵێک رووداو و گۆڕانکاری کاریگەرییان لەسەر پێگەی باشووری کوردستان و رۆژئاڤای کوردستان داناوە، لەوانەش هێرشەکانی داعش لە عێراق و سووریا، پێشڕەویی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکان، کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی سووریا لەلایەن هێزەکانی رۆژئاڤا، شکانی داعش لە عێراق و سووریا، گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلولی پارساڵ و رووداوەکانی ئۆکتۆبەر. ناوەندی نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوە لە بارەی رادیکاڵیزاسیۆن (ICSR)ی بەریتانی لە راپۆرتێکدا کۆی رووداوەکانی چوار ساڵی رابردووی ئەو دوو پارچەیەی کوردستان و پەیوەندییان بە داهاتووی هەردوو ناوچەکە دەخاتەڕوو.

### داعش و دەرکەوتنەوەی کورد

بەپێی فاکتبوکی ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندی ئەمریکا (CIA) ، کورد ناوچەیەکی جیۆستراتیجی گرنگی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست گرتووە، کە تێیدا 14.5 ملیۆن کورد لە تورکیا (٪19ی دانیشتووان)، شەش ملیۆن کورد لە ئێران (٪10ی دانیشتووان)، پێنج بۆ شەش ملیۆن کورد لە عێراق (15 بۆ ٪20ی دانیشتووان) و دوو ملیۆن کورد لە سووریا (٪9.7ی دانیشتووان) دەژین، بەو حاڵەشەوە لە پەراوێزی رووداوە مێژووییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا سەیر دەکران.

راپۆرتەکەی (ICSR) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "کورد، بەتایبەتیش کوردی عێراق و سووریا، پاش ئەوەی راستەوخۆ لە شەڕی دژی داعشدا بەشدارییان کرد، لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا دەرکەوتن". لە ساڵی 2014 ئیدارەی باراک ئۆباما، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، سیاسەتی بەهێزکردنی ئەکتەرە خۆجێییەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش راگەیاند و ئامادەکاری راپۆرتەکە پێیوایە "قازانجی سەرەکیی ئەو سیاسەتە بەر کورد کەوت"، لە کاتێکدا هێزەکانی پێشمەرگە و شەڕڤانانی یەپەگە لە نێو "هاوبەشە بنەڕەتییەکانی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژی داعشدا بوون".

هێرشی 2014ی داعش لەسەر ئاستی نێوخۆش دەرفەتێکی زێڕینی بە کورد بەخشی، کاتێک هێزە عێراقییەکان لە ترسی هێرشی داعش لە ناوچە کێشەلەسەرەکان کشانەوە و هێزەکانی پێشمەرگە بە خێرایی کۆنترۆڵی ٪90ی ئەو ناوچانەیان گرتەدەست. بە گوێرەی راپۆرتەکە، بەغدا لە سەرەتاوە ترسی ئەوەی لێنیشتبوو کە "سەرکردە کوردەکان بەنیاز بن ئەو ناوچانە بخەنە ناو ئەو دەوڵەتە کوردییەی دەکرا لە داهاتوودا دروست ببێ". ئەوکات مەسعود بارزانی، سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان، لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی (بی بی سی) دا جەختی لەوە کردەوە کە گشتپرسی لە چەند مانگی دواتردا بەڕێوەدەچێ.

### خولیای سەربەخۆیی

بە گوێرەی راپۆرتەکە، حکومەتی بەغدا "وەکو کاردانەوەیەک لە ساڵانی دواتردا هەوڵی لاوازکردن و گۆشەگیرکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دا"، لەوانەش "خاوکردنەوەی پرۆسەی گەیاندنی چەک و هاریکارییە داراییەکانی رۆژئاوا بۆ هەولێر" و دروستکردنی "بەربەست بۆ پەرەپێدانی توانای پێشمەرگە بۆ شەڕی دژی داعش".

ساڵی 2014 حکومەتی عێراق ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی راگرت، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە بەرامبەردا هەوڵەکانی بۆ رێککەوتن لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان چڕکردەوە و بۆڕییە نەوتی نێوان بەندەری جەیهان و کوردستانی دامەزراند. ئێما سکای، شارەزای کاروباری عێراق، لە کتێبی "هەڵوەشانەوە: هیوایەکی بەرز و دەرفەتی لەدەستچوو لە عێراق" جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بەڵگە بوون بۆ ئەوەی دوائامانجی هەولێر ئەوەیە چیدی بۆ داهات و دەسەڵات چاویان لەدەستی بەغدا نەبێ.

بە گوێرەی راپۆرتەکە، لەگەڵ لاوازبوونی داعش رۆڵی کوردیش لە شەڕەکەدا کەمبووەوە، لایەنە کوردییەکانیش دەشێ نیگەرانی ئەوە بووبن کە ئەو بەرچاوییەی جارانیان نەماوە و پشتگیرییە نێودەوڵەتییەکەش کەم بووەتەوە، ئەمەش "مەترسی لەسەر هیوای ئەوان بۆ سەرخۆبوونی زیاتر دروستدەکات". لە دۆخێکی ئاوادا و پێش تەواوبوونی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ، سەرکردایەتی سیاسیی کورد لە هەفتەی یەکەمی مانگی حوزەیراندا، رۆژی 25ی ئەیلوولی 2017 یان بۆ سازدانی گشتپرسی دەستنیشان کرد.

بڕیاری گشتپرسی ناڕەزاییەکی نێودەوڵەتی گەورەی لێکەوتەوە. ناڕەزاییەکان چەند لایەنە بوون، هەندێک لە لایەنەکان، لەوانەش وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، گشتپرسییان بە هەڕەشەیەک بۆ سەر "سەقامگیری ناوچەکە دەزانی". بەڵام ئەمریکییەکان، لەوانەش جەیمس ماتیس، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و برێت مەکگۆرک، نێردەی تایبەتی کۆشکی سپی بۆ هاوپەیمانێتی شەڕی دژی داعش، داوایان دەکرد گشتپرسییەکە بۆ قۆناغی دوای تەواوبوونی شەڕی داعش دوابخرێ.

سەرەڕای گوشارە ناوچەیی ونێودەوڵەتییەکان، کورد گشتپرسییەکەی لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا کرد، کە تێیدا ٪92ی دەنگدەران پشتگیرییان لە جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق کرد. بەڵام کاردانەوە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانیش خێرا بوون. ئێران و تورکیا وێڕای عێراق ئیدانەی گشتپرسییەکەیان کرد، ئەنجامەکەیان رەتکردەوە، هەڕەشەی سەپاندنی سزای قورسی ئابووری، سیاسی و ئەمنییان کرد. ئەمریکا پشتگیری خۆی بۆ "عێراقێکی یەکپارچە" راگەیاند و "گشتپرسی تاکلایەنە"ی رەتکردەوە.

ئامادەکاری راپۆرتەکە پێیوایە "ئیدانە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکەی گشتپرسی جورئەتی ئەوەی بە بەغدا دا" دەست بە هەڵمەتێک لە دژی هەرێمی کوردستان بکات، لەوانەش دانانی گەمارۆ لەسەر گەشتە نێودەوڵەتییەکانی فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان و داخستنی سنووری نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران و دواجاریش رێکخستنی هەڵمەتێکی سەربازی بۆ سەر ناوچە کێشە لەسەرەکان لە رۆژی 16ی ئۆکتۆبەردا.

هەفتەیەک پێش 16ی ئۆکتۆبەر، هێزە عێراقییەکان توانیبوویان لە ماوەیەکی کورتدا شاری حەویجە لە پارێزگای کەرکووک لە دەست داعش دەربکەن. راپۆرتەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئۆپەراسیۆنی حەویجە و خێرایی کۆنترۆڵکردنەوەی شارەکە دەرفەتی ئەوەی بە سوپای عێراق دا "هێزی ئامادەی شەڕ لە نزیک شاری کەرکووک جێگیر بکات"، لە ئەنجامی هێرشەکانیشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان ٪20 ی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی لەدوای 2014ی لەدەستدا. دوو هەفتە دوای هێرشەکانی ئۆکتۆبەریش، مەسعود بارزانی دەستی لە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم هەڵگرت و داوای لە پەرلەمان کرد ماوەکەی درێژ نەکەنەوە.

وەک راپۆرتەکە دەڵێت، هەڵگەڕانەوەی خێرای دەستکەوتەکانی پێشمەرگە لە بەرامبەر هێزە عێراقییەکان لە مانگی ئۆکتۆبەری پارساڵ، "ناکۆکی قووڵ و بەردەوامی نێوان پارتی و یەکێتی، زەقکردەوە"، تاران و بەغداش "ئەم ناکۆکییە نێوخۆییەیان قۆستەوە بۆ ئەوەی بتوانن کەرکووک کۆنترۆڵ بکەن"، بۆ ئەم مەبەستەش "دانوستاندنیان لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کرد بۆ ئەوەی بەر لە پێشڕەوی هێزە ئەمنییەکانی عێراق هێزەکانیان لە پێگەکانی خۆیان لە کەرکووک بکێشننەوە".

راپۆرتەکە بەشێک لە سەرکردایەتی یەکێتی، لەوانەش پاڤڵ تاڵەبانی، بە بەرپرسیاری رێککەوتنەکە ناودەبات، هەرچەندە سەرکردەکانی یەکێتی هەوڵی ناوەختی پارتی بۆ سەربەخۆیی و رێکنەکەوتن لەسەر چارەنووسی بنکە سەربازییەکانی کەرکووک بە هۆکاری لەدەستدانی کەرکووک دەزانن. ئامادەکاری راپۆرتەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەگەر ئەوە بەلاوە بنێین کێ شایانی سەرزەنشتە، ئەوە "رکابەریی نێوان پارتی و یەکێتی زیانی گەورەی بە یەکڕیزیی کورد گەیاند، لە کاتێکدا کورد زیاتر لە هەموو وەختێک پێویستی بە یەکڕیزی بوو".

### داهاتوویەکی روونتر

لە دوای هێرشەکانی ئۆکتۆبەر سەرکردایەتی کورد گلەیی لە ئەمریکییەکان دەکرد کە نەیانتوانی لە کاتی هێرشەکەدا ئەوان بپارێزن، بەڵام کردنەوەی کەمپی نوێی کونسوڵخانەی گشتیی ئەمریکا لە هەولێر و کۆبوونەوەی بەرپرسانی باڵای ئەوروپا لەگەڵ کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان ئاماژەن بۆ ئەوەی پەیوەندییەکان گەرمبوونەتەوە.

راپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "هەرچەندە کوردی عێراق بۆ ماوەیەکی درێژ ئەوەیان لەیادەوەریدا دەمێنێ کە رۆژئاوا نەیتوانی رێ لە هێرشەکانی ئۆکتۆبەری بەغدا (بۆ سەر ناوچە کێشە لەسەرەکان) بگرێ، بەڵام رەنگە هەرێمی کوردستان کە هیچ سنوورێکی دەریایی نییە و لەڕووی ئابووریشەوە لاوازە، لە داهاتووشدا پشت بە پشتیوانی نێودەوڵەتی ببەستێ تاوەکو بۆ ماوەیەک لەڕووی ئابوورییەوە خۆی رابگرێ".

### رۆژئاڤا: سەرکەوتنی کۆبانێ و دەرکەوتنی کورد

بە درێژایی چوار ساڵی یەکەمی شەڕی نێوخۆی سووریا، هێزەکانی رۆژئاڤا و هێزەکانی رژێمی دەسەڵاتدار رووبەڕووی یەکدی نەبوونەوە، ئەمە لەلایەکەوە دەرفەتی ئەوەی بە هێزەکانی رژێم دا فۆکەسیان لەسەر شەڕی ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی سوننە بێ، لەلایەکی دیکەشەوە هەلی دروستکردنی ناوچەیەکی کوردی بۆ پارتی یەکێتیی دیموکراتیک (پەیەدە) رەخساند و مەجالی ئەوەشی بۆ کردنەوە کە هەموو فۆکەسیان لەسەر شەڕی دژی داعش بێ.

ئەم تایبەتمەندییە وای لە ئەمریکا کرد هێزە کوردییەکانی رۆژئاوا وەکو هاوبەشێکی سەرەکی لە شەڕی دژی داعشدا ببینێ، بێ ئەوەی ئەمریکا ناچار بێت خۆی لە شەڕی ئاڵۆزی سووریا وەربدات. بەڵام وەکو مێژووی حەوت ساڵەی شەڕی سووریا سەلماندوویەتی، هەرچەشنە بەشدارییەک لەو شەڕەدا کێشەی دیکەشی بەدواوەیە، وەکو چۆن لە چوار ساڵی رابردوودا هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ هێزە کوردییەکانی رۆژئاڤا کاریگەری گەورەی لەسەر پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و واشنتن داناوە.

### ئەمریکا و کوردی رۆژئاڤا: داهاتوویەکی نادیار

لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا هێزەکانی رۆژئاڤای کوردستان لە ژێر چەتری هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) هێزی پیادەی ئەمریکا و هاوپەیمانان بوون لە سووریا. بەرهەمی ئەم پەیوەندییە رزگارکردنی زۆرینەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش بووە لە رۆژهەڵاتی سووریا کە گرنگترینیان پارێزگای رەققە و رۆژهەڵاتی پارێزگای دێرەزوور بووە. بەڵام پەیوەندییەکانی واشنتن و هێزە کوردییەکانی رۆژئاڤا بێ کێشەش نەبووە، دژایەتی تورکیاش هۆکاری سەرەکی ئەو کێشانە بووە.

تورکیا، بە پێچەوانەی ئەمریکا، یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) بە باڵی سووریای پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) دەزانێ، بۆیەش فراوانبوونی سنووری دەسەڵاتی ئەو هێزانە لە رۆژئاڤای کوردستان و سووریا بە مەترسییەک لەسەر ئاسایشی خۆی دەزانێ، بە بۆچوونی تورکیا رۆژئاڤای کوردستان لە داهاتوودا دەبێ بە قووڵاییەکی ستراتیژیک بەدەست هێزەکانی پەکەکەوە.

تورکیا بەردەوام هەوڵی شکستهێنان بە دەسەڵاتی خۆسەریی رۆژئاڤای کوردستانی داوە، جاری یەکەم بە ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فورات بۆ سەر جەرابلوس و ئەلباب لە باکووری سووریا. بەهۆی ئەم ئۆپەراسیۆنەوە ئەگەری یەکگرتنی کۆبانێ و عەفرین لاواز کرا. هەنگاوی دووەمی تورکیا لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتووندا لە سەرەتای ئەمساڵەوە بۆسەر ناوچەی عەفرین بوو کە بە رەزامەندیی رووسیا و بێدەنگیی ئەمریکا ئەنجامدرا و دوای دوو مانگ کەوتنی عەفرینی لێکەوتەوە.

بە گوێرەی راپۆرتەکە، بێ مەیلیی ئەمریکا لە پشتگیریکردنی یەپەگە لە عەفرین "ئاماژەدار" بوو، بەتایبەتیش کە ئەوەی پیشانی هێزە کوردییەکان دا سنووری تواناکانی ئەمریکا بۆ پاراستنی ئەوان سنووردارە. لە گەرمەی شەڕی عەفریندا ئیدارەی ئەمریکی جەختیان لەوە دەکردەوە کە عەفرین زۆنی دەسەڵاتی ئەوان نییە. ئامادەکاری راپۆرتەکە دەڵێت بەوپێیەی بارودۆخی سووریا بە خێرایی بەرەو گۆڕان دەچێ، دیار نییە "پشتیوانییە سیاسی و سەربازییەکانی ئەمریکا بۆ هەسەدە" هەتا کەی بەردەوام بێ.

لە چەند مانگی رابردوودا تورکیا هەوڵیداوە ئەمریکا رازی بکات بەوەی هێزە کوردییەکان و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەربازی لە شاری مەنبج بکشێنەوە، لەبری ئەوە ئەمریکا و تورکیا پێکەوە ئەنجوومەنێکی ئیداری بۆ شارەکە دروستبکەن و بە هاوبەشی ئاسایشی شارەکە بپارێزن. واشنتن وئەنقەرە رێککەوتنێکیشیان لەبارەی چارەنووسی شارەکەوە کردووە.

راپۆرتەکەی (ISCR) دەڵێت گرنگ نییە ئاخۆ ئەو رێککەوتنە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە یان نا، بەڵکو گرنگ ئەوەیە تورکیا هەموو هەلێک بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتی کورد لە سووریا بەکاردەهێنێ، بەڵام ئەگەر رێککەوتنەکە "بە شێوەیەکی قایلکەرانە جێبەجێ بکرێ، نیگەرانیی تورکیا دەرەوێنێتەوە".

لە کۆتایی ئەو راپۆرتەی ناوەندە بەریتانییەکەدا باسی ئەوە دەکرێ کە هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستاش دەتوانێ "خزمەتی بەرژەوەندییە ئەمنییە نیشتمانییەکانی واشنتن بکات"، لە کاتێکدا داعش هاوشێوەی ئەلقاعیدە دەکرێ جارێکی دیکە سەرهەڵبداتەوە. جیا لەمەش لە ناوچەیەکی پڕکێشەی وەکو رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا "بوونی هاوبەشێک کە هی ئەوە بێت پشتی پێ ببەسترێ، سامانێکی ستراتیژیی بەنرخە، هەرچەندە ئێستا هاوبەشەکە لاوازیش کرابێ".

ناوەندە بەریتانییەکە گرتنەوەی هاوکارییەکانی ئەمریکا لە هەردوو بەشەکەی رۆژئاڤا و هەرێمی کوردستان بە "هەڵەیەکی ستراتیژی" دەزانێ، لەبەر ئەوەی ئەگەر لە داهاتوودا داعش سەرهەڵبداتەوە، بەدەنگەوەهاتنی هێزە لۆکاڵییەکان بۆ بانگەوازی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەپێناوی بەرەنگاربوونەوەی رێکخراوەکە "بەستراوە بە چارەنووسی کوردەوە".



(فۆتۆ: رووداو)

## عوسمان ئۆجەلان، ئەندامی پێشووی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە بۆ (ڕووداو):

# ماوەی سێ ساڵ لەلای پەکەکە دەستبەسەر بووم



عوسمان ئۆجەلان، ئەندامی پێشووی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە و برای ڕێبەری بەندکراوی ئەو حیزبە، لە بەشی سێیەمی ئەم هەڤپەیڤینەدا کە پوختەیەکە لە بەرنامەی (پەنجەمۆر)ی تەلەڤزیۆنی ڕووداو، باسی هۆکارەکانی هەڵگیرسانی شەڕی نێوان پەکەکە و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لە ساڵی 1992. هەروەها باسی هۆکارەکانی وازهێنانی لە پەکەکە و دەستبەسەرکردنی دەکات لەپاش ئەو بڕیارە.

**هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین**

### بەشی سێیەم

**ڕووداو: لە ئەڵقەی پێشوو باسی دەستپێکردنی خەباتی چەکداریی 15ی ئابمان کرد لە باکووری کوردستان، لەماوەی ساڵی 1984 تاوەکو 1990 شەڕی زۆر قورس لەنێوان ئێوە و تورکیا ڕوویاندا، ئەو ئاستەنگانە چی بوون کە هاتنە پێش لەو قۆناغەدا؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** دەستپێکردنی شەڕی چەکداری کاتێکی زۆرتری پێویست بوو، ئەویش بەهۆی تورکیا لە هەموو شوێنێک خۆی ئامادەکردبوو، واتە کۆمەڵگە ئامادەیی ئەوەی تێدا نەبوو بەهەموو شێوەیەک لەدژی کۆماری تورکیا بوەستێتەوە و تێکۆشان بکات. ئەوەش پێویستی بە ئامادەسازی هەبوو. بۆیە یەک فیشەک لە 15ی ئابی 1984 تەقێندرا. ئەوەش بۆ خەڵکی کورد زۆر گرنگ بوو، دەستپێکردنی ژیانێکی تازە بوو. شەڕ بەزۆری لەلایەن گەریلاوە دەکرا، خەڵک زۆر دەترسان، تەقاندنی یەکەم فیشەکی خەباتی چەکداری لە 15ی ئابی 1984 زۆر گرنگ بوو، سەرەتا خەڵک پشتیوانی شۆڕشی نەکرد، بۆیە جاشایەتی بەشێوەیەکی خێرا تەشەنەی کرد و کار گەیشتە ئەوەی هەندێکجار گەریلا نەیدەتوانی خواردنی خۆی لەناو گەل پەیدا بکات.

**ڕووداو: دەگوترێت لە شۆڕشەکەدا پەکەکە سەرەتا تاکتیکی هەڵەی هەبوو، دەڵێن کچ و کوڕی کوردیان دەبردن و بەزۆر دەیانکردنە گەریلا، نازانم ئەمە تا چەند ڕاستە؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** ساڵی 1985 دەستپێکی شۆڕش نەبوو، بەڵکو سەرەتای خەباتی چەکداری بوو، سەرەتا خەڵک بە ئارەزووی خۆی خەباتی شۆڕشگێڕی و چەکداری هەڵدەبژارد، تەنانەت هەندێک خەڵک دژی پەکەکە بوون. ئەوەبوو لە کۆنگرەی سێیەمەوە بڕیاری سەربازیی ناچاری دەرچوو، لە شرنەخ و هەندێک ناوچەی دیکە خەڵکی دەبوو بەناچاری بچنە ڕیزی گەریلاوە. لە ساڵی 1987 و 1988 و تاوەکو 1989 ئەو بڕیارە هەبوو، بەڵام لەدوای ساڵی 1989 پێویستی بەوە نەما خەڵکی بەزۆر بکرێت بە گەریلا، بەڵکو بەشداربوونی گەنجانی کورد لە ڕیزەکانی گەریلادا دەستپێیکرد و بەدڵی خۆیان دەبوونە گەریلا، بەشی زۆریشیان گەنجانی زانکۆ بوون.

**ڕووداو: خەباتی ناچاری لە تورکیا کاریگەری هەبوو لەسەر هاتنی گەنجان بۆ نێو پەکەکە؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** لەدوای ساڵی 1990ەوە گەنجانی کورد ئیتر نەیاندەویست بچن لەنێو سوپای تورکیادا سەربازیی ناچاری بکەن، لەجیاتی ئەوە دەبوونە گەریلا، ساڵانی 1991 — 1993 سێ ساڵی زۆر گرنگ بوون، بە هەزاران کەس هاتنە ڕیزەکانی گەریلاوە، دەرگا کراوە بوو بۆ کچان و کوڕان کە بەشداری خەباتی گەریلایی بکەن، بەتایبەتی گەنجانی خوێندکار. ئەوکات بوونە گەریلا بەجۆرێک زیادی کردبوو، لە چەندین هەرێم وەرگرتنی گەنجان وەستێندرا. چونکە پێویستی بە چەک و مەشق و ڕاهێنان هەبوو. لە ساڵی 1993 ژمارەی گەریلا گەیشتە 13 هەزار کەس.

**ڕووداو: لە ساڵی 1984 تاوەکو 1990 پەکەکە و حکومەت هیچ نزیکبوونەوەیەک لەنێوانیاندا هەبوو، ئەگەر لۆکاڵیش بووبێت؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** لەنێوان حکومەت و پەکەکەدا هیچ نزیکبوونەوەیەک نەبوو، هەمیشە حکومەت لە هەوڵی لەنێوبردنی پەکەکەدا بوو، بە بڕوای حکومەت ئەوانەی لە چیا بوون کەسانی سیاسی نەبوون، بۆیە حکومەت دەیگوت لە ماوەی 72 کاژێر لەناویان دەبەین، یان دەیانگوت لەماوەی مانگێک بۆ دوو مانگ تەواودەبن و کۆتاییان دێت. ساڵێک دوای خەباتی چەکداری شەڕی چەکداری ڕووبەڕووی شکست بووەوە، ئەوەی شەڕەکەشی بەڕێوەدەبرد، دۆران کاڵکان بوو، لەڕاستیشدا گەورەترین هەڵە هی دۆران کاڵکانە. شەڕی حیزبی شیوعی دوران کاڵکان کردی، دەتوانم بڵێم لە مێردین شەڕی کوک و پەکەکە لەلایەن دوران کەڵکانەوە دەستیپێکرد، لە ساڵی 1985 دا لە باشووری کوردستان بەهەمان شێوە شەڕی حیزبی شیوعی و پەکەکە دوران کاڵکان هەڵیگیرساند.

> پەکەکە ماوەی 52 ڕۆژ منیان لەژێر بەردێکدا زیندانی کرد

**ڕووداو: بەڵام تاوەکو ئێستاش دوران کاڵکان لەناو پەکەکەدایە و خۆی ڕاگرتووە، ئەندام و هەواداریشی هەن؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** بەڵێ، ئەوکاتیش لە زستان و لەکاتێکدا بەفر بەڕادەیەکی زۆر دوو بۆ سێ مەتر باریبوو، کاڵکان کادیرەکانی پەکەکەی ناردبوونە هەموو شارەکانی کوردستان، لە ڕێگەدا زۆریان تیاچوون، ئەوەی دەستگیرکرابوو، ئەوەی بریندارببوو، ئەوەشی کوژرابوو، ژمارەیەکی کەمیان دەرباز بوون. بۆیە بە کاڵکانیان دەگوت سەفەری ساریقامیشی کردووە، ساریقامیش لە مێژووی تورکیادا 70 هەزار سەربازی خۆی لەدەست دابوو، بەهۆی ئەوەی لە زستاندا جوڵەیان بە سەربازەکان کردبوو، بەهۆی بەفر و سەرماوە 70 هەزار سەرباز تیاچووبوون. دەیانگوت هەڤاڵ عەباسیش بەو شێوەیە ڕەفتاری کردووە و زیانی لە شۆڕش داوە، لە 1985 دوران کاڵکان زیانی لە شۆڕشدا بەهۆی دوو بڕیارەوە.

**ڕووداو: ساڵی 1991 تۆ یەکەمجار لەڕێگەی ئێرانەوە هاتی بۆ خواکوڕک و ئەمجارە لەڕێگەی عێراقەوە دەچیت بۆ سووریا، واتە بە ئاگاداریی عێراق دەچیتە سووریا، چۆن چوویت؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** من لە ساڵی 1986 هاتمە سێگۆشەی کوردستان، واتە هەرێمی ئارێی و خواکوڕک و بەرەکەشکێ. سەرەتا بەڕێز ئۆجەلان دەیویست نوێنەری پەکەکە بم لە ئێران، بەڵام لەوێ جەمال ناوێکی بەرپرسی پەکەکە هەبوو، کە ناوە ڕاستەکەی خەلیل کایایە، ئەو کە بیروباوەڕی تێکشکابوو، بۆ ئەوەی نەچێتە شاخ هەڵسا خۆی کردە نوێنەری پەکەکە لە ئێران و منیشی ڕەوانەی چیا کرد. منیش هاتم لە چیا لە سێگۆشەی ئێران، عێراق، تورکیا دەستم بە خەبات کرد. لەڕاستیدا هەموو کادیرەکانی پەکەکە بێهیوا ببوون لەکاتێکدا زۆربەی برادەرەکانیان شەهید ببوون، بەڵام دەیانگوت دەستبەردان لە چەک دەستهەڵگرتنە لە ناموس، بۆیە بەوشێوەیە نەیاندەویست دەستبەرداری چەک ببن. ساڵێک دوو ساڵ دۆخێکی تایبەتی بوو، بۆ ئەوەی باوەڕیان لەلا دروست بکەین پێویست بوو خەباتێکی تایبەت بەڕێوەببەین. بۆئەوەش خەباتێکی زۆر و سەختمان کرد.

**ڕووداو: لە ساڵی 1991 تۆ لە کوێوە چوویتەوە بۆ سووریا؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** من ساڵی 1986 بۆ 1987 لە خواکوڕک مامەوە، برادەرانی ئێران بەگوێرەی نۆرمەکانی ئێران خەباتیان نەدەکرد و دەچوونە نێو خەڵکی، بۆیە ئەوان لەلایەن ئێرانەوە دەستگیرکران، هەموو خەباتێکی پەکەکەش لەوێ قەدەغە کرا. گوتیان تاوەکو نوێنەرێکی دیکەی پەکەکە نەیەت ئازادیان ناکەین، بۆیە ناچاربووم لە ساڵی 1988 چوومە ئێران بۆ ئەوەی کار لەسەر پەیوەندی پەکەکە و ئێران بکەم. لە ورمێ و تاران هەندێک دیدارم ئەنجامدان و برادەرەکانمان ئازادکران و ڕەوانەی شاخمان کردن. منیش بوومە نوێنەری پەکەکە لە ئێران بۆ ماوەی چەند ساڵێک.

**ڕووداو: ئێوە دەستتان بە شۆڕشی چەکداری کردبوو، کێ هاوکاری ئێوەی دەکرد و چۆن دەتانتوانی خۆتان بژیێنن؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** دوای شکانی شۆڕشی باشووری کوردستان، پرسی کورد لە جیهاندا نەبوو، نە سیستەمی سۆسیالیست و نە سیستەمی سەرمایەداری پشتگیریی کوردیان نەدەکرد. لە هەردوو سیستەمدا گرنگییان بە پرسی کورد نەدەدا، بەڵام لەدوای ساڵانی نەوەتەکان جارێکی دیکە کورد وردە وردە کەوتەوە بەرباس و خواسی جیهانی، سۆسیالیزم لە سەردەمی لینینەوە تاوەکو ڕووخاش هیچ کات پشگیری کوردی نەکردووە و پرسی کورد لە ئەجێندای سۆسیالیستەکاندا نەبوو، دەتوانین بڵێین سۆسیالیزم هاوکاریی هەموو گەلانی کردووە هی کورد نەبێت.

**ڕووداو: پەیوەندیتان لەگەڵ ئێران هەبوو، بەڵام ئایا هیچ پەیوەندییەکتان لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەبوو؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** سەرەتا پەکەکە دەیگوت لە کوردستاندا هێزی سەرەکی منم و هێزەکانی دیکە هەموویان هەڵەن. ڕەخنەی لە هەموو مێژووی کورد دەگرت، لەلای پەکەکە لە چینێکی نیشتمانپەروەر بترازێت، ئەوەی دیکە هەمووی هەڵەبوون و هەڵەیان کردووە. بۆیە هیچ هێزێکی دیکەی نەدەبینی و هەموو هێزەکانی ڕەتدەکردنەوە. پەکەکە لە مێژووی کۆن و تازەدا جگە لەخۆی هێزێکی باشتری نەدەبینی.

**ڕووداو: ساڵی 1992 قەرارگەی ڕەمەزان سەردانی ئێوە دەکات و داواتان لێدەکات شەڕ بکەن، یان هەر هیچ نەبێت هاوکاریی ئەوان بکەن؟ ئەوە لەکوێ بوو، وەڵامی ئێوە بۆ ئێران چی بوو؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** ساڵی 1992 دۆخێکی تەنگەتاوی بوو بۆ پەکەکە، شەڕ لەنێوان پەکەکە و بەرەی کوردستانی لە سەرتاسەری باشوور بەڕێوەدەچوو، لەو شەڕەدا هەردوولا زیانی زۆریان بەرکەوت، پێویست بوو لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێکبکەوێت و هێزەکانی بۆ سەر سنووری تورکیا بکێشێتەوە. ئەوکاتیش ئێران بە پێویستی زانیبوو کەوا لەگەڵ پەکەکە پەیوەندییەکی نوێ دروستبکات و پەکەکە لەو دۆخەی تێیدابوو، بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئێرانەوە، سەرەتای ساڵی 1993 شاندێکی گەورەی ئێران هاتنە زەڵێ و من لەگەڵیان کۆبوومەوە، جەنەڕاڵ و نوێنەری ئیتلاعاتیشیان لەگەڵدابوو. ئەوان یەک داواکارییان هەبوو، ئەویش ئەوەبوو کە گوتیان دەمانەوێت لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هاوکاریی ئێمە بکەن. وەڵامی ئێمە بۆ شاندەکەی ئێران ئەوەبوو کە لە تاکتیک و ستراتیژیەتی پەکەکەدا هاوکاریکردنی دەوڵەتێک دژی هێزێکی کوردی نییە. بۆیەش ئێمە ئامادەنین هاوکاری ئێوە بکەین لەدژی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. ئەوان دووبارەیان کردەوە کە هاوکارییان بکەین و گوتیان

> ساڵی 1993 ژمارەی گەریلاکانی پەکەکە گەیشتنە 13 هەزار کەس

ئێمە نالێین شەڕیان لەگەڵ بکەن، بەڵام تەنیا دوو کەسی خۆتانمان لەگەڵ بنێرن ڕێنوێنیمان بکەن و کەمپەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانمان پێ بناسێنن. لەڕاستیدا ئێران دەیتوانی خۆی ئەو شتە بکات، بەڵام دەیانویست لەڕێگەی ئێمەوە بیکەن. من جارێکی دیکە هەمان قسەی پێشووم پێگوتنەوە. گوتم ناتوانین هاوکاریتان بکەین. ئەگەر زۆریش بە پێویستی دەبینن، تاوەکو ئێستا ئەگەر هاوکاری ئێمەتان کردووە سوپاستان دەکەم و دەتوانن پەیوەندی خۆتان لێرە کۆتایی بێنن.

**ڕووداو: ساڵی 1992 پەرلەمانی کوردستان بڕیاری دا لە دژی پەکەکە شەڕ بکەن. بۆچی ئەو بڕیارەیان دا، هۆکارەکەی چی بوو؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** لە کوردستان دۆخێکی تایبەت هەبوو، هێڵی 36 دروستببوو، هەرێمی کوردستان بەرەو سەربەخۆیی هەنگاوی دەنا، بۆیە دوژمنانی کورد دەیانویست ئەو دەستکەوتانەی هەرێمی کوردستان تێکدەن. لە باکووری کوردستان هێزێکی تازە پێشدەکەوت. مام جەلال دەیگوت لە تورکیا هێزێکی نوێ دروست بکەین کە چالاک بێت بۆ ئەوەی زەمینەی پەیوەندیی ئێمە و تورکیا بڕەخسێنێ، هێزێک بێت دژی تورکیا چالاکی بکات. پێشکەوتنی خەباتی چەکداریی پەکەکە زەمینەیەکی تازەی دروستکرد کەوا باشووری کوردستان لەگەڵ تورکیا پەیوەندییەکانی بەرەوپێش ببات. لەبری ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئەندامێکی هەواڵگریی تورکیا (میت) دابنێت، پەیوەندییان لەگەڵ سەرۆککۆماری تورکیا دانا، گەیشتە ئەو قۆناغە. بۆ ئەوەش داگیرکەرانی کوردستان دەیانویست شەڕێک لەنێوان هێزە کوردییەکان دروست ببێت، شەڕێکی ناوخۆییان بە پێویست دەبینی. بۆیە دەڵێم شەڕی 1992 شەڕی داگیرکەران بوو، نەک شەڕێکی کورد، هەردوو لایەنیش هەڵە بوون.

**ڕووداو: تۆ ئەو ڕێککەوتنەت بە دەستپێشخەری خۆت کرد نەک پەکەکە، هەم بەڕێز ئۆجەلان ناڕازی بوو، هەم موراد قەرەیڵان و چەند کەسی دیکەش؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** کاتێک شەڕ بەرپا بوو دانوستاندنێک لەگەڵ پەکەکە دروستبوو، لە ڕاستیدا مام جەلال نەیدەویست شەڕێکی جدی بێت، واتە گورگ ڕفاندن بێت. بەپێی قسەی ئەو بێت هەردوولا هەندێک هێرش بکەینە سەر یەک، بەڵام ئازار بە یەکتری نەگەیەنین. ماوەیەک شەڕ بکرێت و پاشان داگیرکەران ڕازی بکرێن و بەو شێوەیە شەڕەکە کۆتایی بێت. مام جەلال لەوکاتەدا پلانێکی وەهای هەبوو، ئەوکات شاندێکی خۆی ناردە خواکوڕک، لەنێویاندا محەممەد ئەمین پێنجوێنی هەبوو کە لەنیوەی ڕێگەدا گەڕابووەوە، هەروەها نەوشیروان مستەفا هەبوو، شاندەکەی بەڕێز مام جەلال هاتنە لای من و منیش گوتم باشە، پێویستە شەڕ نەکەین و شەڕ لە بەرژەوەندی کورد نییە، بەڵام مخابن هێشتان شاندەکە بەڕێگاوەبوو هەندێک تەقە ڕوویدا، هێزی پێشمەرگە تەقەیان لە گەریلاکانی ئێمە کرد و بەوهۆیەشەوە شەڕێک ڕوویدا، کاری شاندەکە مایەپووچ کرا. ڕەنگە پیاوی دەوڵەتی تورکیا لەناو خەڵک و پێشمەرگەدا هەبووبن کە بۆ ئەوەی شەڕ هەڵگیرسێ تەقەیان کردبوو. شەڕ نائارەزوومەندانە دەستیپێکرد. هەموو کات لە هەوڵدابووین بۆ ئەوەی ئەو شەڕە لە زووترین کاتدا بوەستێنرێت. لەڕێگەی عەلی درێژ کە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە و یەکێک بوو لە سەرکردەکانی خەباتی خواکوڕک، لەڕێگەی عەلی درێژەوە بە جیهاز پەیوەندیمان لەگەڵ یەکێتی کرد و پاشان یەکتریمان بینی و بەوشێوەیە شەڕەکەمان وەستاند.

**ڕووداو: شەڕەکە تەنیا لەگەڵ یەکێتی بوو یان لەگەڵ پارتی و یەکێتی؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** بەرەی خواکوڕک بەزۆری لەگەڵ یەکێتی بوو، لەبەرەی هەفتانین شەڕەکە بەزۆری لەگەڵ پێشمەرگەی پارتی بوو. بەرپرسی بەرەی شەڕی خواکوڕک لە یەکێتی مستەفا چاوڕەش بوو، دوای ئەویش کاک کۆسرەت، لەگەڵ هەردووکیان دانوستاندنمان کرد و بەوشێوەیە شەڕەکەمان وەستاند. ئەوان ئامادە نەبوون شەڕەکە بوەستێنن، دەیانگوت دەبێت بەبێ مەرج بێت و پەکەکە ئەوە قبووڵ بکات کەوا ئەو بەرپرسیاری شەڕەکە بووە. منیش گوتم بەرپرسیاری یەکلایەنە دروست نییە. چوومە لای مام جەلال و ئەویش نووسراوێکی بۆ بەڕێز کاک کۆسرەت ڕەسوڵ نارد. مام جەلال شەڕی ڕەتدەکردەوە. من چوومە سەلاحەددین، کۆنگرەی نەتەوەیی عێراق بەڕێوەدەچوو، ئەو شەوە لە سەلاحەددین مامەوە و پاشان هاتمە هەولێر و لەگەڵ مام جەلال دانوستاندنم کرد و لەگەڵ حکومەت پەیمانێکمان واژۆ کرد و بەوشێوەیە لە بەرەی خواکوڕک شەڕمان وەستاند. ماوەی هەفتەیەکیش لەبەرەی هەفتانین لەهەوڵدابووین و شەڕمان وەستاند.

> لەگەڵ سەرۆک بارزانی لە گفتوگۆدا بووم کە پەکەکە هێرشی کردە سەر پارتی

**ڕووداو: بۆچی پەکەکە تۆیان گرت، هۆکارەکەی ئەوەبوو شەڕەکەت تاکلایەنە وەستاند؟ بەڵام پێش ئەوە ئێوە چوونە زەڵێ، شتێک هەیە لە ئەدەبیاتی پەکەکە پێی دەڵێن پراکتیکی زەڵێ، پراکتیکی زەڵێ چییە؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** شەڕی ناوخۆم بەدڵ نەبوو. هاتمە زەڵێ ویستم بیکەمە دەستکەوتێک بۆ هەموو کورد. بۆ ئەوەی شتێکی تازە بکەم لەگەڵ سەرۆک مام جەلال و کاک مەسعود و لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و لەگەڵ گەورە و بچووکی پارت و بەرپرسەکان دیدار و کۆبوونەوەم کرد. بۆ ئەوەی میساقێکی میللی دروستبکەم، شتێک بکەم هێزەکان پەیمان بدەن جارێکی دیکە ڕێگە بەشەڕی ناوخۆ نەدەن و ڕێگە لە شەڕ بگرن. من بەناوی پەکەکەوە دانوستاندن و هەڵسوکەوتم دەکرد، هەر شتێکم پێ باشبووایە دەمکرد، بەڵام پەکەکە ئەو کارەی منی پێناخۆش بوو. من لەگەڵ هەموو گرووپ و هێزەکان دیدارم ئەنجامدابوو، دوایینجار چوومە لای سەرۆک بارزانی بۆئەوەی لەگەڵ ئەویش دانیشتنێک بکەم بۆ پەیمانێکی نەتەوەیی، دانیشتنەکەمان دوو سەعات زیاتر بەردەوام بوو. دەتوانم بڵێم سەرۆک بارزانی ئەوەی زۆر پێخۆشبوو، هاتم ماڵێکمان لە عەنکاوە هەبوو ئەو شەوە لەوێ خەوتم. بەیانییەکەی بینیم تەلەفۆنیان بۆ من کرد، عەبدوڵڵا ئاگرین بوو کە ئەوکات ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی

> سۆسیالیزم هاوکاریی هەموو گەلانی کردووە هی کورد نەبێت

دیموکراتی کوردستان بوو. گوتی: "بۆچی ئێوە ئەو شتانە دەکەن؟" گوتم: چ شتێکمان کردووە، ئاگاداری هیچ نیم. گوتی: "هێزی ئێوە هێرشیان کردووەتە سەر بارەگایەکی پارتی لە زاخۆ"، منیش گوتم ئاگاداری ئەوە نیم، لێکۆڵینەوە دەکەم و بەپێی ئەوە وەڵامتان دەدەمەوە. لێکۆڵینەوەم کرد، کاتێک کەوا من لەگەڵ سەرۆک بارزانی هەڤدیتنم هەبووە، پەکەکە بۆ ئەوەی ئەو پەیامە بدات کەوا ئەو دیدارانەی عوسمان دەیانکات بەناوی پەکەکە نییە و ئێمە ڕەتیدەکەینەوە، خێرا هێرشی کردووەتە سەر بارەگایەکی پارتی. پارتیش بۆ ئەوەی شەڕ دروست نەبێت بارەگاکەی خۆی جێهێشتووە، بەڵام کوژراو و بریندارنەبوون. کە لێکۆڵینەوەم کرد بینیم ئەوە هەنگاوێکە لەدژی من. جەمیل بایک ڕێنمایی دابوو، لەگەڵ ئۆجەلان بوو، جەمیل بایک سەربەخۆ ڕێنماییەکی وا نادات. بۆیە هاتم بەرپرسانی زەڵێم کۆکردنەوە و دەستلەکارکێشانەوەی خۆم پێشکەش بە پەکەکە کرد. گوتم لێرە بەدواوە لە خەباتی پەکەکەدا بەشدارنابم. ئەوە کۆتایی کاری من بوو لەناو پەکەکە.

**ڕووداو: پەکەکە دەستلەکارکێشانەوەکەی تۆی قبووڵ کرد؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** پەکەکە قبووڵی کرد، بەڵام بۆ ئەوەی مەحکومم بکات وەکو دەستبەسەرێک منی هێشتەوە. لەکاتێکدا نە ئەندام و نە بەرپرسیارێتیم لەناو پەکەکەدا نەمابوو، ماوەی سێ ساڵ لەلای پەکەکە بەندکراوێکی دەستبەسەر بووم.

**ڕووداو: دوایی دادگایی کرایت و سزا درایت؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** پەکەکە کۆنگرەی پێنجەمی بەست و چەپەکانی ناو پەکەکە گرووپی ئەنقەرە بوون، وەک: جەمیل بایک، دوران کاڵکان، مستەفا قەرەسوو، ڕەزا ئاڵتوون. ئەوانە کۆنگرەیان بەڕێوەدەبرد. لە 1994 بۆ ماوەی 52 ڕۆژ منیان لەژێر بەردێکدا زیندانی کرد، نیمچە ئەشکەوتێک بوو، نایلۆنیان لەدەوروبەری دابوو، لەژێریشمان تەنیا یەک بەتانی هەبوو.

## ئەحمەد رەشید: پرۆژە یاسای بودجەی 2019 فەرمی نییە

**رووداو- هەولێر**

سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق رایگەیاند، پرۆژە یاسای بودجەی گشتی عێراق بۆ ساڵی 2019 فەرمی نییە.

ئەحمەد رەشید، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی گوت: "پرۆژەیاسای بودجەی گشتی عێراق بۆ ساڵی 2019 فەرمی نییە و تاوەکو ئێستا لە حکومەتەوە نەنێردراوە بۆ پەرلەمان، ئەوەشی بەدەست هەندێ لە پەرلەمانتارەکان کەوتووە وێنەیەکی ئەو پرۆژەیە کە وەزارەتی دارایی بە حکومەتی داوە". ئەحمەد رەشید گوتیشی: "بودجەی هەرێمی کوردستان بەگوێرەی ژمارەی دانیشتووان دیاریکراوە، نامەیەکمان بۆ دەزگای ئاماری عێراق ئامادەکردووە بۆ ئەوەی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانمان پێبدەن، چونکە ئێستا 15% بۆ کوردستان دیاریکراوە و ئەو رێژەیەش جێگەی گومانە".



ئابووری
رووداو
ژمارە (525) - دووشەممە 2018/10/15

### دوو ملیۆن و 222 هەزار دۆنم دارستان لە هەرێمی کوردستان لەنێوچوون

# رێژەی سەوزایی لە هەرێمی کوردستان لە 23% وە بۆ 12% دابەزیوە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو – هەولێر**

رووپێوییەک دەریدەخات کە لە 19 ساڵی رابردوودا بەهۆی سووتان و برینەوەی دار و دابیننەکردنی بودجەی پێویست بۆ پاراستن و پەرەپێدانی دارستانەکان، رووبەری زیاتر لە دوو ملیۆن و 222 هەزار دۆنم دارستانی سرووشتی و دەستکرد لەهەرێمی کوردستان لەنێوچوونە، زۆرترینی ئەم لەنێوچوونەش لە 5 ساڵی رابردوودا روویداوە.

بە ئامانجی دەستکەوتنی داتا و زانیاری، وەزارەتی کشتوکاڵ بەسەرپەرشتی سەنتەری جی ئای ئێس لە زانکۆی زاخۆ و هاوکاریی پسپۆڕانی بوارەکە لە زانکۆکانی سەلاحەددین و گەرمیان ، هەروەها بە سوودوەرگرتن لە وێنەی مانگی دەستکرد و سیستەمی Remote sensing و GIS ، رووپێوییەکی بۆ رێژەی سەوزایی و رووبەری دارستانی دەستکرد و سرووشتی لە هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان کردووە.

لە ئەنجامدا دەرکەوتووە بەراورد بە رووپێوی رێکخراوی فاو کە لە ساڵی 1999 بۆ هەمان مەبەست کراوە، رووبەری زیاتر لە دوو ملیۆن و 222 هەزار دۆنم دارستان لە هەرێمی کوردستان لەنێوچووە، بەم هۆیەشەوە رێژەی سەوزایی لە هەرێمی کوردستان لە 23.46% بۆ 12.44% دابەزیوە.

دڵدار عەبدوڵڵا مەلازادە، بەڕێوەبەری دارستان، لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت: "لە ئەنجامی رووپێوییەکەدا بۆمان دەرکەوت بەهۆی سووتان و داربڕین و زێدەڕۆیی لەسەر دارستانەکان و گۆڕانی کەشوهەوا و دابیننەکردنی بودجەی پێویست بۆ پاراستن و پەرەپێدانی دارستانەکان لە 19 ساڵی رابردوودا رووبەری زیاتر لە دوو ملیۆن و 222 هەزار دۆنم دارستان لە هەرێمی کوردستان لەنێوچوون کە دەکاتە 47%ی کۆی ئەو رووبەری دارستانەی پێشتر هەمانبوو".

بەپێی رووپێوییەکە، بەراورد بە رووبەری خاکی هەرێمی کوردستان، رێژەی سەوزایی تەنیا 12.44% پێکدێنێ، لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش، دهۆک بەرزترین رێژەی سەوزایی تێدایە (27.58%) و دوای ئەویش پارێزگای هەڵەبجە بە (10.04%) لە پلەی دووەم دێت و سلێمانی بە رێژەی (9.1%) لە پلەی سێیەم و هەولێر بە (9.05 %) لە پلەی چوارەم و ئینجا گەرمیان بە رێژەی (4.4%) لە پلەی پێنجەم دێت.

لەسەر ئاستی رووبەری قەزاکانیش بەرزترین رێژەی سەوزایی لە قەزای ئامێدییە لە پارێزگای دهۆک، کە (59.8%)ی رووبەری قەزاکە سەوزاییە و نزمترین رێژەی سەوزاییش لە قەزای سێمێلە کە (1.75%) زیاتر نییە. لەسەر ئاستی رووبەری قەزاکانی پارێزگای هەولێریش بەرزترین رێژەی سەوزایی لە قەزای چۆمانە (13.17%) و نزمترینیش لە قەزای مەخموورە (2.49%)، لە پارێزگای سلێمانیش بەرزترین رێژەی سەوزایی لە قەزای پێنجوێنە (18.53% ) و نزمترینیشی لە قەزای چەمچەماڵە (4.82%) ، لە پارێزگای هەڵەبجەش بەرزترین رێژەی سەوزایی لە هەڵەبجە خۆیەتی (10.04%)، لە گەرمیان بەرزترین رێژەی سەوزایی لە قەزای کەلارە کە (5.50%) ی قەزاکە سەوزاییە، نزمترینیشی لە قەزای کفرییە کە (4.07%)ی رووبەری قەزاکە سەوزاییە.

دڵدار عەبدوڵڵا لەوبارەوە دەڵێت: "بەپێی رووپێوی ساڵی 1957 کە پسپۆڕێکی بەریتانی بەناوی (W.G CHAPMAN) ئەنجامیداوە، لە خاکی هەرێمی کوردستانی ئێستا رێژەی سەوزایی 30% بووە، لە رووپێوییەکەی فاودا بۆ 23.46% دابەزیوە، ئێستاش رێژەکە بۆ 12.44% کەمی کردووە".

مەلازادە دەڵێت: "بەهۆی لەنێوچوونی ئەم رووبەرە زۆرەی دارستانەکان ملیۆنان دۆلار زیان بەر ئابووریی هەرێمی کوردستان کەوتووە کە قەرەبووکردنەوەی ئاسان نییە و کاتی زۆری دەوێت، جگە لەوە لەڕووی ژینگە و تەندروستیشەوە زیانی گەورە بەر هەرێمی کوردستان کەوتووە و هاوسەنگیی ژینگەکەی تێکچووە ".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ، لە 8 ساڵی رابردوودا بەهۆی ئاگرکەوتنەوە رووبەری ملیۆنێک و 31 هەزار و 290 دۆنم دارستان و پاوان لە هەرێمی کوردستان سووتاون، زۆرترین رووبەری سووتاویش لە سێ ساڵی رابردوودا تۆمارکراوە کە 559 هەزار و 469 دۆنم بووە، ئەوەش دەکاتە نزیکەی 57%ی تێکڕای رووبەری سووتاو.

دڵدارعەبدوڵڵا مەلازادە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە "قەیرانی دارایی و شەڕی داعش لەم چەند ساڵەی دوایی زۆرترین زیانی بە دارستانەکان گەیاند، چونکە بەهۆی قەیرانی دارایی لە چوار ساڵی رابردوودا بودجەی پێویست بۆ پەرەپێدان و پاراستنی دارستانە سرووشتی و دەستکردەکان دابین نەکراوە، بەهۆی شەڕی داعشیشەوە و پۆلیسی دارستانەکان ئەرکی پاراستنی داموودەزگا حکومییەکانیان پێسپێردرا و دارستانەکان بێ سەرپەرشت مانەوە ، نزیکەی 40%ی ئەو رووبەرەی کەمبووەتەوە لە پێنج ساڵی رابردوودا بووە".

رووپێوییەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ سێ ساڵی خایاندووە، سەرەتا لە رێگەی وێنەی مانگی دەستکردەوە رووپێوی بۆ رێژەی سەوزایی و رووبەری داستانی دەستکرد و سرووشتی لە هەرێمی کوردستان کردووە، دواتر بۆ هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان وێنەی دیکەی مانگی دەستکرد گیراوە، بۆ دڵنیابوون لە راستیی رووپێوییەکەش تیمەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ بەشێوەی مەیدانی بەدواچوونیان کردووە.

عەبدوڵڵا حوسێن ، بەڕێوەبەری دارستانی هەولێر دەڵێت: " بۆردومانی فڕۆکەکانی تورکیا و تۆپبارانی تۆپخانەکانی ئێران رێژەی سووتانی دارستانەکان و لەنێوچوونی زیاد کردووە، هۆکارێکی کاریگەری زیادبوونی رووبەری سووتاویش لە چەند ساڵی رابردوودا کەمیی بودجەی حکومەت بووە بۆ دروستکردنی ئاگربڕ و لاوازیی ئامرازەکانی ئاگرکوژاندنەوە و بێ سەرپەرشت مانەوەی دارستانەکان".

فارووق یوسف، بەڕێوەبەری دارستان لە دهۆک، دەڵێت: "هۆکارەکانی کەمبوونەوەی رووبەری دارستانەکان زۆرن، بەتایبەت زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و فراوانبوونی شارەکان، جگە لەوەش گەڕانی کۆمپانیاکان بەدوای نەوت و سووتاندنی دارستانەکان بەدەستی ئەنقەست و بۆردومانی فڕۆکەکانی تورکیا و تۆپخانەکانی ئێران".



(فۆتۆ: رووداو)

### بەرزترین رێژەی سەوزایی لەسەر ئاستی پارێزگاکان

1 – دهۆک: ( 27.58%)
2 – هەڵەبجە: (10.04%)
3 – سلێمانی: (9.1%)
4 – هەولێر: ( 9.05 %)
5 – گەرمیان: (4.4%)

### بەرزترین و نزمترین رێژەی سەوزایی لە هەر پارێزگایەک

دهۆک: بەرزترین رێژەی سەوزایی لە قەزای ئامێدییە (59.8%) و نزمترینیش لە قەزای سێمێلە (1.75%).
هەولێر: بەرزترین رێژەی سەوزایی لە قەزای چۆمانە (13.17%) و نزمترینیش لە مەخموورە (2.49%).
سلێمانی: بەرزترین رێژەی سەوزایی لە قەزای پێنجوێنە (18.53%) و نزمترینیشی لە قەزای چەمچەماڵە (4.82%).
هەڵەبجە: بەرزترین رێژەی سەوزایی لە هەڵەبجە خۆیەتی (10.04%).
گەرمیان: بەرزترین رێژەی سەوزایی لە قەزای کەلارە (5.50%) و نزمترینیشی لە کفرییە (4.07%).

### لقەکانی بانکی کشتوکاڵی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان دەکرێنەوە

# بەغدا ئامادەیە قەرز بداتە جووتیاران



بانکی ناوەندیی عێراق لە ساڵی 2015 وە بە مەبەستی بەخشینی قەرز 6 تریلیۆن دیناری داوەتە بانکەکان، لەوانە بانکی کشتوکاڵی کە ترلیۆنێک و 660 ملیار دیناری بەرکەوتووە (فۆتۆ: رووداو)

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو – هەولێر**

بەرپرسێکی بانکی ناوەندیی عێراق رایگەیاند کە حکومەتی عێراق بەنیازە لقەکانی بانکی کشتوکاڵی و پیشەسازی و بانکە بازرگانییەکانی لە هەرێمی کوردستان بکاتەوە، یان لقەکانی ئەم بانکانە کە لە هەرێمی کوردستان هەن دەبنە فەرمی و سەر بە بەغدا، یان لقی تازە دەکرێنەوە و قەرز دەبەخشن بە هاونیشتمانیان.

بۆ بوژاندنەوە و گەشەپێدانی ئابووریی عێراق، ساڵی 2015 بانکی ناوەندیی عێراق بۆ بەخشینی قەرز بە هاووڵاتیان 6 تریلیۆن دیناری وەک قەرز بەخشییە بانکەکان، لەنێویاندا بانکی کشتوکاڵی کە ترلیۆنێک و 660 ملیار دیناری بەرکەوت، ماوەی چەند ساڵێکە ئەم قەرزە بەپێی هەندێ مەرج و رێنمایی دەبەخشرێتە جووتیارانی عێراق، بەڵام بەهۆی نەبوونی لقی ئەم بانکە لە شارەکانی هەرێمی کوردستان، تا ئێستا جووتیارانی هەرێمی کوردستان سوودمەند نەبوونە .

بۆ سوودمەندبوونی ئەوان، سەرۆکی رێکخراوی جووتیارانی سەردەم بۆ گەشەپێدانی کشتوکاڵ لە 16ی ئابی 2018 نووسراوێکی ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بانکی کشتوکاڵی و هاریکاریی عێراق کردووە، بانکەکە دوای لێکۆڵینەوە بە واژۆی د.حوسێن عەلی، جێگری بەڕێوەبەری گشتی لە 2018/9/26 بە نووسراوی ژمارە 9861/1/8 وەڵامی نووسراوەکەی رێکخراوی جووتیارانی سەردەمی داوەتەوە، تێیدا باس لەوە دەکات کە توانای کردنەوەی لقەکانیان لە هەرێمی کوردستان هەیە.

فارس حەسەن، سەرۆکی رێکخراوی جووتیارانی سەردەم بۆ گەشەپێدانی کشتوکاڵ دەڵێت بەرپرسانی بانکی کشتوکاڵی عێراق پێیانڕاگەیاندووە کە ئامادەن لقی بانکی کشتوکاڵی لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بکەنەوە و قەرز بدەنە جووتیاران، بەمەرجێک وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان لە لایەنی کارگێڕی و دابینکردنی فەرمانبەر و باڵەخانە هاوکارییان بکات.

دوای دانوستاندن و رێککەوتن لە نێوان بەغدا و هەولێر، لە سەرەتای حوزەیرانی ساڵی رابردوو، بانکی ناوەندیی هەرێم لە هەولێر کرا بە لقێک لە بانکی ناوەندیی عێراق ، ئێستا ئەم بانکە لەڕووی کارگێڕی و ژمێریاری و داراییەوە سەر بە بەغدایە.

عابد ساڵح محەممەد، بەڕێوەبەری گشتیی لقی هەولێری بانکی ناوەندیی عێراق دەڵێت: "حکومەتی عێراق هاوشێوەی لقی بانکی ناوەندی، نیازی کردنەوەی لقەکانی بانکی کشتوکاڵی و پیشەسازی و بانکە بازرگانییەکانی لە هەرێمی کوردستان هەیە".

عابد ساڵح ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە " لە داهاتوودا یان لقەکانی ئەم بانکانە کە لە هەرێمی کوردستان هەن دەبنە فەرمی و سەر بە بەغدا، یان لقی تازە دەکرێنەوە و هاونیشتمانیانی هەرێمی کوردستانیش لە قەرزی ئەم بانکانە سوودمەند دەبن ".

هەروەها گوتی: "بۆ سوودمەندبوونی هاونیشتمانیانی هەرێمی کوردستان لەو قەرزانەی بانکی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بانکەکانی دیکە دەیبەخشن، پێویستە هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان رێککەوتنێک لەسەر کردنەوەی لقی ئەم بانکانە لە هەرێمی کوردستان بکەن و رێوشوێنێک بۆ دڵنیایی گەڕانەوەی قەرزەکان دابنێن، چونکە ئەگەر جۆرێک لە دڵنیایی بۆ گێڕانەوەی قەرزەکان نەبێت بانکەکان ئامادەنین ئەو قەرزانە ببەخشن".

نەجیبە نەجیب، ئەندامی پێشووی پەلەمانی عێراق کە بەدواداچوونی بۆ بەخشینی ئەم قەرزانە بە هاونیشتمانیانی هەرێمی کوردستان کردووە، دەڵێت: "حکومەتی عێراق و وەزارەتی دارایی جدیین لە کردنەوەی لقی ئەم بانکانە لە هەرێمی کوردستان و بەخشینی قەرز ، بە مەرجێک بەغدا و هەولێر رێکبکەون لەسەر میکانیزمی کردنەوەی بانکەکان و جێبەجێکردنی مەرج ورێنماییەکان و دڵنیایی بۆ گەڕانەوەی قەرزەکان بدرێ".

سەرەتا بڕیار بوو ئەم قەرزە بە سوودی کەمتر لە 1% بە جووتیاران بدرێت، بەڵام دوایی بانکی کشتوکاڵ بەپێی بڕ و ماوەی گەڕانەوەی قەرزەکە سوودەکەی کردە 3 تاوەکو 4%، بڕی قەرزەکەش بەگوێرەی جۆری پرۆژەکە دەدرا، بۆگەڕانەوەی قەرزەکە موڵکێک وەک بارمتە دادەنرا، بەڵام بەهۆی زۆریی مەرجەکان تا ساڵی 2017 قەرزێکی زۆرکەم بەخشرا، ئەمەش وای لە بانکی کشتوکاڵی کرد جارێکی دیکە پێداچوونەوە بە مەرج و رێنماییەکانی بکات، ئێستا وەرگرتنی قەرز ئاسانتربووە.

نەجیبە نەجیب دەڵێت: "بەغدا جدیە لە بەخشینی ئەم قەرزە بە جووتیارانی کوردستان، بە نووسراوی فەرمیش ئامادەییان دەربڕیوە بۆ کردنەوەی لقی بانکەکانیان لە کوردستان و بەخشینی ئەو قەرزە ، بەڵام لە هەرێمی کوردستان وەک پێویست هەنگاو بۆ ئەمە نەنراوە".

هەروەها گوتی کە بەهۆی کرانەوەی لقی بانکی ناوەندی لە هەرێمی کوردستان ئێستا گرفتی ناردن و گەڕانەوەی پارەکە چارەسەر بووە، بۆ دڵنیایی گێڕانەوەی قەرزەکەش سەردانی وەزیری دارایی هەرێمی کوردستانی کردووە، داوای لێکردووە لیژنەیەک بۆ کردنەوەی لقی بانکەکان پێکبهێنن، بەڵام تا ئێستا وەک پێویست ئەم هەنگاوە نەنراوە.

سەرچاوەیەک لە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند: "زانیاریمان لەسەر نووسراوەکەی بانکی کشتوکاڵی عێراق بۆ رێکخراوی جووتیارانی سەردەم هەیە، بەڵام تا ئێستا لەلایەن وەزارەتی دارایی عێراقەوە بەفەرمی هیچ نووسراوێکمان بۆ کردنەوەی لقی بانکی کشتوکاڵی یان پیشەسازی پێنەگەیشتووە".

لە ساڵی 2009 تاوەکو 2013 بڕی 179 ملیار و 482 میلۆن و 742 هەزار دینار قەرزی کشتوکاڵی لە رێگەی بانکەکانی کشتوکاڵ لە شارەکانی هەرێمی کوردستان دراوەتە جووتیاران. بەهۆیەوە 6 هەزار و 825 پڕۆژەی جۆراوجۆر (3552 پڕۆژە لە هەولێر، 1084 پڕۆژە لە سلێمانی ، 1896 پڕۆژە لە دهۆک ، 293 پڕۆژە لە گەرمیان ) جێبەجێ کراون، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی ماوەی پێنج ساڵە بەخشینی ئەم قەرزە وەستاوە، بە لەبەرچاوگرتنی خراپی بارودۆخی دارایی جووتیارانیش ماوەی سێ ساڵە حکومەت گەڕانەوەی قەرزەکانی راگرتووە.

ئەمساڵ دەست بە وەرگرتنەوەی قەرزەکان کراوە ، بەشێک لە جووتیاران دەترسێن لەوەی حکومەت سوودی دواکەوتنی ئەم سێ ساڵەیان لێ وەربگرێتەوە، بەڵام سەرچاوەیەک لە وەزارەتی دارایی بە (رووداو)ی گوت: "هیچ زیادەیەک بەهۆی دواکەوتنی ئەم سێ ساڵە لە جووتیاران وەرناگیرێت بە مەرجێک جووتیاران بەپێی رێنماییەکان پارەی ساڵانی پێشوویان دابێت".

# نرخی نەوت لەبەردەم هەڕەشەی سەرەولێژبوونەوەدایە

رووداو - هەولێر

ئەمینداری گشتیی رێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، بازاڕەکانی نەوت بەپێی پێویست نەوتیان بۆ دابینکراوە و نیگەرانی خۆیشی لە دووبارەبوونەوەی ئەزموونی 2014 دەربڕی کە تێیدا بەهۆی کەڵەکەبوونی نەوتی زۆر لە ئەمبارەکان، نرخی نەوت بە رێژەیەکی بەرچاو دابەزی. لێدوانەکانی ئەمینداری گشتیی ئۆپێک لە کاتێکدایە کە لە هەفتەی رابردوودا بە هۆی دابەزینی بازاڕەکانی بۆرسە نرخی نەوت دابەزی.

محەممەد بارکیندۆ، ئەمینداری گشتیی ئۆپێک، لە گوتارێکدا لە کۆنفرانسی (نەوت و پارە) لە لەندەن ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە هەموو هۆکارەکانی دابەزین و بەرزبوونەوەی نرخەکانی نەوت پەیوەندییان بە وڵاتانی بەرهەمهێنەرەوە نییە، بەڵکو هۆکاری دیکەش هەن کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی بەرهەمهێنەرانن.

بارکیندۆ لەوبارەوە گوتی: "لە بازاڕەکانی نەوتدا هەستێک دروستبووە کە پێیان دەڵێ دابینکردنی نەوت تووشی کەموکووڕی دەبێ، لە کاتێکدا نەوت بەپێی پێویست لە بازاڕەکاندا هەیە. پێشبینییەکانی ئێمە بۆ 2019 پێمان دەڵێ بۆرسەکانی نەوت لە ساڵی داهاتوودا دەبووژێنەوە".

هەمان ئەو رۆژەی بارکیندۆ لە لەندەن گوتاری پێشکەش دەکرد، رێکخراوی ئۆپێک راپۆرتی مانگانەی بڵاوکردەوە کە تێیدا پێشبینییەکان بۆ دۆخی بازاڕەکانی نەوت لە 2019 نوێکراوەتەوە. لەم راپۆرتەدا کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە باڵانسی نێوان خستنەڕوو و داخوازی لەسەر نەوت بەدی دەکرێت. بە گوێرەی راپۆرتەکەی ئۆپێک، ئاستی داوا لە ساڵی 2019 دا کەمتر دەبێ لەوەی پێشتر پێشبینی دەکرا، هۆکاری ئەمەش ململانێی بازرگانیی ئەمریکا لەگەڵ چین و ئەورووپا، دابەزینی ئاستی گەشەی ئابووریی جیهان و بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانە لە وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک.

راپۆرتەکەی ئۆپێک پێشبینی دەکات گەشەی ئابووریی جیهان بە رێژەی ٪0.1 لە چاو پێشبینییەکەی مانگی ئەیلول دابەزێ، هۆکاری سەرەکیی ئەمەش بۆ دابەزینی ئاستی گەشەی ئابووریی تورکیا، بەرازیل و ئەرجەنتین دەگەڕێتەوە، کە گومان دەکرێ بۆ ساڵی 2019ش درێژ ببێتەوە، بەو پێیەش رێکخراوەکە پێشبینی دەکات ئاستی داوای سەر نەوتیش لە ساڵی داهاتوودا دابەزێ.

ئۆپێک، کە خاوەنی گەورەترین یەدەکی نەوتی جیهانە، مەزەندەی ئەوەش دەکات کە ئاستی گەشەی بەرهەمهێنانی نەوتی وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک بەرزتر بێ لەوەی لە راپۆرتەکەی مانگی پێشوودا پێشبینییان کردبوو، چاوەڕێش دەکرێ ئەمریکا، کەنەدا، کازاخستان و بەرازیل هۆکاری سەرەکی بەرزبوونەوەی بەرهەمی نەوتی وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک بن. راپۆرتەکە مەزەندەی ئەوە دەکات کە لە ساڵی داهاتوودا وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک 61.89 ملیۆن بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا بخەنە بازاڕەکانەوە، لە کاتێکدا بەرهەمی رۆژانەی ئەمساڵیان نزیکەی 59.77 ملیۆن بەرمیل بووە.

لە چەند مانگی رابردوودا، چاودێران وایان پێشبینی دەکرد کە گەڕانەوەی سزا ئەتۆمییەکانی ئێران بۆ سەر کەرتی نەوت و وزەی ئێران فاکتەرێکی سەرەکیی کەمبوونەوەی نەوت لە بازاڕەکان و بەرزبوونەوەی نرخەکان دەبێ.

بەڵام ئیدارەی کۆشکی سپی دەیەوێ پێش دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێسی ئەمریکا لە مانگی تشرینی دووەم نرخەکانی نەوت و گازوایل دابەزن، بۆیەش دۆناڵد ترەمپ لە چەندین بۆنەدا داوای لە ئۆپێک کردووە ئاستی بەرهەمهێنان بەرز بکەنەوە. ئیدارەی واشنتن و کۆمارییەکان نیگەرانن لەوەی نرخی سووتەمەنی کاریگەری لەسەر دەنگی ئەمریکییەکان دابنێ.

بارکیندۆ لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئاخۆ هەڵوێستی سەرۆکی ئەمریکا بەرامبەر ئۆپێک رەوایە، گوتی: "ئێستا بازاڕەکانی نەوت لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵێک بڕیاردان کە لە دەرەوەی وڵاتانی بەرهەمهێنەری ئۆپێک و دەرەوەی ئۆپێک دەدرێن".

پێشتریش بەرپرسێکی ئەمریکی بە ئاژانسی (رۆیتەرز)ی راگەیاندبوو، ئیدارەی ترەمپ خەریکی تاوتوێکردنی ئەوەن هەندێک لە وڵاتان کە نەوت لە ئێران دەکڕن، وەکو حاڵەتی ریزپەڕ سەیر بکەن و داوایان لێنەکرێ لە مانگی تشرینی دووەمەوە یەکسەر هاوردەی نەوتی ئێران بوەستێنن. ئەمە گۆڕانگارییەکی گەورەیە لە هەڵوێستی ئیدارەی ئەمریکیدا کە کات بە وڵاتانی کڕیاری نەوتی ئێران دەدرێ قۆناغ بە قۆناغ هاوردەی نەوتی ئەو وڵاتە کەمبکەنەوە.

> بەگوێرەی راپۆرتی ئۆپێک، ئاستی داوا لەسەر نەوت لە ساڵی 2019 دا کەمتر دەبێ لەوەی پێشتر پێشبینی دەکرا

یەکێک لەو وڵاتانەی ئەم حاڵەتە دەیگرێتەوە هیندستانە کە پاش چین دووەم گەورەترین کڕیاری نەوتی ئێرانە. بە گوێرەی راپۆرتێکی رۆیتەرز، بڕیارە لە مانگی داهاتوودا، هیندستان 9 ملیۆن بەرمیل نەوت لە ئێران بکڕێ، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی نیودلهی ئامادە نییە دەمودەست سزاکانی ئەمریکا لەسەر ئێران جێبەجێ بکات.

ئەم گۆڕانکارییە لە هەڵوێستی ئەمریکییەکان زەنگێکی مەترسییە بۆ وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک کە لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ بڕیاریان دا بەرهەمهێنانی رۆژانەی نەوت بە بڕی 700 هەزار تاوەکو 1 ملیۆن بەرمیل بەرزبکەنەوە. پێشتر بەرپرسانی کۆمپانیا و رێکخراوە نەوتییەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردبوو کە سزاکانی ئەمریکا 1.5 ملیۆن بەرمیل لە هەناردەی نەوتی ئێران کەمدەکاتەوە و بەرهەمی نەوتی ئەو وڵاتەش بۆ خوار 2.5 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا دادەبەزێ.

بە گوێرەی راپۆرتەکەی ئۆپێک، ئێران لە مانگی ئەیلولدا رۆژانە 3.45 ملیۆن بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە، بەو پێیەش بەرهەمی رۆژانەی ئەو وڵاتە لەچاو مانگی پێشتر 150 هەزار بەرمیل دابەزیوە، هەرچەند هاوردەی نەوتی هیندستان لە ئێران لە چاو مانگی ئاب بە رێژەی 1% بەرزبووەتەوە.

بڕیارە ئۆپێک و 10 وڵاتە هاوپەیمانەکەی لە مانگی کانوونی یەکەمی ئەمساڵ کۆببنەوە و سیاسەتی هاوبەشی خۆیان بۆ ساڵی 2019 بخەنەڕوو. ئەمینداری گشتیی رێکخراوەکەش هیواخوازە هەندێک لەو فاکتەرانەی کاریگەری نێگەتیڤ لەسەر باڵانسی نەوت و نرخەکانی نەوت دادەنێن تاوەکو ئەوکات نەمێنن، بەڵام بەدووری زانی ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی ئاستی بەرهەمهێنان لەو برە بەرزتر بکەنەوە کە لە مانگی حوزەیراندا لەسەری رێککەوتبوون.



وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت دەبێ ئامادەکاری بکەن

# قەیرانێکی جیهانیی دیکەی ئابووری بەڕێوەیە



یادگار سدیق

نەوت بزوێنەری ئابووریی جیهانە، رۆڵێکی کارا و کاریگەری لەسەر ژیانی مرۆڤ هەیە. ئەمڕۆ لە ئەنجامی پاشەکشەی بەرهەمهێنانی نەوتی ڤەنزوێلا و نزیکبوونەوەی وادەی گەڕانەوەی قۆناغی دووەمی سزاکانی سەر ئێران، کەم توانایی وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت لە بەرزکردنەوەی بڕی بەرهەمهێنانیان، دووبارە نرخی نەوت بۆ ئاستەکانی 86 دۆلار بەرزبووەتەوە. ئەمەش نیگەرانیی وڵاتانی بەکاربەری نەوتی لێکەوتووەتەوە. هەنوکە سەرباری ئەوەی بازاڕی پشکەکانی ئەمریکا لە بەرزترین ئاستی مێژوویی خۆیدایە، لەژێر فشاری بەردەوام بەرزکردنەوەی رێژەی سووی بانکی لەلایەن گەنجینەی فیدراڵیی ئەمریکا و بەرزبوونەوەی دەسهاتی قەواڵەکانی ئەو وڵاتە، بەتایبەت قەواڵە 10 ساڵەییەکان کە بۆ بەرزترین ئاستی حەوت ساڵی رابردوو بەرزبوونەتەوە، بەرزیی نرخی نەوتیش بووەتە فشارێکی دیکە. بۆیە ئەگەری روودانی قەیرانێکی مەترسیداری هاوشێوەی قەیرانی ساڵی 2008 ی ئەمریکا کە لەگەڵ دابەزینی بازاڕی پشکەکان نرخی نەوتیشی بۆ خوار 30 دۆلار دابەزاند، ئەگەرێکی بەهێزە.

دیاریکردنی پەیوەندی نێوان نرخی نەوت و بازاڕی پشکەکان، سانا نییە. لەماوەی دەیان ساڵی رابردوودا خاڵێکی ناکۆکیی نێوان بازرگانان و ئەکادیمییەکان بووە، بەڵام ئەم ناکۆکیە چەند توێژینەوەیەکی لەلایەن چەند دامەزراوەی داراییی جیهانییەوە بەدوای خۆیدا هێناوە. دەسەڵاتدارانی گەنجینەی فیدراڵی ئەمریکا، سندوقی نێودەوڵەتیی دراو، بەڕێوەبەرایەتی زانیاریی وزەی ئەمریکا و، چەند دامەزراوەی تری جیهانی توێژینەوەیان لەسەر کردووە، ئەنجامەکانیش جیاواز بوونە لەبارەی بوون و نەبوونی پەیوەندی.

دامەزراوەی بروکینگز لە شرۆڤەیەکدا تێبینی پەیوەندییەکی تارادەیەک ئەرێنی کردووە لە نێوان ئێس ئاند پی 500 کە پێنوێنی پشکی 500 گەورە دامەزراوەی دارایی و کۆمپانیا و بانکی ئەمریکییە لەگەڵ نرخی نەوت. بەڵام شرۆڤەکە بۆ دوای داکشانی نرخی نەوت لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو جیاوازە، ئەگەرچی نرخی نەوت توانیویەتی دووبارە بەرزبێتەوە، بەڵام پێنوێنەکە زیاتر بەرزبووەتەوە، لە سەرەتای 2016 کە 1850 خاڵ بوو، تاوەکو سەرەتای ئەم مانگە خۆی گەیاندە بەرزترین ئاستی مێژوویی خۆی ( 2940 خاڵ). ئەمە ئەو پرسیارە دەوروژێنێ کە بۆچی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان نرخی نەوت و بازاڕی پشکەکان نییە، بۆچی ناتوانێ بازاڕی پشکەکان ئاراستە بکات لەکاتێکدا هۆیەکی گرینگی بەرهەمهێنانە، بۆچی پەیوەندییەکی بەردەوام لە نێوانیاندا نییە؟ ئاشکرایە، وزە بەتەنها بەشداری ناکات لە بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، چەند هۆکارێکی تری ئابووری هەن کاریگەری لەسەر کۆمپانیاکان دروست دەکەن، لەوانە رێژەی سووی بانکی، کرێی کار، کەرەستە خاوەکان بۆ پیشەسازی هۆیەکانی تر کە بەشداری دەکەن لە بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاری، دابەزاندنی باجی سەر کۆمپانیاکان فاکتەرێکی تر بوون لە بەرزبوونەوەی بازاڕی پشکەکان کە بووە هۆی گەورەبوونی داهاتی کۆمپانیاکان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کۆمپانیایانە بەشێوەیەکی وا بەهێز بوون کە دەتوانن پێشبینی بۆ نرخی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و بازاڕ بکەن و دەتوانن پرۆسەی بەرهەمهێنان بگۆڕن تاوەکو قەرەبووی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بکەنەوە. بەڵام لەلایەکی ترەوە، کاتێک نرخی نەوت بەرز دەبێتەوە، کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر دەسهاتی قەواڵە 10 ساڵەییەکانی ئەمریکا دروست دەکات، لەماوەی رابردوودا هەر کاتێک دەسهاتەکانی گەیشتووەتە ئاستێکی نوێ، خێرا فرۆشتنی بازاڕی پشکەکانی لێکەوتووەتەوە، چونکە بەرزبوونەوەی رێژەی سووی بانکی بۆ بازاڕی پشکەکان نەرێنییە. دواتر بەهۆی سستبوونی بازاڕەکان دابەزینی نرخی نەوتی بەدوادادێت.

بەشێوەیەکی گشتی جیاوازیی ئاراستەکردنی نرخی نەوت و بازاڕی پشکەکان، خواست و خستنەڕووی نەوت کاریگەرییەکی سەرەکییان هەیە لەسەر نرخی نەوت، کاتێک ئابووری جیهان روو لە بوژانەوەیە لە ئەنجامی زیاد بەکاربردنی نەوتی خاو، بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی لێدەکەوێتەوە، بە پێچەوانەشەوە کاتێک خستنەڕووی نەوتی خاو بەرز دەبێتەوە و ئابووری پاشەکشە دەکات، نرخی نەوت دادەبەزێ. بەڵام هەڵبەز و دابەزی نرخی پشکەکان لەسەر بنەمای راپۆرتی داراییی کۆمپانیاکان و رێژەی باج و هۆیەکانی ترە کە بەشداری دەکەن لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا.

کاتێک نرخی نەوت بەرز دەبێتەوە، بەرزبوونەوەی تێچووی بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش قازانجی کۆمپانیاکان کەم دەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، چەند کاریگەرییەکی ناڕاستەوخۆ لەسەر بازاڕی پشکەکان دروست دەکات، هەرچەندە ئەمریکا نەوتی لە دیاریکردنی رێژەی هەڵئاوسان بەهۆی ناجێگیری لە نرخەکەی دوورخستووەتەوە، بەڵام چونکە نەوت دەتوانێت خەرجی هەر بەشداربوویەک لە ئابووری بەرز بکاتەوە، کاریگەرییەکی درێژخایەن دروست دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا گرینگی وزە کە لە بەرهەمهێنانی کاڵا و گواستنەوەیدا دەتوانێت کاریگەری لەسەر هەڵئاوسان دروست بکات، بەرزبوونەوەی خەرجیەکانی لێدەکەوێتەوە. گەنجینەی فیدراڵی ئەمریکا، کە ئامانجی مانەوەی رێژەی هەڵئاوسانە لەئاستی 2%، بەرزبوونەوەی رێژەکە بۆ سەرووی ئامانجەکەی هانی بەرزکردنەوەی رێژەی سووی بانکی دەدات و ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی بۆ بازاڕی پشکەکان نەرێنییە. بە گوێرەی شرۆڤەیەکی گەنجینەی فیدراڵی کە لە ساڵی 2017 کراوە، نرخی نەوت کاریگەرییەکی سنووردار بەڵام درێژخایەنی لەسەر رێژەی بنەڕەتی هەڵئاوسان هەیە، رێژەی هەڵئاوسان بەرز دەکاتەوە و ئەمەش هانی گەنجینەی فیدراڵی دەدات تاوەکو رێژەی سوو بەرز بکاتەوە. فشار لەسەر بازاڕی پشکەکان دروست دەکات، دواتر دابەزینی نرخی نەوت.

هەرچەندە جروم پاوڵ، سەرۆکی گەنجینەکە لە 3ی ئەم مانگە رایگەیاند کە "ئێمە هیچ جۆرە مەترسییەک نابینین لەسەر بازاڕە داراییەکان و سیستەمی بانککاری، دەشڵێت چیتر پێویستمان بە نزمیی رێژەی سووی بانکی نییە، گونجاو نییە لەگەڵ ئابووریمان. قسەکانی دەسهاتی سەر قەواڵە 10 ساڵەییەکانی ئەمریکای گەیاندە بەرزترین ئاستی حەوت ساڵی رابردوو. پاوڵ ئاماژەی بە بەرزکردنەوەی رێژەی زیاتری سووی بانکی کرد، بە نەرێنی لەسەر بازاڕی پشکەکان شکایەوە. یەک رۆژ دوای قسەکانی پاوڵ پێنوێنی داوجۆنسی پیشەسازیی ئەمریکا پاشەکشەی کرد. نرخی نەوتیش لە دوای ئەو قسانە لە ئاستەکانی سەروو 86 دۆلار بۆ 84 دۆلار پاشەکشەی کرد. بەڵام متمانەی وەبەرهێن و بازرگانەکان بە ئابووریی ئەمریکا بەراورد بە پاوڵ جیاوازە. هەریەکە لە بیل گەیتس، دامەزرێنەری مایکرۆسۆفت و وارن بافیت کە وەبەرهێن و بزنسمانێکی گەورەی ئەمریکایە، هۆشداری دەدەن سەبارەت بە سەرهەڵدانی قەیرانێکی هاوشێوەی ساڵی 2008 ی ئەمریکا. ئەوان دەڵێن قەیرانێکی تری دارایی حەتمیە و روودەدات. بێگومان لە ئەگەری روودانیدا، نرخی نەوت بە شێوەیەکی کتوپڕ دادەبەزێ.

لە ئەنجامدا، بەردەوامیدان بە بەرزکردنەوەی رێژەی سووی بانکی، سستیی بازاڕەکانی لێدەکەوێتەوە و خواستی کۆمپانیاکان لەسەر نەوت دادەبەزێنێ، چونکە ئابووریی ئەمریکا ئەو گەشە خێرایەی لە ئەنجامی نزمیی رێژەی سوو کردووە، بەرزکردنەوەی رێژەکە دووبارە بڵقێکی هاوشێوەی یانزە ساڵی رابردووی کەرتی خانووبەرەی ئەمریکا دروست دەکات و بازاڕی پشکەکان دادەبەزێنێ و نزمبوونەوەی نرخی نەوتی بەدوادا دێت، پێویستە وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت چاوەڕوانی قەیرانێکی مەترسیدارتر لەوەی 2008 بکەن و ئامادەکاری بکەن.

## فیلمی دەرهێنەرێکی کورد کاندیدی فێستیڤاڵی وایلد سکرینە



**ڕووداو– هەولێر**

فیلمێکی دیکۆمێنتاریی فەتحوڵڵا ئەمیری دەرهێنەری کوردی ئیلام، لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی ژینگەی وایڵد سکرین-ی بەریتانیا بەشداریی کردووە و یەکێکە لە سێ کاندیدی خەڵاتی فیلمی دکیۆمێنتاریی فیستیڤاڵەکە.

فیلمی دیکۆمێنتاریی (ئەفعیی کلک جاڵجاڵۆکەیی) سەبارەت بە مارێکی دەگمەنە، کە تەنیا لە ژینگەی کێویی ئیلامدا دەژی و لەم دواییانەدا دۆزراوەتەوە و لەڕێگای فیلمەکەوە جیهان ناسیویەتی، سەری کلکی مارەکە لە شێوەی جاڵجاڵۆکەیەکە و بە مەترسیدارترین ماری جیهان ئەژمار دەکرێت. مانگی ڕابردووش فیلمێکی ئەو دەرهێنەرە کوردە بەناوی ژینگەپارێز و پڵنگ، لە فێستیڤاڵی فیلمی دکیۆمێنتاریی گرین سکرین-ی ئەڵمانیا خەڵاتی یەکەمی بەدەست هێنا.

### ئەمیر غولامی، دەرهێنەری لاوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

# ئەو خەڵاتانەی ئێمە وەریاندەگرین هیچ نرخیان نییە

### ئێمە تا ئێستا بینەری کوردمان دروستنەکردووە



**ئەمیر غولامی**

- ساڵی 1984 لە بۆکان لەدایکبووە
- ماستەری هەیە لە سینەما
- لە دووەمین فێستیڤاڵی فیلمی سلێمانی خەڵاتی باشترین دەرهێنەری وەرگرت
- ئەمساڵ بە فیلمی "زەریا شەپۆل شەپۆل دەهەژێ" بەشداری فێستڤاڵەکەی کرد.

**لیزا محەممەد**
**ڕووداو– سلێمانی**

ئەمیر غولامی، دەرهێنەری ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، بە فیلمی "زەریا شەپۆل شەپۆل دەهەژێ " بەشداریی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی سلیمانی کرد. فیلمەکەی ئەمیر چەندین خەڵاتی بردووەتەوە، فیلمەکەی باسی جەنگ دەکات و تێیدا ڕەئووف محەممەدی ڕۆڵی کەسێک دەبینێ کە لەسەر دەریا دەژی و بۆ مردووەکانی جەنگ تابووت دروستدەکات، ئەم فیلمە پێشتر خەڵاتی باشترین سیناریۆی لە ئێران وەرگرتووە.

ئەمیر غولامی لە پەراوێزی فێستیڤاڵەکەی سلێمانیدا لەبارەی "سینەمای کوردی" قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی کە لە کوردستان "وەک پرۆسەیەکی هونەری بیر لە سینەما نەکراوەتەوە.. ئێمە تەنیا بەشی ڕۆژێک و ساڵێک بیردەکەینەوە، بیر لە 30 ساڵی دیکە ناکەینەوە، هۆکاری ئەمەش دروستنەبوونی زەمینەیەکی سینەماییە کە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی سینەما بێنە ناوی، لەوانە دەسەڵات، زانکۆ، میدیا، نمایش و نواندن، من هەر خۆم بەتەنیا فیلم دروست دەکەم و بەرهەمی دەهێنم لە کاتێکدا ئەمە پێویستی بە زەمینەیە، ئەرکی دەوڵەتە کە پێداویستیی سینەما دروست بکات، تەنیا دروستکردنیشی بەس نییە، پێویستە فیلمی تێدا نمایش بکرێت، فیلمت نییە پێویستە دروستی بکەی، پێویستە دەرهێنەر هانبدەیت بۆ بەرهەمی زیاتر، پێموایە تا ئەو زەمینەیە دروست نەبێت، سینەمای کوردی هەر بەمجۆرە بەردەوام دەبێت ".

### بینەری کورد پێی خۆشە سەیری فیلمێکی ژێرنووسی ئینگلیزی بکات

غوڵامی دڵخۆش نییە بەو خەڵاتانەی فیلمە کوردییەکان لە فێستیڤاڵەکاندا وەریدەگرن "سەیری ئەوە مەکەن کە ساڵانە ئێمە خەڵات دەکرێین. هیچیەک لەو خەڵاتانە نرخیان نییە، بۆ نرخیان نییە؟ چونکە هەرخۆی ئەو خەڵاتانە گەورە نین، ڕەنگە لە تەواوی مێژووی سینەمای کوردی ئێمە خاوەنی چەند خەڵاتێکی دیار نەبین، هەرچەندە سوپاسی بەهمەن قوبادی و یەڵماز گونەی دەکەم بۆ خەڵاتەکانیان، بەڵام دەرهێنەر هەیە لە نیکاراگوا خەڵاتی بەدەستهێناوە، ئەمە شتێکی مەزن نییە، بۆیە خەڵاتەکان بێ نرخن، چونکە ئێمە بینەری کوردمان دروستنەکردووە، بینەری کورد پێی خۆشە سەیری فیلمێکی ژێرنووسی ئینگلیزی بکات وەک لەوەی سەیری فیلمێکی کوردی بکات، لەبەرئەوەی تۆ بینەرێکت دروستنەکردووە بینەری فیلمی کوردی بێت، لەبەر ئەوەی من نەهاتووم بانگتان بکەم، نمایش بکەم ، فیلمتان پێشکەش بکەم، بەڵکو چوومەتە فەرەنسا و داوام لە خەڵکی فەرەنسا کردووە بێن فیلمەکەم ببینن و خەڵاتێکم بدەنێ و بێمەوە بڵێم من خەڵاتم بەدەستهێنا و کەسێکی گەورەم".

غوڵامی بۆسەرپێخستنی سینەمایەکی ڕاستەقینە ڕای وایە کە دەبێ پلان بۆ 30 ساڵی دیکە دابنرێ "ئێمە دێین لە فێستیڤاڵەکاندا بەشداری دەکەین و پارەیەکی زۆر خەرج دەکەین و دواتر دێینەوە خاڵی سەرەتا، وەک ئەوەیە هێڵێکی شەمەندەفەر دروستبکەیت، بەڵام شەمەندەفەرت نەبێ بەسەریدا بڕوات، بزمارداکوتینی ساڵانە شەمەندەفەرەکە ناخاتەڕێ. لە کۆریا تا ساڵی 1995 نزیکەی 60%ی ئەو فیلمانەی دەبینران و نمایشدەکران فیلمی دەرەکی بوون، بەڵام کۆریا بڕیاری دا لەماوەی بیست ساڵدا ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، ساڵی 2010 کارێکی کرد 60%ی بەرهەمەکانی ئاسیا کۆری بوون".

غوڵامی ڕەخنەی لە چیرۆکی چەندبارەبووی فیلمە کوردییەکانیش هەیە و دەڵێت ئەوانەی کاری فیلم دەکەن بازنەیەکیان بۆ خۆیان کێشاوە، لەنێو ئەم بازنە دەخولێنەوە و دەترسن لێی بێنە دەرەوە، بۆنموونە وا بیردەکەنەوە کە مادام فێستیڤاڵی کان خەڵاتی بەخشیوە بە فیلمەکەی بەهمەن قوبادی، گەر منیش فیلمێکی وەک ئەوەی بەهمەن بەرهەمبێنم ڕەنگە خەڵات ببەمەوە، ئەمە خۆی نییە، تەنیا لەبەرگرەوەیە، ئەمە لە بازنەکەدا دیلە، دووەم هۆکار ئەو کەسانەی کە کاری سپۆنسەری دەکەن بەهەمان جۆر بیردەکەنەوە، سپۆنسەری فیلمێک دەکەن هاوشێوەی ئەو فیلمانە بێت کە خەڵات دەبەنەوە، بەدوای شتی نوێدا ناگەڕێن، بەمە دەگوترێت یەک دەنگی، لە سەرەتای هەر فیلمێکەوە ئێمە هەموو ڕووداوەکان دەزانین و دەزانین لەکۆتاییدا چی دەگوزەرێت، تا کاتێک کە فرەدەنگی نەیەتە نێو سینەمای کوردی ئەو دووبارەیییە چارەسەر نابێت".

### فیلمی کوردی تام و بۆنی دۆکیومێنتاری هەیە

ئەو سەبارەت بە نێوەڕۆکی فیلمەکانی خۆی دەڵێت: "من خۆشحاڵم کە هەردوو فیلمەکەم بە ستایلێکی تایبەت و جیاواز بوون لە سینەمای کوردی، من جەنگم نەفی کردووە، جەنگ دەتوانێت هەم کەرکووک بێت، هەم شنگال و هەم کۆبانێ بێت، کێشەیەکی دیکەمان ئەوەیە بیر لە جەنگی سێ ساڵی دیکە ناکەینەوە، تەنیا بیر لە یەک جەنگی تایبەت دەکەینەوە، بۆنموونە فیلم هەیە بودجەیەکی زۆری بۆ تەرخانکراوە سەبارەت بە شەڕی کەرکووک، بەڵام سبەی جەنگی شنگال ڕوودەدات، فیلمەکەی ئەو سوودی نابێت بۆ دۆخی شنگال، لەبەرئەوەی تایبەتی کردووە بە شارێک، گشتگیر نین، فیلمی کوردی تام و بۆنی دۆکیومێنتاری هەیە، چیرۆک نییە، دۆکیومێنتارە و شێوەی چیرۆکی پێ بەخشیوە".

### دەرهێنەری فیلمی محەممەد:

# هیوادارم فیلمی محەممەد لە کوردستان نمایش بکرێ

**ڕووداو – سلێمانی**

مەجید مەجیدی، دەرهێنەری فیلمی محەممەد پێغەمبەری ئیسلام کە بەناوبانگترین فیلمی سینەمایی ئێرانە و زۆرترین بودجەی لەو وڵاتە بۆ تەرخان کرا (40 ملیۆن دۆلار)، گوتی کە شانازی دەکات بەوەی لە فێستیڤاڵی فیلمی سلێمانی بەشدارە، داواش دەکات فیلمەکەی کە لە هەموو وڵاتە عەرەبییەکان قەدەغەکراوە، لە هەرێمی کوردستان پیشانبدرێت.

مەجید مەجیدی لەسەر فەرشی سووری فێستیڤاڵی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، شانازی دەکەم کە لە سلێمانیم، داوادەکەم فیلمی محەممەد کە لە تەواوی وڵاتە عەرەبییەکان قەدەغەکراوە، لە سلێمانی و تەواوی کوردستان پیشانبدرێت.

مەجیدی گوتیشی؛ "بە فیلمێک بەشداری لە فێستیڤاڵی فیلمی سلێمانی دەکەم، هەست دەکەم ئەمە ئەزموونێکی نوێ دەبێت بۆ من، بەردەوامی ئەم فێستیڤاڵە گرنگی تایبەتی هەیە، هیوادارم هەموو شتێک بەباشی بەڕێوەبچێت و فێستیڤاڵەکە بەردەوام بێت".



### هاوژینی جەعفەر پەناهی بۆ ڕووداو:

# خەڵاتی شکۆمەندی باشترین خەڵاتە بە جەعفەر پەناهی بەخشرابێت



**دەریاز یونس**
**ڕووداو – سلێمانی**

دوای بەخشینی خەڵاتی شکۆمەندیی نێودەوڵەتی لەلایەن مەستی فیلمەوە، لە چوارچێوەی چالاکییەکانی سێیەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی سلێمانی بە جەعفەر پەناهی، سینەماکار و دەرهێنەری ناوداری ئێرانی، تاهیرە سەعیدی، هاوژینی ئەو دەرهێنەرە کە ئێستا لە سلێمانیە بە (ڕووداو)ی گوت: "جەعفەر پەناهی چەند ڕۆژێک بەر لەئێستا لە ئەنتالیا خەڵاتێکی بردەوە، ڕۆژێک پێشتریش لە هامبۆرگ خەڵاتی بەدەستهێنا، هەرکام لە خەڵاتەکان بۆنەیەکی تایبەت بەخۆیان هەیە، خەڵاتەکەی هامبۆرگ بەبۆنەی شتێکی دیکەوە بوو، لە ئەنتالیاش فیلمەکەی خەڵاتی پرتەقاڵی زێڕینی بردەوە، ئەم خەڵاتەشیان تاڕادەیەک خەڵاتێکی سیاسییە، هەروەک پێیانگوتم ئەمە خەڵاتی شکۆمەندییە و بەو کەسانە دەبەخشرێ کە سەرباری هەموو کێشە و گرفتەکانیان فیلم دروستدەکەن، هەروەها بەرگری لەڕاستی دەکەن".

تاهیرە سەعیدی هەروەها گوتی: "جەعفەر چەندین ساڵە ڕێگەی کارکردنی پێنادرێت، بەڵام ئەو هەر بەنهێنی کار دەکات، بۆ نموونە کاتێک دەست بەکارێک دەکات پێشتر مۆبایلەکان دەکوژێنینەوە و ئەو کاستەی کاریان لەگەڵ دەکات سنووردارن و ئەو کەسانەن کە دەیانناسێت، ئیتر هەر بەمجۆرە بەنهێنی کار دەکات تاوەکو کارەکە تەواو دەبێت، کاتێکیش تەواو دەبێت چەند کۆپییەک لە فیلمەکە لەشوێنی جیاواز دادەنێت، بۆئەوەی ئەگەر یەکێک لە کۆپییەکان دەستی بەسەردا گیرا، ئەوانی دیکە بمێننەوە".

تاهیرە سەعیدی دەڵێت "خەڵاتی شکۆمەندی باشترین خەڵاتە تائێستا بە پەناهی بەخشرابێت. چونکە ئەو ماوەی بیست ساڵ ناتوانێت سیناریۆ بنووسێت، بیست ساڵ ناتوانێ سەفەر بکات، کاری دەرهێنان بکات، بیست ساڵ ڕێگەی چاوپێکەوتنی پێنادرێت بۆ میدیاکان".

جەعفەر پەناهی، سینەماکاری بەناوبانگی ئێرانی- جیهانی لە پەیامێکی ڤیدیۆییدا بۆ فێستیڤاڵەکە باسی کاریگەریی سینەمای لەسەر کولتوور و فەرهەنگسازی کرد و گوتی: "چەندە فێستیڤاڵ لەم ناوچانەدا هەبن ئەوەندە یارمەتی پرسە کولتوورییەکان دەدەن، ناوچەیەک کە بەردەوام گیرۆدەی توندوتیژی بووە، ئەگەر هەرئێستا ڕێگەم پێبدرابایە لە وڵاتەکەم بێمە دەرەوە و چەندین فێستیڤاڵ بانگهێشتیان کردبام، بێگومان سلێمانیم هەڵدەبژارد".

هەروەها دەڵێت: "ئێمە لەڕێگەی سینەماوە دەتوانین کاری گەورە بکەین، دەتوانین بەماف و ئازادییەکانمان بگەین، مژارە جۆراوجۆرەکان چارەسەر بکەین، زۆر بەداخم کە نەمتوانی بەشداری فێستیڤالەکە بکەم، بەڵام خۆشحاڵم کە هاوژینەکەم لەوێیە و بەنوێنەرایەتی من ئەو خەڵاتە وەردەگرێت".

# لەکۆی 600 فیلمی دۆکیومێنتاری 41 فیلم نمایش دەکرێن

**دەریاز یونس**
**ڕووداو – سلێمانی**

بۆ سێیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی سلێمانی 600 فیلمی دۆکیومێنتاری نێردراون، بەڵام لەو ژمارەیە تەنیا 41 فیلم نمایش دەکرێن.

تاهیر عەبدوڵڵا، ئەندامی ستافی هەڵبژاردنی فیلمەکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، هەڵبژاردنی فیلمەکان بەسێ قۆناغدا تێپەڕیوە، بەپێی ڕێنماییەکانی مەستی فیلم ئەو فیلمانە مافی بەشداریی فێستیڤاڵیان هەبوو کە بەرهەمی ساڵانی 2017-2018 بن، بۆیە لەکۆی 600 فیلم لیژنەی تایبەتی مەستی فیلم تەنیا 250 فیلمیان خستە بەردەستمان، لەو ژمارەیەش 74 فیلممان دەستنیشان کردن کە شیاوی نمایشکردنن، بەڵام بەپێی ڕێنماییەکان دەبوو ئەو فیلمانە ماوەکەیان لە 15 خولەک کەمتر نەبێت و لە 60 خولەکیش زیاتر نەبێت، هەروەها ژێرنووسی کوردی یان ئینگلیزی کرابن، بۆیە لەکۆتاییدا 41 فیلم دەستنیشان کران، کە بچنە فێستیڤاڵەوە، لەو ژمارەیەش 13 فیلمیان کوردین، ئەوانی دیکە بەرهەمی وڵاتانی ئەورووپا و وڵاتە عەرەبییەکان و وڵاتانی دراوسێی کوردستانن".

### زوبەیدە بەڵوودی بۆ ڕووداو:

# فێستیڤاڵی سلێمانی زۆر بەچێژتر بوو لە فێستیڤاڵی کان



**دەریاز یونس**
**ڕووداو – سلێمانی**

خانمە سینەماکاری بەناوبانگی بە ڕەچەڵەک کورد زوبەیدە بەڵوودی کە ڕۆڵی سەرەکی لە فیلی کچانی خۆر هاوشانی گوڵشیفتە فاراهانی دەبینێت، دەڵێت فێستیڤاڵی سلێمانی چێژی زیاتری بۆ ئەو هەبووە وەک لە فێستیڤاڵی کان.

زوبەیدەی تەمەن 32 ساڵ کە لەتەمەنی سێ ساڵییەوە لە ئەڵمانیا دەژیێت، خوێندنی شانۆی لەو وڵاتە تەواو کردووە، یەکەمجاریەتی لە فیلمێکی سینەماییدا بەشداری دەکات. ئەو دەڵێت: "من قژزەرد و چاوشین نیم، هەربۆیە کارکردن بۆ من بەکوردی زۆر پیرۆزترە لە ئەڵمانی، چونکە من کوردم و کوردبوون لەخوێنمدایە، دەتوانم لە فیلمێکی کوردیدا ئاسانتر کار بکەم وەک لە ئەڵمانی، لەبەرئەوەی ئەڵمانییەک ناتوانێت لەکێشەکانی ژنێکی کورد تێبگات".

دەربارەی فێستیڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتی سلێمانی زوبەیدە گوتی: "فیلمی کچانی خۆر لە فێستیڤاڵی (کان)یش هەبوو، بەڵام فێستیڤاڵی سلێمانی بۆ من بەچێژتر بوو تا فێستیڤاڵی کان، چونکە لەوێ خەڵکەکەی ئینتەرناشناڵن و هەست بەکێشەی تۆ ناکەن، بەڵام لێرە کورد لەناو کێشەکاندا دەژین، بۆیە لە فیلمەکە تێدەگەن و پێشوازی گەرمی لێدەکەن. ئەمە هەستێکی خۆشە بۆ ئێمە".










ئۆفیسی سەرەکی: سەدەف پلازا، 100 مەتری، تەنیشت پاسەپۆرتی هەولێر
لقی دووەم: هەولێر، 60 مەتری، نزیک بەرزە پردی عەنکاوە



## لە گوندێکی سەنگاو ژنێک کوژرا

**ڕووداو- سەنگاو**

بەڕێوەبەری ناحیەی سـەنگاو ڕایگەیاند، لە گوندێکی سـنوورەکەیان ژنێکی تەمەن 24 سـاڵ بە گوللە کوژراوە، گوتیشـی "بەپێی قسـەی پیاوەکەی، ئەو ژنە خۆی کوشتووە".

مەمەند ڕەشید ئەحمەد، بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگاو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، شەوی 2018/10/13 لە گوندی دەروێشانی ناحیەی سەنگاو، ژنێکی تەمەن 24 ساڵ بەناوی (خەڵات ئەبوبەکر) بە گوللە کوژراوە. گوتیشـی: "بە گوتەی پیاوەکەی بەهۆی دەمەقاڵێیەکەوە کە لەسـەر منداڵەکانیان دروسـت بووە، ژنەکە خۆی کوشتووە". بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگاو ئەوەشی گوت کە "ئێستا هاوژینی ژنە کوژراوەکە بەناوی (حەسەن قادر) بەبڕیاری دادوەر دەستگیرکراوە و لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا دەستپێکردووە".

## نیوەیان لە لیستی پارتین

# 10 ژن بەبێ کۆتا دەچنە پەرلەمان

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

تاوەکو ئێستا 10 ژن بەبێ سیستەمی کۆتای ژنان بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردسـتان سـەرکەوتوون، هەندێکیـان دەڵێن جیـاواز لە هەڵبژاردنەکانـی دیکـە، زۆرتر دەنگـدەری ژن دەنگیان پێداون. بەربژێرێکی ژنیش سیستەمی کۆتای ژنان بە خواردنی مافی پیاوان دەزانێت و دەڵێت ئەگەر بە کۆتا دەربچم، ناچمە پەرلەمان.

> ئەگەر بە کۆتا دەرچم ناچمە پەرلەمان
>
> بەربژێرێکی ژن

شـیرین ئەمیـن، بەربژێری لیسـتی گۆڕان، یەکێکـە لـەو ژنانـەی بەبـێ کۆتـا دەچێتـە پەرلەمـان، ئەو بـە (ڕووداو)ی گـوت: "بەپێی زانیارییەکانم من لەدوای سەرۆکی لیستی گۆڕان دووەم زۆرترین دەنگم هێناوە، لەگەڵ د. شایان عەسکەری بەبێ کۆتای ژنان دەچینە پەرلەمان، چەند بەربژێرێکی دیکـەش هەن دەنگی زۆریان هێنـاوە، بەڵام هێشـتا دڵنیانین لـەوەی بەبێ کۆتای ژنان دەچنە پەرلەمان".

شـیرین کە هاوژینـی ڕۆژنامەڤانی تیرۆرکراو کاوە گەرمیانییە، هۆکاری بەدەسـتهێنانی ئەو ژمـارە زۆرەی دەنگ بۆ خەباتـی خانەوادەکەی و کەیسی هاوژینەکەی دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت: "هـۆکاری دەرچوونی من ڕەنگە جیاواز بێت لەو بەربژێرە ژنانەی دیکە کە بەبێ کۆتا دەرچوون، چونکە من هاوژینی کاوە گەرمیانیم کە قەڵەمێکی ناسراو بووە و داکۆکی لە قووتی خەڵک کردووە و هـەر لەسـەر داکۆکیکـردن لە خەڵـک تیرۆر کراوە، بۆیـە بەدڵنیاییەوە ئەوانەی دەنگیان بە ئێمە داوە وەکو خۆمان دڵنیان لەوەی لەپێناوی بەرژەوەندیی خەڵک خۆمان بەربژێر کردووە و لە پەرلەمانیشـدا نوێنەرایەتی خەڵک و داواکانیان دەکەین".

بەربژێرەکـەی گـۆڕان پێیوایـە دەبێـت لەم خولەی پەرلەماندا پرسـەکانی ژنکوژی و کێشە کۆمەڵایەتییـەکان بەهەند وەربگیرێن، شـیرین ئەمین دەڵێـت: "دەبێت پەرلەمانتـارە ژنەکان کار لەسـەر ئەو یاسایانە بکەن کە پەیوەندییان بـە کێشـە کۆمەڵایەتییـەکان و حاڵەتەکانـی ژنکوشـتن هەیـە، ئەمانـە لـەدوای ڕاپەڕینەوە نەک هـەر کەم نەبوونەتەوە، بەڵکـو زۆر زیاتر بوون و لەلایەن دەسـەڵاتدارانەوە ئاسانکاری بۆ بکوژانی ژن کراوە، بەشێک لەو پیاوانە تەنانەت ڕادەسـت نەکراون، یان هەر ڕووبەڕووی یاساش نەکراونەتەوە".

مامەڵە و ڕێگریی حیزبەکان لە ژنان بەبڕوای شـیرین هۆکاری سیسـتەمی کۆتایـە و دەڵێت "کاتێک ئافرەتێکی بەهێز دەردەکەوێت، هەمیشە لەمپەری بۆ دروستکراوە و لێیدراوە، حیزبەکان متمانەیـان بـە ژن نەکـردووە کـە پۆسـتێکی بـاڵای پێبدەن، پێموایە ئەمانە جۆرێکی دیکەن لـە توندوتیـژی بەرامبـەر ئافرەتـان، هەمـوو حیزبەکان ڕێکخراویان بەناوی ژنان هەیە، بەڵام نەیانتوانیوە لەژێر دەستی حیزب بێنە دەرەوە و کار بۆ پرسـی ئافرەتان بکەن، حیزبێک نابینی ئافرەتێک ڕابەرایەتی بکات، یان بەرپرسیارێتی دامودەزگایەکـی گرنگی جێبەجێکاری پێبدرێت کە جێدەستی دیار بێت، بۆیە هەمیشە ژن وەک پلە دوو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت".

> بەربژێرە پیاوەکان قوربانی کۆتای ژنانن
>
> ژنە بەربژێرێک

خەدیجـە عومەر، بەربژێری لیسـتی پارتی کـە وەک خـۆی دەڵێت لـە سـنووری هەولێر دووەم زۆرتریـن دەنگی لەنێو بەربژێرە ژنەکانی لیستەکەی هێناوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "6945 دەنگم هێناوە و هێشـتاش 15%ی سندووقەکان یەکلانەکراونەتـەوە، هێنانی ئەو دەنگە زۆرە بۆ هاوکاریی کەسـوکار و هاوڕێکانم و ماندووبوونی خۆم لەکاتی بانگەشـەدا دەگەڕێتـەوە، چوومە شـار و گوندەکان و لە دەرگای هەموو کەسێکم دا و توانیمان بڕوا بە دەنگدەرەکانمان بهێنین کە دەنگمان پێبدەن".

ئـەو بەربژێـرەی پارتی کە کچە شـەهیدە و پێشتر مامۆسـتا و فەرمانبەریش بووە، دەنگی زۆربـەی مامۆسـتا و فەرمانبـەرە ژنەکانی لەو ڕێگەیـەوە بەدەسـتهێناوە. خەدیجـە دەڵێت: "لەکاتـی بانگەشـەدا جگـە لـە پیـاوان، زۆر ئافرەتیشـم بینیـن، مـن پێشـتر فەرمانبەر و مامۆستاش بووم، بۆم شیکردنەوە کە کێشەکانی ژنانی فەرمانبەر و مامۆسـتام بینیوە و دەتوانم لـە پەرلەمـان لەڕێگـەی یاسـاکانەوە داکۆکی لـەوان و هەمـوو ئافرەتانـی دیکـەش بکەم و کار بۆ چارەسـەرکردنی ئـەو گرفتانە بکەم کە ڕووبەڕوویـان دەبێتەوە، بۆیـە پێموایە زۆربەی دەنگدەرانی من ئافرەت بوون".

> زۆرترین دەنگدەرەکانم ژن بوون
>
> خەدیجە عومەر

ژنـە بەربژێرێک کـە دەنگێکـی زۆری لەنێو لیسـتەکەیدا بەدەسـتهێناوە، پێیوایـە بەهۆی سیستەمی کۆتای ژنانەوە مافی پیاو دەخورێ، ئـەو بەربژێرە کـە لەبـەر دڵنیانەبوونی لەوەی بەبێ کۆتای ژنان دەچێتە پەرلەمان نەیویسـت نـاوی بهێنرێت، بە (ڕووداو)ی گوت: "من پێش بانگەشـە و لە کاتی بانگەشـەش شەڕی ئەوەم دەکـرد کە نامەوێت بەهۆی سیسـتەمی کۆتای ژنانەوە مافی پیاوێک بخۆم دەنگی لە من زۆرتر هێنابێت، شەڕی ئەوەم بوو کە نابێت ژن بە کۆتا بڕواتە پەرلەمان، بەڵکو پێویستە ژن هەوڵبدەن و خۆیان بسەلمێنن و هەر خۆیان کۆتا نەهێڵن، بەڵام ئەم سیسـتەمە دانراوە و بەدەستی ئێمە نییە، پەیوەندی بە هۆشـیاریی کۆمەڵگاشـەوە هەیە".

ئەو ژنە بەربژێرە دەشـڵێت: "ئەگەر بە کۆتا دەربچـم ناچمـە پەرلەمـان، چونکـە نامەوێت ماندووبوونی پیاوێک ببەم و بچمە سەر حازری، پێموایە بەهۆی کۆتـای ژنانەوە پیاو دەبێت بە قوربانـی، ئەمەش تاوانی سیسـتەمەکەیە نەک ئێمـە، بەڵام تاوانـی ئێمە ئەوەیـە کە خۆمان ناسەلمێنین".

هێشتا کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردسـتان ئەنجامی کۆتایی دەنگدانی ڕانەگەیاندووە، بەڵام بەپێی زانیارییەکان، ئەگەر گۆڕانکاریی گەورە لە ئەنجامەکاندا ڕوونەدات، لە لیسـتی پارتی د. ڤالا فەرید، خەدیجە عومەر، جوان ڕۆژبەیانـی، لەیلا عەبدولجەبـار، نەجات ئامێدی و ڕۆژان ئیبراهیم، لە لیسـتی گۆڕانیش شـیرین ئەمین و د. شایان عەسکەری. بێگەرد تاڵەبانی لە یەکێتی و مژدە مەحموود لە نەوەی نوێ بەبێ سیستەمی کۆتای ژنان دەبنە ئەندامی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان.




# هاوژینەکەی خۆی و پیاوێکی دیکەش دەکوژێت

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- دهۆک**

لە پارێزگای دهـۆک پیاوێک هاوژینەکەی و کەسـێکی دیکە دەکوژێت و پاشـان خۆی ڕادەستی پۆلیس دەکات.

شـەوی 10ی ئـەم مانگـە (تشـرینی یەکەم) پێشـکەفت فایەق، تەمەن 32 سـاڵ و دانیشـتووی شـاری دهۆک کە باوکی سێ منـداڵ بـوو، لەلایـەن (م، م) تەمـەن 38 سـاڵان دەکوژرێت. دوای کوشتنی ئەو، (م، م) لـە ئامێدی هـەر هەمان ڕۆژ هاوژینەکەی خۆیشـی بەنـاوی (دوین) کـە تەمەنی 30 ساڵ بوو، دەکوژێت.

(م،م) دوای ئەنجامدانـی هـەردوو تاوانەکـە، خۆی ڕادەسـتی پۆلیسـی دهۆک کـردووە و دانـی بـە تاوانەکەیـدا نـاوە کە هەردووکیانـی کوشـتوون، بەڵام تا ئێسـتا هۆکاری کوشـتنەکەیان بۆ میدیاکان ئاشکرا نەبووە.

دوای ڕووداوەکـە، پۆلیسـی دهـۆک پـەڕاوی لێکۆڵینەوەی کـردەوە، ڕائید هێمن سـلێمان، گوتەبێـژی پۆلیسـی دهـۆک بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد: "ڕۆژی 10 ی مانـگ ئاگادارکراینەوە لە ڕووداوێکی کوشتن، ئێمە گەیشـتینە شـوێنی ڕووداوەکە، تاوانبارەکە پـاش کوشـتنی پێشـکەفت بـە ماوەیەکی کەم، لە شاری ئامێدی هاوژینەکەی خۆیشی کوشـتبوو، دواتر خـۆی ڕادەسـتی پۆلیس کرد".

ڕائیـد هێمـن گوتیشـی: "دوای ئـەوەی تۆمەتبارەکـە خۆی ڕادەسـتی پۆلیس کرد، دەسـتمان بە لێکۆڵینەوە کردووە و هێشـتا بەردەوامین".


پێشکەفت فایەق

زیـرەک فایەق، برای پێشـکەفت باسـی برایەکـەی بـۆ (ڕووداو) کـرد و گوتـی: "برایەکەم خاوەن ئیشـی خۆی بوو، کێشەی لەگەڵ کەس نەبوو، باوکی سـێ منداڵ بوو، من لـە ماڵـەوە دانیشـتبووم پەیوەندییان پێوەکـردم و گوتیـان وەرە نەخۆشـخانە برایەکەت لێرەیە، کە چووم بینیم کوژرابوو".

زیـرەک بـە سەرسـوڕمانەوە دەڵێـت: "ئـەو پیاوەی براکەمی کوشـتووە نایناسـم، ژنەکەشـی کە کـوژراوە ئەویش ناناسـین، نازانیـن بۆچی براکەمی کوشـتووە و دواتر ژنەکەی خۆی، ئێمەش چاوەڕێی دەرکەوتنی وەڵامـی ئـەو پرسـیارەین و چاوەڕوانـی لێکۆڵێنەوەی پۆلیسـین تا دەگەینە ڕاستی ڕووداوەکـە، چونکە برایەکەم تاوانی نەبووە کە کوژراوە".

زیـرەک هەروەهـا گوتـی کـە بـاری تەندروسـتیی براژنەکـەی لـەدوای ئـەو ڕووداوە تێکچـووە "دەڵێـت چۆن من ئەو 3 منداڵـە گەورە بکـەم، منداڵەکانم بێ باوک مانەوە، بەوهۆیەوە ئێسـتا بـاری دەروونی باش نییە".

کەسـێکی نزیـک لـە کەسـوکاری ژنـە کوژراوەکـە کـە نەیویسـت (ڕووداو) ناوی بڵاوبکاتـەوە، باسـی ژیانـی دوینـی کرد و گوتـی: "مـن لە نزیکەوە ئەو ژنە دەناسـم، ئافرەتێکـی زۆر باش و هێمن بوو، کێشـەی لەگـەڵ هیچ کەسـێک نەبوو، خاوەنی سـێ منـداڵ بـوو، ژنی ماڵەوە بوو، چەند سـاڵە شـووی بە (م) کردووە، تا ئێستا لە قسەی دەرنەچووبـوو، تا ئێسـتا باوەڕناکەم چۆن مێردەکەی دڵی هات بیکوژێت؟".

ئـەو کەسـە نزیکـەی دویـن هەروەهـا گوتی: " بە گوێرەی ئەو قسانەی زانیومانە، گوایە مێردەکەی لەسـەر ئەوە کوشتوویەتی کـە دوین خیانەتی لێکـردووە و لەگەڵ ئەو پیاوە پەیوەندی هەبووە، بەڵام دڵنیام شتی وا ڕووینەداوە".

## 5 جاری دیکە هەوڵی خۆکوشتنی دابوو

# ژنێک لە حاجیئاوا خۆی دەخنکێنێ

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕانیە**

تەمەنی 48 ساڵە و پێشتر 5 جار هەوڵیداوە کۆتایی بە ژیانی بهێنێت، هاوژینەکەی دەڵێت: "هاوژینەکەم نەخۆشیی دەروونی هەبوو، هەم بەهۆی نەخۆشییەکەی و هەمیش بەهۆی ئەو سەختییانەی لە ژیانیدا ڕووبەڕووی بوونەتەوە خۆی خنکاند".

شـعریە عەبـاس باپیـر، ژنێکـی تەمەن 48 سـاڵان، دانیشـتووی گەڕەکی سەردەمی شـارۆچکەی حاجیاوا، لە نیوەڕۆیەکی ڕۆژی 2018 /10/11 خۆی خنکاند.

خدر پیـرۆت، هاوژینی شـعریە لەبارەی هاوژینەکەیـەوە دەڵێـت: " کۆتایـی سـاڵی 2006 خێزانمان پێکهێنا، کوڕێک و کچێکمان بوون، سـاڵی 2008 هەستمکرد هاوژینەکەم تووشـی نەخۆشـیی دەروونـی بـووە و زۆر شـوێنمان کرد بـۆ چارەسـەرکردنی، بەڵام چارەسەر نەبوو. ئەو ڕۆژەی کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا لە بەیانییەوە هەستمکرد کە باری دەروونی خراپە، خـۆم ماڵەوەم پاککردەوە بۆ ئەوەی ئەو پشـوو بدات و ئارام ببێتەوە، بـە بیانـووی فڕێدانی زبـڵ چـووە دەرەوە، ڕاسـتەوخۆ چووبـووە ماڵی دایکـی و لەوێ خـۆی هەڵواسـیبوو، دەسـتبەجێش گیانی دەرچووبوو".

خـدر دەڵێـت: "دڵنیـام تاکـە هـۆکاری خۆخنکاندنی شعریە نەخۆشییەکەی بوو. پێشـتریش پێنـج جار هەوڵی خۆکوشـتنی داوە، بـەڵام زوو فریای دەکەوتین".

هاوژینەکەی شـعریە باسـی ئەو ڕووداوە نەخۆشانە دەکات کە لەماوەی چەند ساڵێکی کـەم بەسـەر ماڵباتەکەیـان هاتـوون، ئەو لەبارەی هاوژینکەی دەڵێت: "لەماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا دایکی خۆی سووتاند و مرد، لەدوای ئەو خوشـکێکی تەزووی کارەبا لێیدا و مـرد. ئەوەندەی نەبرد کچە خاڵێکی خۆی سـووتاند، کوڕێکی دیکەم کە هی هاوژینێکی دیکـەم بوو، بەنەخۆشـیی شـێرپەنجە مرد، دووسـاڵ لەمەوبەر کوڕێکی دیکەم لە دووکان لـە ڕووداوێکدا مرد، ئەم ڕووداوانە بوونە هۆی ئەوەی باری دەروونی تێکبچێت".

ڕائیـد شـۆڕش ئیسـماعیل، گوتەبێـژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسـی ڕاپەڕیـن لەبارەی ئـەو ڕووداوەوە گوتـی: "بەڵگەی پزیشـکی دەسـتکەوتووە کە ئەو ژنـە بەهۆی خراپیی بـاری دەروونـی بەبێ ئەوەی هیچ مەترسـی و کێشـەی هەبێـت، ڕایکـردووە بـۆ ماڵـی باوکـی و خـۆی خنکانـدووە، دوای ئـەوەی لەبەشی پزیشکی دادوەری لە نەخۆشخانەی گشـتی ڕانیە توێکاری بـۆ تەرمەکەی کرا، بەمەبەسـتی زانینـی هـۆکارو چۆنیەتـی ڕووداوەکە، دەرکەوت کە خۆی هەڵواسیوە، هۆکارەکەشـی هـەر نەخۆشـیی دەروونی بـووە، هەمـوو بەڵگـە پزیشـکییەکان دەریدەخەن کە ماوەیەکی زۆر نەخۆش بووە و سـاڵ بەساڵ باری دەروونیی ئەو ژنە بەرەو خراپی ڕۆیشتووە".



کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە (525) - دووشەممە 2018/10/15



## ئەمڕۆ تەرمی خنکاوەکانی دەریای ئیجە دەگەڕێندرێنەوە

**ڕووداو-هەولێر**

بڕیارە ئەمڕۆ تەرمی بەشێک لەو کۆچبەرانەی کۆتایی هەفتەی ڕابردوو لە دەریای ئیجەدا خنکان، بگەڕێندرێتەوە هەرێمی کوردستان. سەرۆکی فیدراسیۆنی پەنابەرانیش دەڵێت: " 15 کورد لە ڕووداوەکەدا خنکاون، تاکو ئێستا تەنیا تەرمی چوار کەسیان دۆزراونەتەوە".

ڕۆژی 2018/10/10 یەختێک لە دەریای ئیجەدا نوقمبوو کە 35 کەسی تێدابووە و بەشێکیان خەڵکی هەرێمی کوردستان بوون، بڕیارە ئەمڕۆ تەرمی خنکاوەکان بگەڕێندرێنەوە هەرێمی کوردستان. ئاری جەلال، سەرۆکی فیدراسیۆنی پەنابەرانی هەرێمی کوردستان و عێراق و بە (ڕووداو)ی گوت "لەو 16 کوردەی لەنێو یەختەکەدا بوون، 15ـیان خنکاون و ژنێکی خەڵکی زاخۆ بەناوی مهاباد ئیسماعیل ڕزگاری بووە، ئەوانەی دیکە کە خنکاون کەسوکاری مهابادن". ئاری جەلال گوتیشی: "تاوەکو ئێستا چوار تەرمیان دۆزراونەتەوە، ئێمە چاوەڕێ دەکەین ئەگەر هیچ تەرمێکی دیکە نەدۆزرایەوە، ڕۆژی دووشەممە ئەو چوار تەرمە دەگەڕێنینەوە هەرێمی کوردستان".

# دوو برای خۆی ئەشکەنجە دەدات

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

لە منداڵییەوە وا ڕاهاتوون کە بەرگەی ئەشکەنجەدان و توندوتیژیی برایەکەیان بگرن، ئەوان سەختترین ڕۆژەکانی ژیانیان تێپەڕاند، ئیتر توانایان نەما و ناچار پەنایان بۆ یەکێک لە براکانی دیکەیان برد بۆ ئەوەی لەو دۆزەخی ژیانە ڕزگاریان بکات.

کارزان و کامەران جمکێکی تەمەن 35 ساڵانن، دانیشتووی گەڕەکی ئازادین لە شاری سلێمانی، دوای مردنی دایک و باوکیان ڕۆژە سەختەکانی ژیانی ئەوان دەستپێدەکەن، ئەوان لە منداڵییەوە لەلایەن برایەکیانەوە بەناوی (س) ئازار و ئەشکەنجەی زۆردەدرێن، سەرباری ئەوەی باری دەروونیان تەواونییە، بەڵام برایەکەیان بێباکانە و بێ گوێدانە باری دەروونییان ئازاریان دەدات.

ئەشکەنجەدانی کارزان و کامەران دەستەی مافی مرۆڤی کوردستانی هێنایە دەنگ. گوتەبێژی دەستەی مافی مرۆڤ، محەممەد گۆمەشینی لەوبارەوە گوتی: " دوای زانینی هەواڵی ئازاردانی ئەو دوو برایە، وەک دەستەی مافی مرۆڤ بۆ پاراستنی گیانیان بەدواداچوونمان کرد و بۆمان دەرکەوت کە لەلایەن برایەکیانەوە بە خراپترین شێوە ئازار دراون ".

گوتەبێژی دەستەی مافی مرۆڤ دەشڵێت: "ئێمە واز لەو کەیسە ناهێنین تاوەکو تاوانبار بە قورسترین شێوە سزا نەدرێت".

ئەوان هەموو جەستەیان شوێنی برین و ئەشکەنجەدانە، ئەگەرچی بەشێک لە کەسوکارەکەی زووتریش زانیویانە ئەو دوانەیە لە ژیانێکی سەختدان، بەڵام درەنگ سکاڵایان کردووە، دوای ئەوەی کەسوکارەکەیان سکاڵا لەسەر برایەکەی کارزان و کامەران تۆماردەکەن، پۆلیسی سلێمانی دەستگیری دەکات.

ڕائید سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت: "دوای ئەوەی کەسوکاری ئەو دوو پیاوە سکاڵایان تۆمارکرد، تۆمەتبار (س،ع) دەستگیرکرا، دواتریش کەیسەکەمان ڕەوانەی توندوتیژیی خێزانی کرد".

(ک،ع) کە برا گەورەی کارزان و کامەرانە، باسی ژیانی دوو برایەکەی دەکات و دەڵێت: "ئەو دوو برایەم کە دایک و باکم مردن تووشی نەخۆشی بوون، چونکە دوانەن بەیەکەوە تووشبوون، بەهۆیەوە وازیان لە قوتابخانەش هێنا و نەیانتوانی خوێندنەکەیان تەواو بکەن".





(ک) گوتی: "برایەکانمان بردن بۆ شاری هەولێر و لە نەخۆشخانەی دەروونی چەند ساڵێک مانەوە، بەهۆی ئەوەی نەخۆشخانەکە بچووک بوو، چەندین جار دکتۆرەکان بەدوایاندا ناردین و داوایان لیدەکردین بیانبەینەوە، ئێمەش دەمانگوت شوێنمان نییە و کەس نییە لای ئەوان دابنیشێت، دواجار ناچاربووین لە نەخۆشخانە دەریانبهێنین".

ئەوانمان بردەوە بۆ ماڵی باوکم و لەگەڵ برایەکەم دەژیان، ئاگاداری ئەوە نەبووین کە برایەکەم بەو شێوەیە ئازارو ئەشکەنجەی داون، شوێنی ئەشکەنجەدان بە جەستەیانەوە دیارە، بەڵام تاوەکو ئێستا نازانین ئەو لێیداون یان کەسێکی دیکە، کارزان و کامەران دەڵێن ئەو لە ئێمەی داوە".

(س،ع) دانی بەوەدا ناوە کە ئەو لە برایەکانی داوە، بەڵام گوتوویەتی من بەو شێوەیە ئازارم نەداون کە ئەوان باسی دەکەن.

> لە پشکنین دەرکەوت کە ئازارێکی زۆر دراون و شوێنی ئەشکەنجە بە جەستەیانەوە دیار بوو
>
> پۆلیس

هەر لەوبارەوە ڕائید هیوا کەریم، گوتەبێژی پۆلیسی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە سلێمانی دەڵێت: "دوای ئەوەی تاوانبارەکەمان دەستگیرکرد، پشکنینی پزیشکیمان بۆ هەردوو نەخۆشەکە کرد، لە پشکنینەکە دەرکەوت ئازارێکی زۆر دراون، شوێنی ئەشکەنجەدان بە جەستەیانەوە دیارە".

ڕائید هیوا گوتیشی: "کەسوکارەکەیان لە ئیفادەی خۆیاندا گوتیان ئەو کوڕە لە منداڵییەوە لەوانەی داوە و بەهۆی لێدان و ئەشکەنجەدانی ئەو تووشی نەخۆشیی دەروونی بوونە، کارزان و کامەران دەڵێن برایەکەمان ئەوە یەکەم جارنییە لێمان بدات، چەندین جاری دیکەش ئازار و ئەشکەنجەی داوین، هەموو شەوێک کە گەڕاوەتە ماڵەوە لێیداوین".

# دوو ساڵە لەماڵ دەرچووەو نەگەڕاوەتەوە

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- قەڵادزێ**



براکەی ئەرسەلان دەڵێت گومانمان بۆ زۆر کەس دەچێت، بەڵام لەبەر ئەوەی بەڵگەمان نییە ناتوانین کەس تاوانباربکەین

دوو ساڵ لەمەوبەر دەمەوبەیانێکی زوو لەماڵ دەردەچێت و تا ئێستا نەگەڕاوەتەوە، ئەو ویستوویەتی سەردانی دادگای بەرایی پشدەر بکات، بەڵام وەک کەسوکارەکەی دەڵێن، ئاراستەکەی گۆڕیوە و مۆبایلەکەی فرۆشتووە و چووەتە سلێمانی و ونبووە.

ئەرسەلان عەبدوڵڵا برایم، تەمەنی 33 ساڵە و دانیشتووی شاری قەڵادزێیە، دوو ساڵە بێ ئەوەی سۆراخێکیان دەستبکەوێت کەسوکارەکەی بەدوایدا دەگەڕێن، پۆلیسی ڕاپەڕینیش دەڵێت بەردەوامین لە بەدواداچوون و دۆسیەی لای ئێمە هەیە.

دڵشاد عەبدوڵڵا، برای ئەرسەلان لەبارەی ژیانی ماڵباتەکەیان و ونبوونی براکەی دەڵێت: "ئێمە پێنج برا و دوو خوشکین، باوکمان بە کرێکاری گەورەی کردین، ئەرسەلان لە ساڵی 1985 لەدایکببوو، تا پۆلی 12ی ئامادەیی خوێندووە، مامەڵەی ئاسن و فافۆنی دەکرد، ژمارەیەک ئێرانی نزیکەی هەشتا هەزار دۆلاریان لێخوارد، دوای ئەو ڕووداوە ئەرسەلان زۆر قەرزاربوو، خانوو و ئۆتۆمبێلی فرۆشتن و قەرزەکانی دانەوە، کێشەی لەگەڵ هیچ کەسێکدا نەمابوو".

دڵشاد لەبارەی ئەو ڕۆژەی برایەکەی تێدا بێسەروشوێن بووە، دەڵێت: "برایەکەم دوو ساڵ بوو تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە ببوو، گرێیەک لە قورگی هات و دواتر گواسترایەوە قاچەکانیشی، دوو نەشتەرگەری بۆ مل و قاچی کرا و تەندروستی باشبوو، چونکە شێرپەنجەکە زۆر بڵاونەببووەوە، ئەو ڕۆژەش کە ماڵی جێهێشتبوو، لای دایکم و خوشک و براکانم گوتبووی دەچم بۆ دادگەی قەڵادزێ و کارێکی تایبەتم هەیە، دواتر مۆبایلەکەی فرۆشتبوو چووبووە سلێمانی، ئەگەرچی بەدواداچوونمان کردووە، بەڵام نەمانزانی لەگەڵ کێ چووەتە سلێمانی و بۆچی چووە، تا ئێستاش هیچ سۆراخێکی نازانین".

دڵشاد دەڵێت" ساڵی ڕابردوو پۆلیسی سلێمانی لە دۆزینەوەی تەرمێک ئاگاداریان کردینەوە، کە جلوبەرگ و باڵای بە ئەرسەلان دەچوو، بەڵام دوای ئەنجامدانی پشکنین گوتیان تەرمەکە هی ئێوە نییە، ئێستاش هەر کاتێک تەلەفۆنەکەم لێدەدات، یان کەسێک لە دەرگا دەدات وا هەست دەکەم یەکێک هەواڵی برایەکەمم بۆ دێنێت".

دڵشاد دەشڵێت: "پۆلیس و ئاسایش وەک پێویست بەدواداچوونیان بۆ کەیسی براکەم نەکردووە، دەبووایە گرنگی زیاتر بە دۆسیەکە بدەن، کوڕەکەمان هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نەبوو، ئێمە گومانمان بۆ زۆر کەس دەچێت، بەڵام لەبەر ئەوەی بەڵگەمان نییە ناتوانین کەس تاوانباربکەین، ئێمە گومان دەکەین لەسەر دۆسیەیەکی هەڵە گیرابێت، یان بەهەڵە کوژرابێت، دەمانەوێت تەنیا ئەوە بزانین براکەم ماوە یان نا، چونکە بەهۆی ونبوونی ئەرسەلانەوە دایکم تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە".

لەبارەی کەیسی ونبوونی ئەرسەلان، ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لەماوەی 19 مانگی ڕابردوودا لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین 16 کەس ونبوونە، هەندێکیان دۆزراونەتەوە هەندێکی دیکەشیان تا ئێستا دۆسیەکانیان بەکراوەی ماوەتەوە.

گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین گوتیشی: "تائێستا زانیاریمان لەسەر چارەنووسی ئەرسەلان نییە، هەرچەندە کەسوکارەکەی کێشەیان لەگەڵ هیچ کەسێک نەبووە، بەڵام تا ئێستا هیچ گۆڕانکارییەک لە دۆسیەکەیدا نەبووە".

## سێ هەفتەیە گەنجێکی کورد لە کەرکووک بێسەروشوێنە

# لە کەرکووک بەناوی پۆلیسی عێراقییەوە خەڵک دەڕفێنن

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

شەوی 24ی ئەیلولی 2018 ڕۆژگار یاسین، دانیشتووی گەڕەکی واستی شاری کەرکووک، لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێیەکانی دەچێتە دەرەوە بە مەبەستی کڕینی پێداویستی خواردن، بەڵام لە ڕێگا ئۆتۆمبێلێکی جامڕەش لەبەردەمیان دەوەستێت و داوای ناسنامەیان لێدەکات، هەر لەوێدا ڕۆژگار دەڕفێنن و هاوڕێیەکەی ئازاد دەکەن.

ڕۆژگار تەمەنی 23 ساڵە و قوتابی بوو، خەونی ئەو سەرکەوتن بوو لە خوێندنەکەی، بەڵام بەر لەوەی خەونەکەی بێتەدی، لەلایەن چەند کەسێکەوە دەڕفێنرێت و ماوەی سێ هەفتەیە بێسەروشوێنە، کەسوکارەکەی دەڵێن "کوڕەکەمان لەگەڵ هیچ کەسێک کێشەی نەبووە، کەسێکی زۆر هێمن بوو".

دوای ڕفاندنی ڕۆژگار، کەسوکارەکەی سکاڵایان تۆمارکردووە، بۆ ئەوەی سۆراخی کوڕەکەیان بزانن، پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە، عەقید ئەفراسیاو کامیل، گوتەبێژی پۆلیسی کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: " تاوەکو ئێستا لێکۆڵینەوە بەردەوامە بۆ ئەوەی دەستمان بگات بەو کەسانەی کە ڕفاندوویانە و بەم نزیکانەش دەیاندۆزینەوە".

بە گوتەی هاوڕێیەکەی ڕۆژگار، ئەوان لە ڕێگابوونە بەرەو ماڵەوە، پێش ئەوەی بگەنە ماڵەوە ئۆتۆمبێلێکی جامڕەش ڕایگرتووە و داوای ناسنامەی لێکردوون، گوتوویانە ئێمە پۆلیسی عێراقین.

هاوڕێیەکەی دەڵێت: "ئێمە زۆر ترساین، هیچ قسەیەکمان نەکرد، ناسنامەکەمان پێدان، سەیریان کرد و هی منیان دایەوە و گوتیان بڕۆ، بەڵام ڕۆژگاریان برد، زۆر هەوڵمدا بێسوود بوو، زۆر دەترسم شتێکیان لە هاوڕێیەکەم کردبێت، چونکە نزیکەی سێ هەفتەیە دیار نییە."

سەرباز یاسین، برای ڕۆژگار، بە دڵێکی خەمگینەوە باسی ژیانی ڕۆژگاری برای کرد و گوتی: " برایەکەم کەسێکی زۆر هێمن و لەسەرخۆبوو دوای نەمانی دایکم نازێکی زۆرمان بەوەدا، قوتابی پۆلی 12ی ئامادەیی بوو، ئەمساڵ دەچوو بۆ زانکۆ، دڵی زۆر خۆش بوو کە خەونەکەی دێتەدی و دەچێت زانکۆ تەواو دەکات و بە ئاواتی خۆی دەگات".

وەک سەرباز باسی دەکات، ڕۆژگار لەژیانیدا لەگەڵ هیچ کەسێک کذشەی نەبووە، شەڕو دەماقاڵێی لەگەڵ کەس نەبووە.

سەرباز لە باسی برایەکەیدا دەڵێت: "ڕۆژگار لەگەڵ کوڕێکی دراوسێمان لە ماڵی ئەوان بوون خەریکی ئامادەکردنی خواردن بوون، تازە هاتبوونەوە و برسییان ببوو، چووبوون هەندێک پێداویستی بکڕن، بەڵام ڕۆیشت و نەگەڕایەوە."

(م) هاوڕێی ڕۆژگار، دوای ڕفاندنی ڕۆژگار بەپەلە رادەکاتە ماڵەوە و سەرباز ئاگادار دەکاتەوە لە ڕفاندنی برایەکەی، سەرباز لەوبارەوە دەڵێت: "لەماڵ بووم کە هەواڵیان پێدام، شوێن نەما بەدوای برایەکەمدا نەگەڕێین، سکاڵامان تۆمارکردووە، بەڵام بێسوودە، ئەوە نزیکەی سێ هەفتەیە برایەکەم سۆراخی نییە، پۆلیسیش تاوەکو ئێستا هیچ شتێکی دەستنەکەوتووە".

سەرباز یاسین دەڵێت: " دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو، ڕووداوی کوشتن و ڕفاندن لە شاری کەرکووک بوونەتە شتێکی ئاسایی و ڕۆژانە ڕوودەدەن".


ڕۆژگار یاسین، ماوەی سێ هەفتەیە بێسەروشوێنە

# سەفقەی سەرۆککۆمار



**هێڤیدار ئەحمەد**



کاتێ بیستم دکتۆر فوئاد حوسێن، کاندیدی پارتییە بۆ پۆستی سەرۆککۆمار، یەکسەر تەلەفۆنم بۆکرد و گوتم دکتور ئەوە ڕاستە؟ بەپێکەنینەوە گوتی بەڵێ ڕاستە و چەند ڕۆژی دیکە بە فەرمی ڕادەگەیێندرێت...

تەلەفۆنم داخست، گوتم دەبێ پارتی چۆن لەگەڵ یەکێتی ڕێکبکەوێت، چونکە تا سەر ئێسقان حەزیان لەو پۆستەیە.

دوو ڕۆژ دوای ئەوە بەرپرسێکی پارتیم بینی، گوتم ئەگەر پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار بکەوێتە نێو پەرلەمانی عێراق لە یەکێتی نابەینەوە، چونکە یەکێتی ئەوەندە وابەستەیە بە عێراق و شیعە و ئێران، هەرگیز یەکێتی بە هێزێکی دیکە ناگۆڕنەوە، بەڵام بەرپرسەکەی پارتی ڕایەکی دیکەی هەبوو.

دوایی بەرهەم ساڵح، کە کەس هێندەی من نازانێت چەند شەیدای ئەو پۆستە بوو، باوەڕیکەن ئامادەبوو هەموو شتێک بکات بۆ بەدەستهێنانی ئەو پۆستە، نەک تەنیا حیزبەکەی و یەکێتی و پارتی و .... مامەڵەی پێ بکات، بگرە ئامادە بوو کوردستانیشی لەسەر دابنێ، بەس بۆ ئەوەی بگات بەو پۆستە.

## لە بەغدا چی ڕوویدا؟

لە 2018/10/2 و پێش هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار لە بەغدا چی ڕوویدا و چ ڕێککەوتن کراو و چۆن یەکێتی لێی پەشیمان بووەوە، چۆن فێڵیان لە پارتی کرد و چۆن یەکێتی لەنێو خۆیدا ڕۆڵیان دابەش کرد و هێرۆ ئیبراهیم ڕۆڵی چی بوو، ئەوەی لە هەمووی گرنگتر ڕۆڵی ئەمریکا و ئێران لەم مزارە گەرمەی نێوان پارتی و یەکێتی چی بوو؟

لێرەدا وەڵامی یەک بە یەکی هەموو ئەم پرسیارانە بە زانیاری سەدلەسەد درووست دەدەمەوە.

پارتی و یەکێتی و ئێران، ئەگەر بە دروستتر بڵێین، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی شاندی پارتی بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەو پۆستە و پاڤڵ تاڵەبانی، سەرۆکی شاندی یەکێتی و قاسم سولەیمانی، فەرماندای گشتی سوپای قودسی ئێران کە کەس لە بەغدا بەبێ ئەو ئاو ناخواتەوە، لە کۆبوونەوەدا بوون، برێت مەکگورک لە دوورەوە ئاگای لە کۆبوونەوەکە بوو کە چۆن ڕێککەوتن بکەن و لەسەر چی ڕێکبکەون.

پاڤڵ تاڵەبانی خەمی براکەی بوو (قوباد) کە بەو کورسییە کەمە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بگرێتە دەست. لە کۆبوونەوەکە دەڵێت یەکێتی ڕازییە واز لە بەرهەم ساڵح بهێنێت و ڕێگە نەدات خۆی کاندید بکات بۆ پۆستی سەرۆککۆماری عێراق، دکتور فوئاد حوسێن کاندیدی پارتی و یەکێتی بێت، بەرامبەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوو ساڵ بە دوو ساڵ بێ لەگەڵ پارتی، بە مەرجێک پارتی ڕازی بێ لەو دوو ساڵەی یەکێتی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێتە دەست، قوباد تاڵەبانی ببێتە سەرۆک وەزیران.

نێچیرڤان بارزانی بەو پێشنیازەی یەکێتی بۆ کوڕی مام جەلال ڕازی بوو. هێرۆ ئیبراهیمیش بە تەلەفۆن لەگەڵ سەرۆک بارزانی و نێچیرڤان بارزانی قسەی کردووە و گوتوویەتی بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەوە نیم بەرهەم ساڵح ببێ بە سەرۆککۆمار.

پاڤڵ تاڵەبانی دوای ڕێککەوتنەکە یەکسەر پیرۆزبایی لە دکتور فوئاد حوسێن دەکات و پێی دەڵێت، پیرۆزە و دەمەوێ بزانین گوتاری تۆ چی دەبێت؟ ئایا هەر هەمان ڕۆژ سەرۆک وەزیرانی نوێ (عادل عەبدولمەهدی) ڕادەسپێری. وەک ئەوەی هەموو کارێک کۆتایی هاتبێت و د. فوئاد حوسێن دەبێتە سەرۆککۆمار.

دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم برێت مەکگورکیش پیرۆزبایی لە دکتۆر فوئاد دەکات و تەنانەت پێی دەڵێت کەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا تەلەفۆنت بۆ بکات؟

دکتۆر فوئاد ئامادەکاری دەکات بۆ ئەوەی بچێتە نێو هۆڵی پەرلەمان، کەچی لە پشت ئەو هەموو ڕێککەوتن و گفتوگۆیە، یەکێتی ئامادەکاری دەکات بۆ کاندیدکردنی بەرهەم ساڵح و لەگەڵ لایەنە شیعەیەکان و عەرەبە سوننەکان قسە دەکەن بۆ ئەوەی دەنگ بە کاندیدی ئەوان بدەن!

بەرهەم ساڵح و شاندی یەکێتی لەگەڵ شیعەکان و بەشێک لە سوننەکان کاریان لەسەر ئەوە کردبوو کە کاندیدی پارتی مەترسیدارە لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق و وایان تێگەیاندبوو، ئەگەر ببێ بە سەرۆک کۆمار، لە یەکەم گوتاری خۆیدا لەکوبوونەوەی ساڵانە لە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان داوای جیابوونەوەی کوردستان دەکات لە عێراق!

جا ئەم دەنگۆیە گەیشتبووە تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی عێراقی و کاتێک گفتوگۆیان لەگەڵ دکتور فوئاد حوسێن دەکرد، لێیان دەپرسی چۆن گەرەنتی ئەوە دەدەی کە چوویت بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان داوای جیابوونەوەی کوردستان ناکەی؟

لە 2018/10/1 نووری مالیکی و فالح فەیاز هاتنە لای شاندی پارتی و بە دکتور فوئاد حوسێنیان گوت "گومانێک لای ئێمە دروست بووە کە بچییە نەتەوە یەکگرتووەکان داوای جیابوونەوە دەکەی" تەنانەت مالیکی داوای لە فوئاد حوسێن کردووە "دەبێ دۆکیۆمێنتێک ئیمزا بکەی کە شتی وا ناکەی". تەنانەت گوتبووی سبەینێ ئەو دۆکیۆمێنتە دێنمە لات و ئیمزای بکە".

پێش ئەوەی مالیکی سەردانی شاندی پارتی بکات، بەرهەم ساڵح و شاندی یەکێتی چووبوونە لای مالیکی و گوتبوویان ئاگاتان لێ بێت فوئاد حوسێن شتێکی وەها دەکات. ئێوە چۆن پشتگیری دەکەن ببێتە سەرۆککۆمار؟

با بگەڕێینەوە سەر ئەو ساتانەی هەموو شتێک یەکلایی بووتەوە و کاتی هەڵبژاردنی سەرۆککۆمارە لە نێو پەرلەمان. دکتور فوئاد حوسێن لە دارولزیافە دێتە خوارێ، کۆسرەت ڕەسول عەلی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی لە کۆبوونەوەدایە. داوای لە پارتی کردبوو پۆستی سەرۆک کۆمار دوو ساڵ بە دوو ساڵ بێ. پارتیش پێیگوتبوو، ئێرە کوردستان نییە، دەبێ لەگەڵ ڕێکارە دەستوورییەکانی ئێرە بگونجێ، ئەویش گوتبووی کەواتە بەرهەم ساڵح کاندیدی ئێمەیە.

فوئاد حوسێن دەچێتە پەرلەمان و ڕێگە نادەن بچێتە نێو هۆڵی پەرلەمان، کەچی بەرهەم ساڵح لەنێو هۆڵی پەرلەماندا بوو، داوای دەنگی دەکرد، یەکێتی دوو جۆر نامەی دەنارد بۆ ئەندامەکانی پەرلەمان، بۆ شیعەکان نووسیبووی "فوئاد حوسێن ئینفیسالیيە چۆن دەنگی پێدەدەن؟ ئاگاتان لێبێ، ببێ بە سەرۆککۆمار عێراق پارچە پارچە دەکات". بۆ سوننەکانیش نووسیبوویان "فوئاد حوسێن کەسێکی شیعەیە و زۆر مەترسیدارە، چۆن دەبێ سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران شیعە بن".

ئەمریکییەکان پێش ئەوەی هەڵبژاردن بکرێ بۆ پۆستی سەرۆککۆمار، دەستیان لە بەرهەم ساڵح شووشتبوو، چونکە زانیبوویان بەرهەم ساڵح 100% بەیعەتی بە ئێران داوە و لەگەڵ ئێران ڕێککەوتنی کردووە. تەنانەت بە یەکێتییان گوتبوو نابێ بەهیچ شێوەیەک بەرهەم ساڵح کاندید بکرێت.

بەڵام کاتێ بەرهەم ساڵح خۆی کاندیدکرد، ماکگورک بە تەلەفۆن لەگەڵ پاڤڵ تاڵەبانی قسە دەکات و دەڵێت ئەمە چییە و چی ڕوودەدات؟ ئەویش دەڵێت: "ئەمە مەکتەبی سیاسی یەکێتی کردوویەتی و لەدەسەڵاتی ئێمەدا نییە". دابەشکردنی ڕۆڵ بووە. تەنانەت پاڤڵ تاڵەبانی بە ماکگورکی گوتووە: "لەگەڵ مەکتەبی سیاسی یەکێتی قسە بکە، بەڵکو ڕازییان بکەی!".

ئەوەی دروست ڕوویدا، ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نیشتیمانی ئێران کە لەلایەن (عەلی شەمخانی)یەوە سەرۆکایەتی دەکرێ، بڕیاری دابوو کە بەهیچ شێوەیەک نابێ و ناکرێ دکتور فوئاد حوسێن بکرێ بە سەرۆککۆماری عێراق، دەبێ بەرهەم ساڵح سەرۆککۆمار بێ و لەو بارەیەوە نابێ هیچ گفتوگۆیەک بکرێ.

## یەکێتی و پۆستی سەرۆککۆمار

ئیمتیاز و بودجە و پارەی پۆستی سەرۆککۆمار لەنێو یەکێتیدا بەسەر چەند پشکێکدا بەشکراوە، 80% ی بۆ ماڵی مام جەلالە، 20%ی بۆ لاهوور و پاڤڵ و کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی و بەرهەم ساڵحە. لەو بیست لەسەدە کەمتر لە 5% ی بۆ بەرهەم ساڵحە. ئەوەی پێشبینی دەکرێ و هەر ئێستا دەرکەوتووە، ئەو پۆستە بەڵایەکی گەورە لەنێو ماڵی مام جەلال و ئیبراهیم ئەحمەد و تەواوی یەکێتی دەخولقێنێت. بەرهەم ساڵح دەسەڵاتی سنووردار دەبێ لە بەغدا و هەوڵ دەدات لە کوردستان لەنێو یەکێتی لەبەر ئەوەی سەرۆککۆمارە پێگەی بەهێز بکات و لە پێکهێنانی حکومەتی کوردستاندا پشکی باڵەکەی هەبێت، بەڵام هەریەک لە قوباد تاڵەبانی و دایکی و شاناز ئیبراهیم ئەحمەد و مەلا بەختیار ... دەبنە ڕێگری گەورە لەبەردەم گەورەبوونی بەرهەم ساڵح.

شاندی پارتی لەوێ لەگەڵ هیچ لایەنێکی عێراقی ڕێککەوتنی نەکرد، ئەوان دەیانویست کاندیدێکی کوردستانی هەبێ. ئەوەی لە بەغدا ڕوویدا پارتی پەتەوترکرد، بەڵام ئەمە درێژەی دەستکەوتەکانی یەکێتییە لەدوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر کە 16ی ئەم مانگە ساڵێکی بەسەردا تێدەپەڕێ و دوور نابینیم یەکێتی پاداشتی دیکەش وەربگرێ!

بەرهەم ساڵح دوای ئەوەی بووە بە سەرۆککۆماری عێراق، بە دەوروبەری خۆی گوتووە، هەوڵ دەدەم لەگەڵ سەرۆک بارزانی ئەو کێشەیە چارەسەر بکەم. بەڵام ئەوەی بیستوومە و ئاگادارم سەرۆک بارزانی بەهەموو لایەنێکی ڕاگەیاندووە، بەهیچ شێوەیەک ئامادە نییە پێشوازی لەو بکات وەک سەرۆککۆماری عێراق. ڕاستە لە سیاسەتدا هیچ شتێک مەحاڵ نییە و دۆست و دوژمن تاسەر نییە، بەڵام ئەوەی من دەیزانم بەرهەم ساڵح لە هەولێر (شخص غير مرحب به) دەبێت.

# حکومەتی نوێی عێراق سەر بە کێیە؟



**د. نەوزاد هێتوتی***

لە هەر وڵاتێکدا کە هەڵبژاردن دەکرێ، ئەو لایەنەی زۆرینەی دەنگەکان دەبات ئەرکی دروستکردنی حکومەتی پێ دەسپێردرێت. هەر بۆیە ئەوانەی دەبنە دەسەڵاتدار یان حکومەت دروست دەکەن، تارادەیەکی زۆر دیارن. ئەمەش وادەکات کەمتر ئەو پرسیارە بکرێت کە حکومەتی نوێ چ لایەنێکی سیاسی لەخۆدەگرێت؟ یان بەرنامە و پلانەکانی چی دەبن، یاخود چۆن مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە دەکات؟ تەنانەت ئەگەر ناڕوونییەکیش هەبێت لە ئاستێکی زۆر نزمدایە. لەبەرئەوەی لەمیانەی کەمپینەکانی هەڵبژاردندا، هەموو لایەنەکان بەرنامە و پلانەکانی ئایندەی خۆیان سەبارەت بە زۆربەی پرسەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە دەخەنەڕوو، خەڵک تارادەیەکی زۆر بەرنامە و ئەجێندا و ئەکتەرەکان دەزانێ و دەناسێ و لەسەر ئەو بنەمایەش دەنگ دەدات.

بەڵام ئەمە لە عێراق پێچەوانەیە، ئەو پارت و لایەنانەی کە لە دوای هەڵبژاردن حکومەت پێکدێنن، نەک هەر دیار نین، بەڵکو لەلای زۆر کەس و زۆر چاودێری سیاسی پرسیارگەلێک دروست دەبێت بە تایبەتی سەبارەت بە بەرنامە و ئەجێندا سیاسییەکان. چونکە زۆربەی کات ئەوەی بەشداری کەمپینی هەڵبژاردن دەکات و دەنگی زۆرینە دێنێت شتێکە و ئەو لایەن و کەسانەی حکومەت پێکدێنن شتێکی دیکەیە. بگرە هەندێ کات هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە. بەدبەختیی خەڵکی عێراق ئەوەیە کە هاوکێشەکان ڕێک پێچەوانەی عورفەکانە. ئەم دیاردەیە لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا زۆر دووبارە بووەتەوە. بەتایبەتی لەم گەڕەی هەڵبژاردندا، لە کاتێکدا لایەنە براوەکانی هەڵبژاردن دیارن، کەچی کەسێک بووەتە سەرۆکی پەرلەمان خاوەنی تەنیا ٦ کورسییە، سەرۆکی کۆمار خاوەنی دوو کورسییە و سەرۆک وەزیران کە زۆربەی دەسەڵاتەکانی لایە، کەسێکی سەربەخۆیە و هیچ کورسییەکی نییە و تەنانەت بەشداری بانگەشەی هەڵبژاردنیشی نەکردووە.

لێرەدا گرنگە بپرسین بۆچی لە عێراق ئەم جۆرە گەمە و بەزمە سیاسییە هەیە؟ بۆچی لە بانگەشەی هەڵبژاردندا کۆمەڵێک دەموچاو دەبینین، کەچی لە دروستکردنی حکومەتدا دەموچاوی دیکە دەبینین؟ ئەگەر لە بابەتەکە ورد بینەوە، هۆکارگەلێک هەن کە وا دەکەن ئەم حاڵەتە لە عێراق ڕووبدات و تەنانەت ببێتە نەریتێکی سیاسی. هۆکارەکە ئەوەیە کە ئەو دەسەڵاتەی هەیە، یان ئەو لایەن و پارتە سیاسییانەی لە ساحەکەدان، زیاتر لەوەی سەربەخۆ بن، یان ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندیی وڵاتەکەیان بن، ڕەچاوی بەرژەوەندی و ئەجێندای ئەکتەرە دەرەکییەکان دەکەن و بەگوێرەی ئەجێندا و بەرنامەکانی ئەو لایەنانە هەڵسوکەوت دەکەن و کەسەکانیش زیاتر لە ژێر کاریگەریی لایەنە دەرەکییەکاندا بۆ پۆستە سیادی و هەستیارەکان دەستنیشان دەکرێن نەک بە گوێرەی ڕەوایەتی و شەرعیەتی گەل و هەڵبژاردن.

لە عێراقدا ئەوەی ئاشکرایە، دوو دەوڵەت زیاتر لە ململانێ و کێبڕکێی ڕوون و ئاشکرادان لە پێناوی دروستکردنی حکومەتێک لە بەغدا کە لەژێر کاریگەری و دەسەڵاتیاندا بێت. ئەمریکا دوای هەڵبژاردنەکانی 12 ی ئایار هەموو هەوڵێکی دا بۆ ئەوەی بەغدای لەدەست دەرنەچێت. چونکە عێراق پێگەیەکی گرنگی هەیە لە ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە گشتی و گوشارخستنە سەر ئێران بە تایبەتی. بەڵام ئاماژەکان بەو ئاراستەیەن کە شێوەی پێکهێنانی حکومەتی عێراق بەدڵی ئەمریکا نییە. بەتایبەتی بەرپرسانی ئەمریکا زۆر بە ئاشکرا پاڵپشتی حەیدەر عەبادییان دەکرد، هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوە بوو عەبادی دووبارە پۆستی سەرۆک وەزیران وەربگرێتەوە، بەڵام دیارە لەم ئەرکەدا سەرکەوتوو نەبوون. تەنانەت لە دیاریکردنی پۆستەکانی تریش گومان دەکرێت زیاتر لە ئێران نزیک بن نەک ئەمریکا.

بەگوێرەی هەندێ سەرچاوە، تەنانەت ئەمریکا سەرکەوتوو نەبوو لەوەی لەناو هێزە کوردییەکانیش کەسێکی متمانەپێکراو و نزیک لە خۆی وەک سەرۆک کۆمار دەستنیشان بکات. هەندێک زانیاری ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەمریکییەکان پاڵپشتییان لە فوئاد حوسێن دەکرد بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار. مایک پۆمپێیۆ لە ڕێگای تەلەفۆنەوە، داوای لە بەرهەم ساڵح کردبوو کە لە بەرژەوەندیی فوئاد حوسێن بکشێتەوە. ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە ئەمریکییەکان پێیانوابوو کاندیدی پارتی زیاتر دەتوانێت پەیوەندیی نێوان هەرێم و بەغدا ئاسایی بکاتەوە و کەمتر لەژێر کاریگەریی سیاسەتەکانی ئێراندا دەبێت.

بەڵام ئەوەی بەرهەم ساڵحی کردە سەرۆک کۆمار، هەوڵە نهێنییەکانی قاسم سلێمانی بوو کە بەهیچ شێوەیەک نەیدەویست کەسێکی پارتی یان نزیک لە پارتی ئەو پۆستە وەربگرێت. ئێران و شیعەکان بەهیچ شێوەیەک نەیاندەویست کەسێک ببێتە سەرۆک لە سیاسەتەکانی دەربچێت یان بە قسەیان نەکات. ئەوان کەسێکیان دەویست کە لاواز و لەرزۆک بێت و ڕەوایەتی لە گەلەکەی وەرنەگرتبێ، بۆ ئەوەی بەو شێوەیە ڕەفتار بکات کە خۆیان دەیانەوێت. بەتایبەت ئێران لەو قوناغەدا زۆر پێویستی بە کەسێکی لەو شێوەیە هەیە. ئەمە بێجگە لەوەی کە ئێران پاڵپشتی تەواو لە بەرەی 16ی ئۆکتۆبەر دەکات.

لەبەرامبەردا، ئەگەر چی هەوڵەکانی ئێران بۆ دروستکردنی حکومەتێکی سەر بە تاران لە بەغدا زیاتر بەشێوەی نهێنی بووە و لە ترسی ئەمریکا نەیوێراوە بە ئاشکرا پاڵپشتی کاندیدێکی دیاریکراو بکات، بەڵام زۆربەی ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کە ئێران گەمەکەی لە ئەمریکا بردووەتەوە و توانیویەتی هەرسێ پۆستی سەرۆک وەزیران، پەرلەمان و کۆمار بباتەوە. بەتایبەت ئێران یەکەم دەوڵەت بوو پیرۆزبایی لە حەلبوسی و بەرهەم ساڵح کرد و خۆشحاڵیی خۆیشی دەربڕی لە ڕاسپاردنی عادل عەبدولمەهدی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت.

تەنانەت ڕۆژنامەکانی ئێران بەئاشکرا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئێران ئەمجارەش توانیویەتی لە ئەمریکا بباتەوە و ئەوانەی بۆ هەرسێ پۆستی سیادی دیاریکراون زۆر لە ئێرانەوە نزیکن. بە هەمان شێوەش کۆنگرێسمانی کۆمارییەکان مارکۆ ڕۆبیۆ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە دەستنیشانکردنی کەسەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، لەگەڵ ئەو ئارگیومێنتە یەک ناگرێتەوە کە گوایە سەرکەوتنی هیچ لایەنێک واتە ئێران و ئەمریکا بەسەر یەکتردا ناسەلمێنێت. پێچەوانەوە ڕێککەوتن لەسەر پۆستە سیادییەکان سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ ئێران و پێشهاتێکی ترسناکە، قاسم سلێمانی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەبوو لە دەستنیشانکردنی کەسەکاندا.

بۆ ئەوەی زیاتر ڕوون ببێتەوە ئەو حکومەتە کە لە عێراق لەدایک دەبێت زیاتر خۆی لە کام بەرەدا ساخ دەکاتەوە و ئەجێندای کام لایەن پراکتیزە دەکات، پێویستمان بە کاتێکی زۆر نییە. لە مانگی نۆڤەمبەردا، سزا ئابوورییەکانی سەر ئێران توندتر دەبن و ئیدارەی ترەمپ بڕیاری داوە هەموو ئەو دەوڵەتانە کە پابەندی سزاکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران نابن، بە تایبەت دەوڵەتانی دراوسێی ئێران سزا بدات. ئەوکات دەبێت حکومەتی عێراق خۆی یەکلایی بکاتەوە، ئایا پابەندی سزاکانی سەر ئێران دەبێت یان نا؟ ئایا لە چوارچێوەی ئەجێنداکانی ئێراندا سیاسەت دەکات یان بەرەی ئەمریکا هەڵدەبژێرێت. بێگومان ئەگەر عێراق پابەندی سزاکانی سەر ئێران نەبێت، ئەمریکا بێدەنگ نابێت و تەنانەت ئەگەری زۆر هەیە گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق بسەپێنرێت. بەهەمان ئاراستەش ئەمریکا مەبەستیەتی حکومەتی تازە ڕووبەڕووی میلیشیا تایفییەکانی ناو عێراق ببێتەوە، بەتایبەت ئەوانەی سەر بە ئێرانن و ئێستا بەشێکیان لە لیستی تیرۆری ئەمریکادان.

***پسپۆڕی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە هەمبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی کورد.**

# چی بکەم کاتێک نەخۆش دەکەوم؟




د. سەلاح عەبدولواحید
پسپۆڕی قوڕگ، لووت و گوێ

1- زانیاریی دروست وەربگرە!
کاتێک نەخۆش دەکەویت، هەوڵ بدە پێشتر زانیاریت هەبێت لەسەر نەخۆشییەکەت و گرنگیدان بە تەندروستیت. زانیاری لە سەرچاوەی ڕاست وەربگرە، لە هەموو پەیجێکی پزیشکیی فەیسبووک زانیاری وەرمەگرە. ڕەنگە ئەوەی زانیارییەکەی نووسیوە، زۆر شارەزا نەبێت!

2- دکتۆری خۆت مەبە!
بەپێچەوانەی ڕای هەمووان، کاتێک نەخۆش دەکەویت، پزیشکی خۆت مەبە، دەبێت سەردانی پزیشک بکەیت، بۆ ئەوەی پزیشک نەخۆشییەکەت دەستنیشان بکات و چارەسەری پێویستت بۆ بکات، جگە لە هەندێک نەخۆشیی سووکی وەکو هەڵامەت و سەرئێشەیەکی سادە کە دەتوانیت دەرمان لەلای دەرمانخانەیەک بکڕیت.

3- دەرمانی کەس بەکارمەهێنە!
زۆربەی خەڵک کە نەخۆش دەکەون، بێ گوێدانە ئەوەی نەخۆشییەکەی سەختە یان نا، دەچێت دەرمانی خزم، هاوڕێ یان هاوسێیەکیان دەخوات، ئەمەش کارێکی تەواو نادروستە و ڕەنگە نەخۆشییەکەی ئەو نیشانەکانی لە نەخۆشییەکەی تۆ نزیکبن، بەڵام هۆکارەکەیان تەواو جیاوازبن.

4 - چارەسەری منداڵی ساوا، بەساڵاچووان و تووشبووانی نەخۆشییە درێژخایەنەکان تەنیا بە لابردنی نیشانەکانیان نییە، ئەگەر منداڵێک تای هەبوو، مەرج نییە تەنیا تایەکی ئاسان بێت، ئەگەر کەسێکی بەتەمەن کۆکەیەکی درێژخایەنی هەبوو، نابێت وەک کۆکەی منداڵێک سەیر بکرێت، چونکە ئەگەر لە منداڵێکدا هۆکاری کۆکە سەرمابوون یان هەوکردنێکی سنگ بێت، ڕەنگە هی بەساڵاچووەکە شێرپەنجە بێت.

5- پزیشکێکی باش دیاری بکە!
زۆر کەس تەنیا بە قسەی هاوڕێ و بە دەنگۆی خەڵکی سەردانی پزیشک دەکەن، ئەمەش نادروستە، سەرەتا دەبێت پسپۆڕییەکەی گونجاو بێت، پاشان دەبێت بڕوانامەکەی جێگەی بڕوا بێت. هەروەها باشترە سەردانی دکتۆرێک بکەی کە گوێت بۆ بگرێت و کاتت پێ بدات، نەک تەنیا سەردانی دکتۆرێک بکەی کە قەرەباڵغ بێت و کاتی نەبێت گوێت بۆ بگرێت، چونکە قەرەباڵغی مانای باشیی پزیشکەکە ناگەیێنێت.

6- یەکسەر مەڕۆ بۆ تورکیا و ئێران!
ئەگەر نەخۆشیەکی زۆر قورست هەیە و پێویستت بە نەشتەرگەرییەکی گەورە هەیە، سەردانی زیاتر لە دکتۆرێک بکە پێش ئەوەی هیچ چارەسەرێک وەربگریت. یەکسەر مەڕۆ بۆ تورکیا و ئێران!

7- واپیشان مەدە لە دکتۆرەکەت زیاتر دەزانیت!
لەسەر نەخۆشیەکەت زانیاری وەربگرە لە ئینتەرنێت و پزیشکانی هاوڕێت، بەڵام کە سەردانی پزیشکێک دەکەی، هەرگیز مەڵێ بەڵام ئەو پزیشکەش ئاوای گوت، یان وا پیشان مەدە کە لەو باشتر دەزانیت، هیچ کات مەڵێ لە ئینتەرنێت ئاوا نووسراوە، چونکە زۆربەی بابەتەکانی ئینتەرنێت بۆ پزیشک نەنووسراون و بە زمانێکی سادە بۆ نەخۆش دیاریکراون.

8- پرسیارەکانت ئامادە بکە!
پێش ئەوەی سەردانی پزیشک بکەی و بڕۆیتە کلینیکی پزیشک، هەندێک پرسیار ئامادە بکە، هەمیش بزانە ئەو گرفتەت چییە کە بەهۆیەوە بە دیاریکراوی سەردانی پزیشکەکە دەکەی.

# خۆشەویستی چۆن دروستدەبێت؟



توێژەرانی بواری کیمیای ژیان دەڵێن هەریەکە لە هەستەکانی بینین، بۆنکردن و سەرنجدان، هەموو پەیوەندییان بە هۆرمۆنەکانەوەیە کە هەستەکان هاندەدەن.

پسپۆڕانی دەروونیش لەبارەی خۆشەویستی دەڵێن پەیوەندی بە نائاگاییەوە هەیە. کاتێک کەسێک لە کەمتر لە چرکەیەکەدا هەست بە خۆشەویستی و عەشق دەکات، چوار بەشی مێشک چالاک دەکات کە دوویان زۆر گەشەسەندوون و دوویان پەیوەندییان بە ئالوودەبوونەوە هەیە.

پسپۆڕەکانی کیمیای ژیانی، کارلێکەکانی مێشک لەکاتی هەستکردن بە عەشق بە هاوشێوەی وەرگرتنی یەکەم بڕی کۆکایین دەچوێنن. ئەوکاتەی تێیدا هەریەکە لە دۆپامین، ئۆکسیتۆسین، ئەدیرنالین و ڤاسۆپریسین دەردەدرێن.

توێژەرەکانی بواری کیمیای ژیانی دەڵێن لەکاتی ماچکردندا، گەیەنەرە کیمیاییەکان دەردەدرێن، کاتێکیش کەسێک دەیەوێت هاوژینەکەی دیاری بکات و پلانی زۆربوون دابنێت، مێشکی بەگوێرەی سێ بەشی جیاواز کاردەکات.

سەرنجڕاکێشانی ڕۆمانسیانە بۆ کەسی بەرامبەر، ئەمەش پەیوەندی بە دەردانی بڕێکی زۆر لە دۆپامینی سرووشتی لە مێشکدا هەیە.

ئارەزووی سێکسی کە لەلایەن هۆرمۆنەکانی پیاوەوە بەڕێوەدەچێت و هەردوو ژن و پیاو بەهۆی ڕژانی هۆرمۆنی تێستۆستیرۆن بەدوای کەسی بەرامبەردا دەگەڕێن.

پەیوەستبوون، ئەوەی وادەکات دوو هاوژین بەیەکەوە بمێننەوە، لەئەنجامی هۆرمۆنی خۆشەویستی دروستدەبێت کە هۆرمۆنی ئۆکسیتۆسینە.

بەگوێرەی توێژینەوەیەکی زانستی، ماچکردن لە کولتوورە جیاوازەکاندا لەلایەن نزیکەی 90%ی هەموو خەڵکی دەکرێت. ئەمەش تەنیا لە مرۆڤدا نییە و ئاژەڵەکانیش ڕێگەی خۆیان هەیە بۆ ماچ و هاوشێوەکانی.

# هۆکارەکانی دواکەوتنی سووڕی مانگانە

ڕووداو- هەولێر

بۆ زۆربەی خانمان دواکەوتنی سووڕی مانگانە زۆر هەستبرە، بەتایبەت ئەگەر خانمەکە خۆی پێشتر سووڕی مانگانەی ڕێک بووبێت و ئێستا لەناکاو تووشی ئەم حاڵەتە بووبێت.

هەندێکجار دواکەوتنی سووڕی مانگانە بۆ ژنان دڵخۆشکەرە و هۆکارەکەی دووگیانییەکی چاوەڕوانکراو یان نەکراوە. بەڵام هەندێکجار گرفتەکەی جیاوازە و ڕەنگە هۆکارێکی تەندروستی لەدواوە بێت.

لە بڵاوترین هۆکارەکانی بریتین لە:

## 1 گوشاری دەروونی:

گوشاری دەروونی و دڵەڕاوکێی ڕۆژانەی درێژخایەن، هۆکارە بۆ تێکچوونی سووڕی مانگانە، بەجۆرێک ڕەنگە ببێتە هۆی دواکەوتن، پێشخستن، کەمخایەن و درێژخایەنیی سووری مانگانە، هەروەها هەندێکجار دەبێتە هۆی ئازاری سووڕی مانگانە، بۆیە باشترین چارەسەر بۆ ئەم گرفتە لەم کاتەدا بریتییە لە وەرزش و خەوی ئارام، بەمەش گوشارەکە کەم دەبێتەوە و سووڕی مانگانە ڕێکدەکەوێتەوە.

## 2 پێش دەستپێکردنی تەمەنی نائومێدی

تەمەنی نائومێدی ئەو کاتە دەستپێدەکات کە خانمان لە تەمەنی 45-50 ساڵیدا سووڕی مانگانەیان بۆماوەی 12 مانگ نامێنێت و پێی دەگوترێت تەمەنی نائومێدی.
بەشێک لە خانمان بۆماوەی 5-15 ساڵ پێش تەمەنی نائومێدی سووڕی مانگانەیان ناڕێک دەبێت، هۆکاری ئەمە کەمبوونەوەی ڕێژەی ئیسترۆجینە لە جەستەدا.

## 3 دابەزینی کێش

دابەزینی کێشێکی زۆر و وەرزشی قورس دەبێتە هۆی نەمانی سووڕی مانگانە، چونکە لاوازبوونی زۆر و کەمبوونەوەی ڕێژەی چەورییەکان لە جەستە، هۆکارە بۆ گۆڕانی ڕێژەی هۆرمۆنەکان لە جەستەدا و هەندێکجار تەنانەت سووڕی مانگانە نامێنێت و هێلکە دروستنابێت.

## 4 قەڵەوی

قەڵەوی هاوشێوەی دابەزاندنی کێشی زۆر دەبێتە هۆی نەمانی سووڕی مانگانە، زۆرکات قەڵەوی هۆکارەکەی گرفتێکی تەندروستییە، لە بڵاوترینیان فرەکیسی هێلکەدانە کە پێویستە لەلایەن پزیشکی پسپۆڕەوە چارەسەربکرێت.

## 2 ڕێگەکانی پێشگیری لە منداڵبوون

هەندێک لە حەبەکانی ڕێگری لە منداڵبوون سووڕی مانگانە ناهێڵن و دوایدەخەن، چونکە ئەمانە هۆرمۆنیان تێدایە و دەبنە هۆی نەهێشتنی هێلکەدان، بۆیە لەم کاتەدا دەبێت بە ڕاوێژی پزیشک حەبەکان بەکاربهێندرێن و چارەسەرەکەیشی لەدەستی پزیشکە.

## 6 تێکچوونی هۆرمۆنەکان

بەرزبوونەوەی هۆرمۆنی پرۆلاکتین کە هەندێکجار بەهۆی گرێیەکی ژێرمێشکەوە ڕژێن، یان لەدوای منداڵبوون دروستدەبێت و دەبێتە هۆی دەردانی شیر و نەمانی سووری مانگانە، بۆیە لەم کاتەدا پزیشک داوای پشکنینەکانی هۆرمۆن لەڕێگەی خوێن دەکات و بەپێی حاڵەتەکان پزیشک بە دەرمان یان ڕێگەچارەی دیکە گرفتەکە بۆ باری ئاسایی دەگێڕێتەوە.

## 7 کیسی هێلکەدان

یەکێکە لە بڵاوترین گرفتەکانی خانمان بەتایبەت لە تەمەنی زایەندی و دەبێتە هۆی دواکەوتنی سووڕی مانگانە و چەندین نیشانەی دیکەشی هەن وەک دروستبوونی زیپکەی ڕوخسار، قەڵەوبوون، مووی زیادەی ڕوخسار و قژهەڵوەرین. ئەمانە حاڵەتێکی سەلامەتن ئەگەر چارەسەر بکرێن و کۆنترۆڵ بکرێن، بەڵام ئەگەر کەسەکە چارەسەری وەرنەگرت، ئەوا مەترسی شێرپەنجەی هێلکەدان زیاد دەکەن.

## 8 دووگیانی

ئەمەیان هەواڵە دڵخۆشکەرەکەی بەشێک لە خانمان و پیاوانە، زۆربەی خانمان دوای بەکارهێنانی دەرمانەکانی ڕێگری لە منداڵبوون، گومانیان بۆ دووگیانی ناچێت، بەڵام دەبێت ئەوە بزانن کە ئەم ڕێگەیە 100% کاریگەری نییە و هەر ئەگەری منداڵبوون هەیە، بۆیە پێویستە پشکنینی ماڵەوە ئەنجامبدرێت بۆ پشکنینی منداڵبوون لە تەمەنی چالاکی سێکسی خانمان، یان سەردانی بنکە تەندروستییەکان بکرێت.





هونەر ڕێبوار

## چی بۆ جنس باشە؟

لە یەکێک لە کلینیکە پزیشکییەکانی تایبەت بە هەناو و ڕژێنەکان کارم دەکرد. ڕۆژانە چەندین نەخۆشی جۆراوجۆرمان بۆ دەهات کە هەریەکەیان گرفتی جیاوازیان لە ڕژێنەکان هەبوو، هەندێکیان ئارەزووی سێکسیان کەم و هەندێکیان تووشی گرفتی دیکەی تەندروستی بووبوون.
ڕۆژێکیان نەخۆشێک هاتە کلینیکەکەمان تووشبووی شەکرەی جۆری دووەم بوو، یەکەمجاری بوو بێتە لای ئێمە و پێشتر دەرمانی زۆری بەکارهێنابوو، تەنانەت وەک خۆی دەیگوت، هەرچی کە پێیگوتبوو فلان دەرمان باشە، ئەم بەکاری هێنابوو.
کە مامە پیرە هاتە ژوورەوە، دوای وەرگرتنی زانیاری لەبارەی نەخۆشییەکە و سەیرکردنی ئەو پشکنین و دەرمانانەی پێشتر وەریگرتوون، زانیمان کە نەخۆشیی شەکرەی هەیە، بەڵام نە هیچ نەخۆشییەکی دڵ و نە نەخۆشیی بەرزەپەستانی خوێنی نەبوو. ئەوەی کە گرفتی بۆ دروستکردبوو کۆنترۆڵنەبوونی نەخۆشیی شەکرەکەی بوو.
نەخۆش کاتێک سەردانی پزیشک دەکات، دەبێت هەموو پشکنین و چارەسەرییەکانی لەلای خۆی هەڵبگرێت و بەپێی ڕێنمایی پزیشک دوای ئەو ماوەیەی کە پزیشکەکە بۆی دیاری دەکات، سەردانی پزیشک بکاتەوە.
بەڵام گرفتێکی گەورەی پزیشکان و نەخۆشانیش ئەوەیە، بەهۆی نەبوونی سیستمێکی ڕێک، کاتێک نەخۆشێک دەچێتە لای پزیشکێک، کە دەڕواتەوە هەموو پشکنینەکان فڕێدەدات و تەنانەت هەندێکیان لەلای پزیشکەکە جێدەهێڵێت، پابەندیش نییە بە سەردانکردنەوەی دووبارەی پزیشکەکە، بەجۆرێک ئەگەر بەرەوباشبوون بێت، دەڵێت تازە باش بووە و دکتۆری ناوێت، ئەگەریش باشتر نەبێت "جا ڕەنگە هۆکارەکەی هەڵەبەکارهێنانی دەرمانەکانی بێت"، ئەوە دەڵێت دکتۆرەکەی خراپە و دەچێتە شوێنێکی دیکە. بەمەش هەم سەر لە دکتۆری دووەم تێکدەدات و نازانێت پێشتر چی وەرگرتووە و چ نەخۆشییەکی هەبووە، هەمیش پزیشکی یەکەم تاوانباردەکرێت کە نەخۆشەکەی چاک نەبووەتەوە.
کاتێک سەیری دەرمانەکانی نەخۆشەکەی تووشبووی شەکرەم کرد، بینیم دەرمانی شەکرەی هەیە، هەروەها لەگەڵیدا دەرمانێکی ڕێکخستن و کەمکردنەوەی لێدانەکانی دڵی کە بەپێی پشکنینەکانی خۆی و بەپێی ئەوەی کە پشکنینی دیکەمان بۆی کرد، هیچ نەخۆشییەکی زەخت و دڵی نەبوو، بەڵام وەکو خۆی گوتی، ئەو دەرمانەی لەسەر هی خزمێکیان کڕیوە، خزمەکەیان بۆ دڵەکوتە بەکاریدەهێنێ، ئەویش ویستوویەتی سوودی لێوەربگرێت. کە پێمگوت ئەو دەرمانە بۆ تۆ بەکارنایەت، گوتی نا ئەو زۆر پێی باش دەبێت، تەنانەت ڕۆژانە چەند دانەیەکیشی لێدەخوات.
نەخۆشەکەم نارد بۆ پشکنینی شەکرە و هەندێک پشکنینە پێویستەکانی دیکەی، دوای نزیکەی کاژێرێک گەڕایەوە لام، کە پشکنینەکانیم بینی دەرمانی شەکرەکەیم بۆ نووسی.
بەڵام هەر ئەوە نەبوو، لەگەڵ پزیشکەکەی هاوڕێم کە لە کلینیکی ئەو کارم دەکرد، گوتم: "دەبێت کارێک بکەین واز لە دەرمانەکەی دیکەی بهێنێ، دکتۆرەکەی هاوڕێم کە هەم مامۆستامە و هەمیش هاوڕێم، ڕووی کردە نەخۆشەکە و گوتی: "مامە تۆ کە شەکرەت هەیە، بەشێوەیەکی گشتی لەڕووی سێکسەوە چۆنی؟ زۆربەی نەخۆشەکان گرفتیان بۆ دروست دەبێت لە تەمەنی تۆدا، ئینجا دەرمانەکانت کە بەکارتهێناون، ئەو یەکەیان کە دەڵێی پێی باش دەبم، بۆ جنس خراپە و ئارەزووی سێکسیت لاواز دەکات".
مامە پیرە کە گوێی لەو قسەیە بوو، لە نەخۆشییەکەی زیاتر دڵی پێی تەنگ بوو، گوتی: "دکتۆر ئەدی بۆ لە کەنگێوە هەر دەڵێی دڵت ڕادەگرێت، بۆ ناڵێی بۆ جنس خراپە، من ئەوە ئەو دەرمانە فڕێدەدەم، بەس پێمبڵێ چی بۆ جنس باشە ؟!

## نزیکەی 10 هەزار چەکداری توندڕەو لەو پارێزگایەن

# ئدلیب..


(فۆتۆ: AFP)

# زۆنێک بۆ حەواندنەوەی تیرۆر بە چاودێرییەکی نێودەوڵەتی

> تورکیا ژێربەژێر لەگەڵ ڕووسیا ڕێککەوتووە لەسەر ئەوەی چەکدارانی هەیئەی تەحریری شام بۆ ناوچە سنوورییەکانی باکووری سووریا بگوازێتەوە

**ڕووداو ـ هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا و حکومەتی تورکیا ڕایانگەیاند زۆرینەی چەکە قورسەکان لەناوچەی چەکداماڵراوی ئدلیب لادراون، ئەم هەنگاوە لە کورتخایەندا دەتوانێ ڕێگە لە هەڵمەتی سەربازی هێزەکانی لایەنگری ڕژێم بگرێ، بەڵام ئەستەمە وەکو سەرەتای چارەسەرێکی سیاسی درێژخایەن سەیری بکرێ.

مانگی ڕابردوو حکومەتی تورکیا و ڕووسیا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی ناوچەیەکی داماڵراو لە چەک لە نێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و هێزەکانی سەر بە ڕژێم لە پارێزگای ئدلیب دروستبکەن. بە گوێرەی ڕێککەوتنەکە، دەبوو تانک و تۆپخانە لە ڕێڕەوەکەی نێوان هەردوو لایەن لابدرێ و کۆریدەرێکی 10 بۆ 12 میلی دروست بکرێ. دوایین وادە بۆ لادانی چەکە قورسەکان ڕۆژی 10ی تشرینی یەکەم بوو، لە ڕۆژی 15ی تشرینی یەکەمیشەوە ئەو کۆریدەرە بە فەرمی ڕادەگەیەنرێ و هێزەکانی ڕووسیا و تورکیا بە هاوبەشی چاودێری دەکەن.

ڕێککەوتنەکەی ئەنقەرە و مۆسکۆ ئەستەمە چارەسەرێکی سیاسیی درێژخایەن بۆ قەیرانی سووریای لێبکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی حکومەتی سووریا وجوودی هێزەکانی تورکیا لە ناوچە جیاجیاکانی پارێزگای ئدلیب بە پێشێلکردنی سەروەریی خاکی سووریا دەزانێ، بەشار ئەسەد، سەرۆککۆماری سووریاش جەختی لەوە کردووەتەوە کە ئەو ڕێککەوتنە کاتییە. حکومەتی دیمەشق سوورە لەسەر ئەوەی هەموو گروپەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەبێ تا کۆتایی کانوونی یەکەمی ئەمساڵ چەکەکانیان دابنێن.

لەلایەکی دیکەوە هەیئەی تەحریری شام (بەرەی نوسرەی جاران) مەترسییەکی دیکەی سەر ڕێککەوتنەکەیە. هەیئە بە یەکێک لە گروپە توندڕەوەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە قەڵەم دەدرێ کە پێشتر لقی سەرەکیی ئەلقاعیدە بووە لە سووریا و لەلایەن تورکیا، ئەمریکا و ڕووسیاوە بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لەقەڵەم دەدرێ. تورکیا و ڕووسیا داوا دەکەن ئەو گروپە تاوەکو 15ی تشرینی یەکەم ناوچەی لەچەکداماڵراو جێبهێڵێ.

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕوانگەی مافەکانی مرۆڤی سووری، چەکدارانی هەیئەی تەحریری شام بەشی هەرە زۆری چەکە قورسەکانیان لەو ناوچەیە کشاندووەتەوە، بەڵام هەندێک لەو چەکانەشیان لەناو خەندەقەکاندا هێشتووەتەوە. تاوەکو ئێستا دیار نییە هەیئە هەموو چەکدارانی خۆی دەکشێنێتەوە یان نا، لە کاتێکدا پێشتر دژایەتی خۆی لەگەڵ ڕێککەوتنەکە ڕاگەیاندبوو.

ستراتیژی ڕژێم بۆ داهاتووی سووریا ڕێگرێکی دیکەی بەردەوامیی ڕێککەوتنەکەیە. حکومەت لە چەندین بۆنەدا جەختی لەوە کردووەتەوە کە ئامانجی ئەوان کۆنترۆڵکردنەوەی هەموو ناوچەکانی سووریایە. بەڵام سەرکردەکانی دیمەشق دەزانن بێ هێزی ئاسمانیی ڕووسیا کۆنترۆڵکردنەوەی ئدلیب کارێکی نیمچە مەحاڵە، حکومەتی ڕووسیاش بەپێی ڕێککەوتنەکەی مانگی ڕابردوو ناتوانێ لەو ئۆپەراسیۆنەدا بەشدار بێ.

لە نێوان 3 بۆ 3.5 ملیۆن کەس لە پارێزگای ئدلیب دەژین کە زۆرینەیان ئاوارەی ناوچەکانی دیکەی سووریان، جیا لەمە دەیان هەزار چەکداری ئۆپۆزیسیۆنی میانڕەو لەو پارێزگایە نیشتەجێن کە تورکیا بە هاوپەیمانی خۆیان دەزانن. سەبارەت بەو گروپانە، نزیکەی 10 هەزار چەکداری گروپە توندڕەوەکانیش لەو پارێزگایە گیرساونەتەوە کە گومان دەکرێ دوو هەزار چەکداریان بیانی بن و حکومەتی سووریا داوا دەکات لە ڕێگەی تورکیاوە بگەڕێنەوە وڵاتەکانی خۆیان.

بەڵام چارەسەری ئەو کێشەیە پێویستی بە هاوئاهەنگیی نزیکی نێوان تورکیا و وڵاتانی دیکە هەیە. ژمارەیەک سەرچاوە بە ماڵپەڕی (دەیلی بیست)ی ئەمریکییان ڕاگەیاندووە کە تورکیا ژێربەژێر لەگەڵ ڕووسیا ڕێککەوتووە لەسەر ئەوەی چەکدارانی هەیئە بۆ ناوچە سنوورییەکانی باکووری سووریا بگوازێتەوە، بۆ ئەوەی تەواو لە هێڵی تەماسی نێوان ئۆپۆزیسیۆن و هێزەکانی ڕژێم دوور بکەونەوە.

لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا تورکیا پەیوەندییەکی ئاڵۆزی لەگەڵ گروپە سوننە میانڕەوەکاندا هەبووە، لە چەندین بۆنەدا (لەوانەش لەکاتی هێرشی سەر حەلەب لە 2016) ئەنقەرە نەیتوانی فریای هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بکەوێ. تورکیا ئەو هێزانە و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان لە باکووری سووریا وەکو قووڵاییەکی ستراتیژی دەبینێ، بۆیەش مانگی ڕابردوو هەموو کەناڵە سیاسی و دیپلۆماتیکەکانی خۆی بەکارهێنا بۆ ئەوەی ڕووسیا قایل بکات بەوەی ئۆپەراسیۆنەکەی ئدلیب ڕاگرن.

کشاندنەوەی چەکە قورسەکان لەو ناوچەیە سەرکەوتنێکە بۆ تورکیا، هەرچەند هیچ ئاماژەیەکی کۆنکرێتی نییە کە ئەنقەرە دڵنیا بکاتەوە لەوەی ئەم ڕێککەوتنەش بە دەردی ئاگربەستەکانی ڕابردووی نێوان حکومەتی سووریا و ئۆپۆزیسیۆن ناچێ، هەرچەندە نیشانە ڕواڵەتییەکان لە پارێزگای ئدلیب وای دەردەخەن ڕێککەوتنەکەی ڕووسیا و تورکیا بە شێوەیەکی بەرچاو دۆخی ناوچەکەی هێورکردووەتەوە.

سەیف ڕەعد، گوتەبێژی بەرەی ڕزگاری نیشتمانی، لەمبارەوە بە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی ڕاگەیاند: "زۆر دڵخۆشین، چونکە پێشتر چاوەڕێمان دەکرد هێرشی زۆر گەورە بکرێتە سەر ئەم ناوچە بچووکە. گرنگترین شت ئەوەیە فڕۆکە جەنگییەکانی ڕژێم ناتوانن بێنە قووڵایی پارێزگای ئدلیبەوە کۆمەڵکوژی بکەن".

ژمارەیەک بەرپرسی پەیوەندیداری تورکیا بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەیان گوتووە کە دیپلۆمات و فەرماندە سەربازییەکانی تورکیا بە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنیان ڕاگەیاندووە ئەگەر ڕێککەوتنەکە قەبووڵ نەکەن، تورکیا ناتوانێ ڕێگە لە هێرشی سوپای ئەسەد بگرێ. کاربەدەستانی تورکیا بەڵێنی زیادکردنی هاوکارییە مرۆییەکان بۆ ئدلیبیان بە سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆن داوە، بەڵام ڕەتیدەکەنەوە ڕاستەوخۆ لەگەڵ گروپە توندڕەوەکانی وەکو هەیئەی تەحریری شام دانوستاندنیان کردبێ، دیاریش نییە ئەنقەرە بە چ میکانیزمێکی دیکە پەیامی خۆی بەو گروپە گەیاندووە کە کۆتایی مانگی ئابی ڕابردوو ناویانی خستە لیستی گروپە تیرۆریستییەکانەوە.

# سووریا لە دەوڵەتێکی ئەمنییەوە بۆ دەوڵەتی میلیشیایی

**ڕووداو- هەولێر**

ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سووریا، لە سەرکەوتنە سەربازییەکانی بەسەر گروپەکانی ئۆپۆزیسیۆندا بەردەوامە، بەڵام ئەو سەرکەوتنانە نەیانتوانیوە ڕێ لە لاوازبوون و هەڵوەشانەوە و داڕزانی ئەو دەزگا و دامەزراوانە بگرن کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا ئامرازی چەسپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەت بوون لەو وڵاتە. پەیمانگای (چەسم هاوس)ی بەریتانی لە ڕاپۆرتێکدا تیشک دەخاتە سەر ئەوەی چۆن هەندێک لە دامەزراوەکانی سووریا لە حەوت ساڵی ڕابردووی شەڕدا گۆڕاون و دەست لەسەر هۆکارە بنچینەییەکانی ئەو گۆڕانە دادەنێ.

### دەسەڵاتی ئەمنیی دەوڵەتی سێبەر

لە ساڵی 1971ەوە کە حافز ئەسەد سەرۆکی پێشووی سووریا هاتە سەر حوکم، بەشی زۆری دامەزراوەکانی پەیوەندیدار بە مومارەسەرکردن و چەسپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەت لەژێر کۆنترۆڵی دەزگا ئەمنییەکاندا بوون، لە کاتێکدا دامەزراوەی دادوەری، پۆلیس و دامەزراوەکانی خزمەتگوزاریی گشتی دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان نەبوو، دەزگای ئەمنی ڕۆڵی دەوڵەتی سێبەری دەگێڕا.

بەڵام لە ساڵی 2011 بەدواوە ئەو دەزگایە مەرکەزییەتەکەی جارانی نەماوە، وەک ڕاپۆرتەکە دەڵێت، ئێستا کۆمەڵێک "ئەکتەری هەلپەرست" دەرکەوتوون کە پەیوەندی و بەرژەوەندی بازرگانییان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەمنی هەیە و "دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی دەوڵەتیان بەسەر سووریادا کەمکردووەتەوە"، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی شەڕی نێوخۆ نەک هەر لەڕووی جوگرافییەوە یەکپڕیزیی خاکی سووریای لاواز کردووە، بەڵکو کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر یەکپڕیزیی دامەزراوەکانی سووریاش داناوە.

لە دەوڵەتەکەی ئەسەدی باوکدا چوار ئاژانسی ئەمنی هەبوون: بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری، بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سیاسی، بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگریی سوپا و بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگریی هێزی ئاسمانی. هەرچوار ئاژانسەکە دەبووایە ڕاپۆرتی خۆیان ڕەوانەی نووسینگەی ئاسایشی نیشتمانیی حزبی بەعس بکەن. هەر کام لەو چوار ئاژانسە لەپاڵ هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش لق و باڵیان لە ناوچە جیاجیاکانی سووریاشدا هەبوو.

لە سەردەمی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد، سەرۆکی ئێستای سووریاشدا ئەو دەوڵەتە سێبەرە بەردەوام بوو کە تێیدا بەهۆی باڵانسی هێزەوە، هەرکام لە ئاژانسەکان دەیانتوانی چاودێریی یەکدی بکەن، جیا لەمەش سەرکردایەتیی بەشی زۆری ئەو دامەزراوانە لە دەستی کەسانی نزیک لە خێزانی ئەسەددا بوون، بەڵام وەکو لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، دوو جیاوازی سەرەکیی دەسەڵاتی بەشار لەگەڵ باوکی هۆکاربوون بۆ ئەوەی تانوپۆی سیستەمەکە لاوازتر ببێت، یەکەمیان ئەوە بوو کە خەڵکانی نزیک لە دەسەڵات بۆ ماوەیەکی کەم لە پۆستەکانیان دەمانەوە و دووەمیشیان پەیڕەوکردنی سیستەمی ئابووریی لیبراڵ بوو.

### داخورانی دەوڵەتی سێبەر

لە کۆتایی 2011 دا، گۆڕانی ڕاپەڕینی خەڵکی سووریا بۆ شەڕێکی نێوخۆی هەمەلایەنە، حکومەتی ناچارکرد پشت بە دەزگا و میکانیزمی جیاواز ببەستێ، باڵانسی نێوان هێز و فەرماندەییە جیاجیاکان تێکچوو، فەرماندەیی ناوەندیی هێزەکان لاوازبوون و دواجاریش قەبارەی هێزە ئەمنی و سەربازییەکانی سووریا بچووک بوونەوە.

لاوازبوونی فەرماندەیی ناوەندی و کەمبوونەوەی ژمارەی هێزەکان "ڕێگەی بۆ دروستبوونی کۆمەڵێک میلیشیای لایەنگری حکومەت خۆشکرد"، هەروەها ڕێگەی کردەوە بۆ ئەوەی "میلیشیاکانی سەر بە ئێران" بێنە ناو شەڕی نێوخۆوە. لە ساڵی 2013، ئێران بە پشتبەستن بە مادەی 10ی یاسای هێزە سەربازییەکانی سووریا هێزەکانی بەرگریی نیشتمانیشی دروستکرد.

لە نێوان 2013 بۆ 2015، هێزەکانی ڕژێم لە ژمارەیەکی زۆری شار و شارۆچکەکانی سووریا کشانەوە، ئەمە حکومەتی ناچارکرد تەکتیکە سەربازییەکانی بگۆڕێ و تەنها پشت بە گەمارۆدان و بوردومانی شارۆچکەکان ببەستێ، لە ئاکامیشدا هێزەکانی پۆلیس و پاراستنی ئاسایشی ناوچەکان پەراوێز خران. ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکە پێیانوایە ئەمە "کاریگەریی گەورەی لەسەر تەکتیکەکانی مومارەسەکردنی دەسەڵات و کۆنترۆڵی حکومەت دانا"، ئەم کاریگەرییە ئێستا لە کاتی کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکاندا هەستی پێدەکرێ، لەکاتێکدا بەڕوونی دیارە حکومەت توانای ئەوەی نەماوە بە هێزە فەرمییەکان ئاسایشی ئەو ناوچانە بپارێزێ، بۆیەش دەبێ پشت بە هێزە میلیشیاییەکان ببەستێ.

بەڵام فەرماندەکانی سوپا و هێزە ئەمنییەکانی ڕژێم، میلیشیا سوورییەکان و میلیشیا شیعە بیانییەکان بەرژەوەندی جیاوازیان هەیە و لەسەر پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان ململانێیانە. ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ململانێی هێزەکانی حکومەت و میلیشیاکان لەسەر دەسەڵاتداریێتی ناوچەکان بەڵگەیە بۆ ئەوەی دەوڵەتە سێبەرە ئەمنییەکەی سووریا ئەو مەرکەزیەتەی جارانی نەماوە، ئەم دیاردەیە بە تایبەتی لە ناوچە ستراتیژییەکانی نزیک سنووری سووریا و لوبنان هەستی پێدەکرێ کە تێیاندا هێزەکانی نزیک لە ئێران ڕێگە بە هێزەکانی ڕژێم نادەن دەسەڵاتی تەواویان هەبێ.

دەسەڵات و نفووزی کەسانی نزیک لە دەسەڵات لە سووریا شتێکی نوێ نییە و مێژووەکەی بۆ سەرەتای دامەزرانی کۆماری سووریا دەگەڕێتەوە. بەڵام لە دوای 2011 وە بازنەی دەسەڵاتی ئەو کەس و لایەنانە گۆڕانی گەورەیان بەسەردا هاتووە، بە جۆرێک ئەگەر لە ڕابردوودا بەرژەوەندییەکانی حکومەت و خێزانی دەسەڵاتداری ئەسەدیان پاراستبێ، ئەوە لە دوای 2011 وە چاویان تەنیا لە دەسەڵاتی خۆیانە و بازنەی دەسەڵاتیشیان وەها گەورە بووە کە ڕاپۆرتەکەی (چەسم هاوس) پێیوایە کۆی سیستەمی پەیوەندیی بازنەکانی دەسەڵات گۆڕاوە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، سێ هۆکاری سەرەکی لە پشت سەرهەڵدانی ئەو پەیوەندییە نوێیەن: یەکەمیان دەوردانەوەی سزا نێودەوڵەتییەکان، لەبەر ئەوەی ئەم سزایانە ڕژێمیان ناچار کرد بیر لە ڕوخساری نوێ و نەناسراو بکاتەوە.

هۆکاری دووەمیان ئەوەیە کە "ناوچەیەکی زۆر کەوتنە دەرەوەی دەسەڵاتی ڕژێم"، ئەمەش حکومەتی ناچارکرد لەو ناوچانەدا بەدوای هاوبەشی نوێدا بگەڕێ، بۆ ئەوەی بازرگانیی نێوخۆیی نەوەستێ.

سێیەم هۆکاریش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە بە هۆی شەڕەوە زۆربەی دامەزراوەکان (لەوانەش باج و گومرک، کشتوکاڵ، بەرهەمهێنان، دابینکردنی ئاو و دابەشکردنی سووتەمەنی) لەکار کەوتبوون، ئەمە حکومەتی ناچارکرد پشت بە ئەکتەری ناحکومی ببەستێ.

بەڵام لەپاڵ بازرگان و ئەکتەرە ناحکومییەکاندا، میلیشیا سووری و بیانییەکانی لایەنگری ڕژێم هەوڵی قۆستنەوەی دۆخی شەڕی نێوخۆی سووریایان دا. سەرکردەی هێزەکانی بەرگریی نیشتمانی لە حەوت ساڵی شەڕی نێوخۆی سووریادا داهاتی مانگانەی خۆیان بەرزکردووەتەوە، بەشێکی زۆری ئەم داهاتەش لە ڕێگەی دروستکردنی ڕێکخراو و کۆمپانیای ناحکومی، تاڵان، وەرگرتنی باج لە خەڵک و وەرگرتنی بەرتیل بۆ لێخۆشبوون لە خزمەتی سەربازی و ئازادکردنی بەندکراوان بووە.

بۆیە ئەگەر ڕژێمی سووریا بشتوانێ هەموو وڵاتەکە کۆنترۆڵ بکاتەوە، دەبێ ئەو ڕاستییە قەبووڵ بکات کە سیستەمی پەیوەندیی بازنەکانی دەسەڵات گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و دەوڵەتە سێبەرە ئەمنییەکەی جاران بەهۆی سیستەمی ئاڵۆزی ئاڵوێری بەرژەوەندی لە نێوان هێزە نوێیەکان و حکومەتدا داخوراوە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی حکومەتی سووریا نەتوانێ بەئاسانی ئاسایش و سەقامگیری بۆ هەموو سووریا بگەڕێنێتەوە.



> "لە ناوچەکانی نزیک سنووری سووریا و لوبنان هێزەکانی نزیک لە ئێران ڕێ بە هێزەکانی ڕژێم نادەن دەسەڵاتی تەواویان هەبێ"

بەڕوونی دیارە کە حکومەتی سووریا توانای ئەوەی نەماوە بە هێزە فەرمییەکان ئاسایشی ئەو ناوچانە بپارێزێ کە کۆنترۆڵیان دەکاتەوە (فۆتۆ: AFP)

# نەوەی خومەینی لە نەجەف نیشتەجێ دەبێ



سەید عەلی خومەینی.. باڵی موحافزکارانی ئێران بە درێژەپێدەری ڕێگەی ئیمام خومەینی دەزانن

**ڕووداو- هەولێر**

کۆتایی مانگی ڕابردوو، نەوەی ئایەتوڵڵا خومەینی، ڕێبەری پێشوو و دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، وڵاتەکەی خۆی جێهێشت و لە شاری نەجەف گیرسایەوە. کەسانی نزیکی باسی کۆمەڵێک هۆکار دەکەن بۆ ئەو بڕیارەی ئەو، لەوانەش لاوازبوونی خوێندنی ئایینی لە حەوزەی قوم و زیندووکردنەوەی ماڵی باپیری لە نەجەف.

نەوەی خومەینی کێیە؟

سەید عەلی خومەینی، تەمەن 33 ساڵ، کوڕی ئەحمەد خومەینییە کە بە کوڕی خۆشەویست و دەستەڕاستی ئایەتوڵڵا خومەینی دەزانرا و ساڵی 1995 لە هەلومەرجێکی تەمومژاویدا مرد. هاوژینی سەید عەلی نەوەی ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی مەرجەعی تەقلیدیی شیعەکانی عێراقە، بۆیەش دوور نییە یەکێک لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی نەجەف هەر ئەم پەیوەندییە خێزانییە بێ.

پێشتر سەید حەسەن خومەینی، برا و مامۆستای سەید عەلی، ناوێکی دیاری گۆڕەپانی سیاسیی ئێران بوو، بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی ڕوانگە و هەڵوێستەکانی لە هی ریفۆرمخوازەکان و میانڕەوەکان نزیک بوو. بەڵام هەڵوێستی سیاسیی سەید عەلی هێندە ئاشکرا نییە. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (شەرق)، ئەندامانی خێزانی خومەینی پێیانوایە سەید عەلی ریفۆرمخواز بێت، بەڵام موحافزکارەکان لایەنگرییەکی زۆر لە بۆچوونەکانی دەکەن و بە درێژەپێدەری ڕاستەقینەی ڕێگەی باپیری دەزانن.

## بۆچی نەجەف؟

ڕوحوڵڵا خومەینی ماوەی 14 ساڵ لە مەنفا ژیا، لەو ماوەیە نزیکەی 12 ساڵی (لە 1965 تاوەکو 1978) لە نەجەف بەسەربردووە. ژمارەیەکی زۆر لە وانەکانی خومەینی لەبارەی حکومەتی ئیسلامی و بناغە تەشریعی و ئیدارییەکانی ئەو حکومەتە لە نەجەف پێشکەش کراون. بەو پێیەش خێزانی خومەینی پەیوەندییەکی لەمێژینە و قووڵیان لەگەڵ شاری مەزارگەی ئیمامی عەلیدا هەیە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان، عەلی بڕیارە لە هەمان ئەو ماڵەدا بژی کە سەردەمانێک شوێنی مانەوەی باپیری بووە. ناوەندی کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی ئایەتوڵڵا خومەینیش شوێنەکەی نۆژەن کردووەتەوە و گومان دەکرێ سەید عەلی بەنیازی زیندووکردنەوەی ئەو شوێنە بێ.

بەڵام پرسیارێک کە شارەزایانی ئایینی و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەدوای وەڵامەکەیدا دەگەڕێن، ئەوەیە ئاخۆ نەوەکەی خومەینی بۆچی قومی بۆ ژیان و چالاکی ئایینی هەڵنەبژاردووە، لەکاتێکدا ڕوانگەی فیقهی، سیاسی و کۆمەڵایەتی نەجەف زۆر جیاوازە لە ڕوانگەی قوم؟

محەممەد ڕەزا مەنوچێهری نائینی، مامۆستای پێشووی سەید عەلی، یەکەم کەس بوو هەواڵی ڕۆیشتنی سەید عەلی بڵاوکردەوە و بە کۆچ ناوی برد. لە بەشێک لە ڕاگەیەندراوەکەی نائینیدا هاتووە: "کۆچ بۆ هەموو مرۆڤەکان ماهییەتێکی هەیە کە مرۆڤ دروست دەکات. ڕەنگە هەر یەکێک لەم دوو حەوزەیە (واتە حەوزەی قوم و حەوزەی نەجەف) بەشێک لە کەسایەتی قوتابییەکە شێوەگیر بکەن، بەتایبەتیش ئێستا کە بواری وانە گوتنەوە لە قوم زۆر سنووردار کراوە، لە کاتێکدا ئەمە یەکێک لە کۆڵەکەکانی قوتابیبوونە".

نائینی ئاماژەی بۆ ئەوە نەکرد کە بۆچی بواری وانەگوتنەوە و لێکۆڵینەوە لە حەوزەی قوم کەم بووەتەوە، ریفۆرمخوازەکانی ئێران لە نزیک 10 ساڵی ڕابردوودا داوای کەمکردنەوەی سنووری دەسەڵاتی ویلایەتی فەقی لەسەر دامەزراوە هزرییە ئایینییەکان دەکەن. بۆیەش چاوەڕێ دەکرێ "کۆچ"ی سەید عەلی بۆ نەجەف پردێکی نوێ لە نێوان ریفۆرمخوازان و مەرجەعییەتی نەجەفدا دروست بکات.

تەنیا سەید عەلی نییە

بەپێی ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕی (ئەلمۆنیتەر)، بەیاننامەکەی نائینی ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی ڕەوتێکی سیاسی دیاریکراو باڵی بەسەر پەروەردەی ئایینی حەوزەی قومدا کێشابێ. ئەو ڕەوتە سیاسییەش هەوڵی سەپاندنی ڕوانگەی سیاسی ئایەتوڵڵا خامنەیی، ڕێبەری ئێران، بەسەر حەوزەی قومدا دەدەن، لە کاتێکدا لە حەوزەی نەجەف فێربوون، وانەگوتنەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی بە شێوەیەکی ئاسایی و باو بەڕێوەدەچێ.

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە 2003، ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی حەوزەی قوم ڕوویان لە نەجەف کردووە. نەجەف جگە لە حەوزە ئاینییەکەی، شوێنی مەزارگەی ئیمامی عەلی، یەکەم ئیمامی شیعەکانە، هەر بۆیە پێگەیەکی سیمبۆلی گەورەشی هەیە. بەڵام وەک لە ڕاپۆرتەکەی (ئەلمۆنیتەر)دا هاتووە، بەشێک لە هۆکارەکەی بۆ ئەو ترس و تۆقاندنە دەگەڕێتەوە کە لەلایەن ڕژێمی سیاسیی ئێرانەوە بەسەر حەوزەدا سەپێنراوە.

ڕاپۆرتەکەی (ئەلمۆنیتەر) ئاشکرای دەکات کە لە 15 ساڵی ڕابردوودا 400 قوتابی ئایینی لە حەوزەی قومەوە ڕوویان لە حەوزەی نەجەف کردووە، لەو ژمارەیە 100 کەسیان لە ساڵی 2017دا هاتوونەتە نەجەف، بەو پێیەش ژمارەکە بە خێراییەکی زۆر ڕووی لە بەرزبوونەوەیە، هەرچەندە بارودۆخی دارایی و خزمەتگوزاری لە قوم زۆر باشترە.

ئێران مێژوویەکی درێژی هەڵکوتانە سەر کەسایەتییە ئایینییەکان و ڕاگرتنی وانەکانیانی هەیە، زەقترین نموونەی ئەو حاڵەتەش ئایەتوڵڵا حوسێن عەلی مونتەزرییە کە پێش شۆڕش یەکێک لە کەسە هەرە نزیکەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی بوو، تەنانەت لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشدا بە جێگرەوەی ڕێبەری ئەوکاتی کۆماری ئیسلامیش دەزانرا، بەڵام دواجار لە ماڵەکەی خۆیدا دەستبەسەر کرا و هەتا سەردەمی سەرۆکایەتی محەممەد خاتەمی ئەو سزایەی لەسەر لانەدرا.

سەعید، کە بە ناوی خوازراوەوە قسە بۆ (ئەلمۆنیتەر) دەکات، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی گوشارەکان دەڵێ: "لە نەجەف ئازادییەکی زیاتری فێربوونم هەیە، لێرە هیچکەس ناچارم ناکات بۆچوونێکی سیاسی دیاریکراوم هەبێ. من بەشداریم لە وانەکانی ئایەتوڵڵا یوسف سانعی دەکرد کە گرووپە موحافزکارەکانی پەرلەمان لە کاتی دەستپێکردنی خولی دووەمی سەرۆکایەتی ئەحمەدی نەژاد ئۆفیسەکەیان داخست"، بە گوتەی سەعید کۆمەڵەی مامۆستایانی حەوزەی قوم "هەموو چالاکییە پەروەردەییەکانی سانعییان لە حەوزەی قوم قەدەغە کرد".

حەوزەی نەجەف بە درێژایی مێژوو بێلایەنی سیاسیی خۆی پاراستووە، هەر ئەمەش یەکێک لە هۆکارەکانی پێگەی جەماوەریی ئەو حەوزەیە لە سەردەمی بەعس و لەدوای 2003ش بووە. پرسیارێک کە لە ساڵانی داهاتوودا وەڵامەکەی دەردەکەوێ، ئەوەیە ئاخۆ ئەم بێلایەنییە سیاسییەی نەجەف تاوەکو چەندە پێگەی لە جیهانی شیعەدا بەهێز دەکات و ئاخۆ نەجەف لەسایەی کەسانی وەکو عەلی خومەینی چ ڕۆڵێکی لە جووڵاندنی بیرکردنەوەی شیعە و جیاکردنەوەی ڕێژەیی ئایین لە سیاسەت لە ئێران دەبێ؟

# دۆسیەی خاشقچی تورکیا بەرەوڕووی دۆخێکی نالەبار دەکاتەوە





سعودیەکان وەکو بانکێکی زانیاریی نهێنی لە خاشقچییان دەڕوانی و قووڵیی زانیارییەکانی لەسەر حکومەتی سعودیە دەیتوانی کێشەی گەورە بنێتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

دوای دوو هەفتە، دۆزینەوەی وەڵامێکی دڵنیا بۆ چارەنووسی جەمال خاشقچی ئاسان نییە، تاوەکو ئێستاش هۆکار و چۆنێتی دیارنەمانی ڕۆژنامەنووس و چالاکڤانە سعودیەکە ڕوون نییە. ئەوەی ڕوونە، تەنیا ئەوەیە کە خاشقچی لەدوای چوونە ناو کۆنسوڵخانەی گشتیی سعودیە لە ئیستەنبوڵ دیار نەماوە، ئەوەشی کە زۆربەی لێکۆڵەران و شارەزایان لەسەری کۆکن، ئەوەیە ئەم کەیسە تەنها وەکو کەیسێکی یاسایی نامێنێتەوە و ئاسەواری گەورە لەسەر سیاسەت و پەیوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دادەنێ.

## پوختەی چیرۆکێکی تەمومژاری

ڕۆژی 2ی تشرینی یەکەم، جەمال خاشقچی بۆ وەرگرتنەوەی دۆکۆمێنتێکی تایبەت بە هاوسەرگیرییەکەی سەردانی کۆنسوڵخانەی گشتیی سعودیەی کرد لە ئیستەنبوڵ، لەو ڕۆژەوە هیچکەس خاشقچی لە دەرەوە نەبینیوەتەوە. سعوودییەکان باس لەوە دەکەن کە خاشقچی باڵەخانەی کۆنسوڵخانەی جێهێشتووە.

بەرپرسانی تورکیا بەشێوەی پچڕپچڕ زانیاری جیاواز دەدەن، هەندێکیان باس لە ئەشکەنجە، کوشتن و پارچەپارچەکردنی خاشقچی لە لایەن 15 کەسی سعوودی دەکەن کە هەمان ڕۆژ گەیشتوونەتە ئیستەنبووڵ و چەند کاژێرێک دوای چوونی خاشقچی بۆ ناو کۆنسوڵخانەکە، تورکیایان جێهێشتووە. سەرچاوە ئەمنییەکانی تورکیا ئاماژە بۆ ئەوەش دەکەن کە کامیراکانی چاودێری لە کۆنسوڵخانە لادراون، پاسەوانە تورکەکانی کونسوڵخانەش ئاگادارکراونەتەوە کە دەتوانن پشوو وەربگرن.

## خاشقچی کێیە و بۆچی پەنجەی تۆمەت بۆ سعودیە درێژ دەکرێ؟

جەمال خاشقچی، تەمەن 60 ساڵ، ڕۆژنامەنووسێکی بەناوبانگی سعوودییە، ساڵانێکی زۆر کاری ڕوومالّی گرووپە توندڕەوەکانی وەکو قاعیدە و تالیبانی کردووە، یەکێک لە یەکەم کەسەکان بووە کە لە 1987 چاوی بە ئوسامە بن لادن، سەرکردەی کوژراوی ئەلقاعیدە کەوتووە و تەنانەت هەوڵیشی داوە بن لادن لە قاعیدە دووربخاتەوە. بەڵام خاشقچی پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ سەرکردەکانی ئیخوان موسلیمینیش هەبووە کە سعودیە، ئیمارات و میسر بە ڕێکخراوی تیرۆریستی لەقەڵەمی دەدەن.

خاشقچی تەنیا ڕۆژنامەنووس نەبوو، بەڵکو ماوەیەکی زۆریش وەکو ڕاوێژکاری میدیایی تورکی بن فەیسەڵ، شازادە و بەرپرسی پێشووی هەواڵگریی سعودیە کاری کردووە. وەکو خۆی بۆ هاوڕێ نزیکەکانی باسکردووە، ماوەیەکی زۆریش دەمڕاستی حکومەتی سعودیە بووە، جگە لەوەش ئاگاداری چالاکییە نهێنییەکانی سعودیە بووە، بەتایبەتیش هەوڵەکانی ڕیاز بۆ ڕاکێشانی ڕۆژنامەنووس، میدیاکار و شارەزا بەناوبانگەکان بۆ ئەوەی لە قازانجی حکومەتی سعودیە قسە بکەن، جگە لەمەش پەیوەندی زۆری لەگەڵ شازادە هەرە باڵاکانی ئالی سعوودا هەبوو. بۆیە سعودیەکان وەکو بانکێکی زانیاریی نهێنی لە خاشقچییان دەڕوانی کە لە یەک ساڵی ڕابردوودا لە ئەمریکا ژیاوە و لە ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی گۆشەی دەنووسی و ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی محەممەد بن سەلمان، شازادەی جێنشین دەگرت. ئەم تایبەتمەندییانە وادەکەن خاشقچی لە ڕەخنەگرانی دیکەی سعودیە و بن سەلمان جیاواز بێ و قووڵیی زانیارییەکانی لەسەر حکومەتی سعودیە دەیتوانی کێشەی گەورە بۆ دەسەڵاتدارانی ڕیاز دروستبکات.

لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا فۆکەسی سەرەکیی میدیاکان لەسەر ڕوونبوونەوەی چۆنێتی ڕووداوەکە خۆی بووە، بۆیەش بایەخێکی ئەوتۆ بە ئاکامە ناوچەیی و جیهانییەکانی ئەو ڕووداوە نەدراوە، لە کاتێکدا ڕووداوەکەی ئیستەنبوڵ لە بارودۆخێکی ئاڵۆزی پەیوەندییەکانی تورکیا و سعودیەدا ڕوودەدات.

پەیوەندییەکانی ڕیاز و ئەنقەرە لە ساڵانی ڕابردوودا قۆناغ بە قۆناغ خراپ بووە. لە کاتی شۆڕشی میسردا لە 2011، سعودیە، ئیمارات و بەحرەین پشتگیرییان لە مانەوەی حوسنی موبارەک، سەرۆککۆماری لەسەرکارلادراوی میسر دەکرد، لە کاتێکدا تورکیا لایەنگری هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بوو کە ئەوکات ئیخوان موسلمین بەهێزترینیان بوو. ڕووخانی دەسەڵاتی موبارەک و هاتنەسەرکاری محەممەد مورسی، ترسی گەورەی لە دڵی ئالی سعوودا دروستکرد. بۆیەش سەیر نییە لە 2012 وە بۆ 2013 سعودی و ئیماراتییەکان زیاتر لە 20 ملیار دۆلار پارەیان خەرج کرد بۆ ئەوەی مورسی لەسەرکار لابدەن و عەبدولفەتاح سیسی، سەرۆکی ئێستای میسر بهێننە سەر دەسەڵات.

شکانی مورسی و ئیخوان و کودێتای سیسی درزی گەورەی لە پەیوەندییەکانی هەردوو وڵاتی زلهێزی جیهانی سوننە و تەنانەت پەیوەندییەکانی کەنداویشدا دروستکرد. ڕووداوەکانی پێش 2013ی میسر فاکتەرێکی سەرەکیی لێکنزیکبوونەوەی تورکیا و قەتەر و ناکۆکیی نێوان بەرەی سعودیە لەگەڵ تورکیا بوو.

لە گەرمەی ئابڵۆقە بازرگانی و دیپلۆماسییەکانی کەنداودا لەسەر قەتەر، حکومەتی تورکیا لەڕووی سەربازی و بازرگانییەوە بەهانای قەتەرەوە هات، لەلایەکەوە قەبارەیەکی گەورەی کەلوپەلی ژیانی ڕۆژانەی بۆ قەتەر ڕەوانە کرد و ئاسمانی خۆی وەکو ڕێگایەکی بازرگانی خستە خزمەت قەتەرەوە، لەلایەکی دیکەشەوە هێزێکی سەربازیی ڕەوانەی قەتەر کرد کە ئەوکات هەوڵێکی سعوودی ـ ئیماراتی بۆ داگیرکردنی قەتەر لەئارادابوو.

سووریا گۆڕەپانێکی دیکەی ناکۆکییەکانی سعودیە و تورکیا بووە، لە کاتێکدا ڕیاز پێیوایە نزیکبوونەوەی ئەنقەرە لە تاران و مۆسکۆ ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە لاوازبوونی ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی سوننەی سووریا. لەلایەکی دیکەوە حکومەتی سعودیە 100 ملیۆن دۆلاری بۆ ئاوەدانکردنەوە و پشتگیریکردنی ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا تەرخان کردووە، تەنانەت بەرپرسانی سعوودی لەگەڵ فەرماندەکانی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە)ش کۆبوونەتەوە، کە تورکیا بە باڵی پەکەکەیان دەزانێ.

هەرچەندە ڕووداوەکەی خاشقچی دەکرێ سەرەتای گرژییەکی نوێ لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات و جیهانی سوننە بە شێوەیەکی گشتی بێ، بەڵام کۆمەڵێک ئاماژە لە یەک ساڵی ڕابردوودا هەن کە وای دەردەخەن تورکیا بە وریاییەکی زۆرەوە مامەڵە لەگەڵ دۆسیەکەدا دەکات. بە درێژایی یەک ساڵی ڕابردوو، تورکیا هەوڵی داوە بەرەنگاری سعودیە نەبێتەوە، بە جۆرێک لەکاتی ناردنی هێز بۆ قەتەر، وڵاتانی کەنداوی دڵنیاکردەوە لەوەی ئەو هێزە هیچ هەڕەشەیەک لەسەر ناوچەکە دروست ناکات، ئەنقەرە بەرامبەر هاوکارییەکانی سعودیە بۆ هەسەدە بێدەنگی هەڵبژاردووە و هیچ هەڵوێستێکی ئەوتۆشی بەرامبەر شەڕی یەمەن نییە.

گۆنوڵ تۆڵ، شارەزای کاروباری تورکیا لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست (MEI)، پێیوایە هەڵسەنگاندنە ئابوورییەکان ڕۆڵێکی گەورەیان هەبووە لەوەی تورکیا حەز نەکات گرژییەکان لەگەڵ سعودیە زیاد بکەن، چونکە "ئەردۆغان وەهای دەبینێ کە سعودیە دەتوانێ ئەکتەرێکی گرنگ بێ بۆ ئەوەی تورکیا هێندە چاوی لە وەبەرهێنانی ئەورووپی نەبێ"، ئەمەش لەکاتێکدا تورکیا بە قەیرانی ئابووریدا تێدەپەڕێ و پێویستییەکی زۆری بە وەبەرهێنانی بیانی هەیە".

مانگی ئۆکتۆبەر بۆ تورکیا مانگێکی هەستیارە. ڕۆژی هەینیی ڕابردوو دادگای تورکیا بڕیاری ئازادکردنی ئەندرو برونسن، قەشەی ئەمریکی دا، کە حکومەتی تورکیا بە هاوکاریکردنی یەپەگە و بڵاوکردنەوەی مەسیحییەت تۆمەتباری دەکرد. ئازادکردنی قەشەکە بە ڕێککەوتنێکی نهێنی ئەمریکا و تورکیا بووە، کە دەکرێ ئاماژەیەکیش بێ بۆ سعوودییەکان بەوەی لە تورکیا کەیسە یاساییەکان دەکرێ بە ڕێگەی سیاسی یەکلابکرێنەوە. ڕۆژی هەینی هەردوو حکومەتی سعودیە و تورکیا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە تیمێکی لێکۆڵینەوەی هاوبەش لە ڕووداوەکە پێکبهێنن، هیچ وادەیەکیش بۆ تەواوبوونی لێکۆڵینەوەکان دیارینەکراوە.

ڕۆژی 15ی ئۆکتۆبەر، دوایین وادەی ڕێککەوتنەکەی ڕووسیا و تورکیایە بۆ ئەوەی چەکدارانی هەیئەی تەحریری شام لە ناوچە لەچەکداماڵراوەکانی ئیدلیب بکشێنەوە، ئەنقەرە ئەرکی ئەوەی گرتووەتە ئەستۆ کە ئەو هێزانە قایل بکات لەو ناوچانە بکشێنەوە. ئەگەر تورکیا نەتوانێ ئەو بەڵێنە بەرێتە سەر، ئەوە پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و مۆسکۆش ئاڵۆز دەبن.

تاوەکو ئێستا بەرپرسانی باڵای تورکیا بە وریاییەوە لێدوانیان داوە، زانیاری و بەڵگەکانیش لە کەناڵی نادیارەوە بە شێوەی پچڕپچڕ بڵاودەکرێنەوە. ئەگەر تورکیا بەڵگەکانی "کوژران"ی خاشقچی ئاشکرا بکات، پەیوەندییەکانی لەگەڵ سعودیە دەچێتە ئاستێکی قەیراناوییەوە کە ئاساییکردنەوەی کاتێکی زۆری دەوێ و تورکیا لە بەرەی کەنداویشەوە تووشی کێشەی دیپلۆماتیکی گەورە دەبێ، سەرەتای قەیرانەکەش دەکرێ داخرانی باڵیۆزخانە و ناوەندە دیپلۆماسییەکانی سعودییە و کشانەوەی چەندین ملیار دۆلار وەبەرهێنانی ڕیاز بێت لە تورکیا.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# حکومەتی تەکنۆکرات، یان کابینەیەکی کۆیلە

شیعە وەک تایفەیەکی ئایینی بەحوکمی ئەوەی لە دروستکردنی دەوڵەتی عێراقەوە لە ساڵی 1921 تا کەوتنی سەدام لە 2003 لە پەراوێزدا بوون و ژێردەستەی کەمینەی سوننەی حوکمڕان بوون، بۆیە لە عێراقی تازەدا کە دەرفەتی ئەوەیان بۆ ڕەخسا بگەنە دەسەڵات، بێ ئەندازە کەوتنە هەڵپەی جڵەوکردنی ناوەندە گرنگەکان و لە ماوەیەکی کورتدا تا ئەندازەیەکی زۆر دەستیان بەسەر تەواوی جومگەکانی حوکمڕانیی عێراقدا گرت. بەڵام کە هێشتا ئەو ئەجێندا شیعییەی هەیانە بۆ حوکمڕانی هەموویان نەخستووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، هۆکارەکەی ئەوە نییە کە نایانەوێ لەوە زیاتر حکومەت ڕەنگی شیعە بگرێت، بەڵکوو پەیوەستە بە قۆناغبەندیی ئامانجی ستراتیجی حوکمڕانیانەوە لە عێراق.

ئێستا سەرباری ئەوەی کە بە ڕەهایی دەسەڵات لەدەستی خۆیاندایە و بەشداری پێکهاتەکانی تر لە حوکم بەشدارییەکی ناهاوسەنگە، بەڵام هێشتا دڵیان تەواو ئاو ناخواتەوە و مەیلی حکومەتی زۆرینە بەسەر بیرکردنەوەی زۆربەیاندا زاڵە، خوازیاری ئەوەن کە بتوانن بە تەنها حوکمی وڵاتەکە بگرنە دەست. لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەند جارێک ئەم خواستە لە زاری سەرکردە سیاسییەکانیانەوە بەگوێی کورد و سوننەدا دراوە کە ئێمەی شیعە ئەو خەونەمان هەیە و کار بۆ بەدیهێنانی دەکەین. بەڵام جارێ نەگەیشتوون بەو قۆناغەی کە هاوشێوەی ئێران ناسنامەی دەوڵەتەکە بۆ شیعە یەکلایی بکەنەوە و کورد و سوننەش بە ئەندازەی سوننە و کوردی ئێران ڕۆڵ و پێگەیان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا هەبێت.

دوای هاتنی داعش و لێکەوتەکانی لە عێراق، هەروەها دوای قوڵبوونەوەی ناکۆکیی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان تا گەیشتنی بە گشتپرسی و 16ی ئۆکتۆبەر و لێکەوتەکانی. بەتایبەتیش دوای کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران، ئێستا دۆخێکی تازە لە عێراق دروستبووە کە شیعە ناتوانێ لەم قۆناغەشدا حکومەتی زۆرینە ڕابگەیەنێت، بەڵام دەستبەرداری ئەو ئامانجەش نەبوون. ئەوەی کە دەگوترێت (ئەگەر ئامانجێکت لە قۆناغێکدا بەدی نەهات، دەستبەرداری ئامانجەکە مەبە، بەڵکوو ئامرازەکەتی بۆ بگۆڕە)، شیعە ئەمە پەیڕەو دەکات.

ئەوەی ئێستا لە عێراق دەیبینین، گۆڕینی ئامرازە بۆ بەدیهێنانی ئامانجێک کە لە بنەڕەتدا هاوشێوەی حوکمی زۆرینەیە کە شیعە دەیخوازێت، بەڵام بەڕووکەش وێنەیەکی تر دەخرێتەڕوو. ئەو میکانیزمەی ماڵی شیعی لە مەتبەخی پشتەوەی دیاریکردنی سەرۆک پەرلەمان و سەرۆک کۆمار و لە پێکهێنانی کابینەی حکومەت پەیڕەوی دەکەن، بە ئەندازەی حوکمی زۆرینە زیاتر خزمەت بە ئامانجی شیعە دەکات. چونکە بۆ دۆخێکی وەک ئێستا پێکهێنانی حکومەتی زۆرینەی شیعە، کۆمەڵێک لەمپەر و گرفت و نەیاریی بۆ حوکمی شیعە دروست دەکات، بەڵام ئەم میکانیزمەی ئێستا پێچەوانەی دروستبوونی نەیار، وەلائی سیاسی سوننە و کورد بە شیعە دەبەخشێ. نەریتێکی سیاسی دێنێتە ئاراوە لەناو کورد و سوننە کە هێزی سیاسی و کارەکتەری وابەستە و پاشکۆی شیعە دروستبن و هێز و کارەکتەرە سیاسییە ڕەسەنەکانی نێو ئەم دوو پێکهاتەیەش بکەونە پەراوێزەوە.

تەماشا بکەن هەموو ماڵی شیعی بە هێزە سیاسییەکان و بە مەرجەعیەت و بە ناوەندە دەستووری و یاساییەکانیشیانەوە بێ دەنگن لەو میکانیزمەی بۆ پێکهێنانی حکومەت گیراوەتەبەر. لە کاتێکدا بەپێی عورف و ڕێکارە دەستوورییەکان، دەبێت هێزی یەکەمی براوەی هەڵبژاردن، یاخود گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی ڕابسپێردرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت، بەڵام ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت پێچەوانەی ئەو بنەما دەستوورییەیە، نە هیچ کوتلەیەکی گەورەی پەرلەمانی ڕاگەیێندراوە و نە لە هێزی یەکەمی هەڵبژاردنیش کەس ڕاسپێردراوە بۆ پێکهێنانی حکومەت، کەسایەتییەک هێنراوە ئەو ئەرکەی پێ سپێردراوە کە خاوەن تاکە کورسییەکی پەرلەمانیش نییە.

ئامانج لەم پرۆسەیە ئەوەیە کە حکومەت لەسەر بنەمای دەرئەنجامی هەڵبژاردن پێکنەهێنرێت و ڕێگەش نەدرێت کورد و سوننە وەک نوێنەری پێکهاتەکانیان لەم قۆناغە بەشدار بن لە حکومەت، پرسیار ئەوەیە ئەی کەواتا هەڵبژاردن بۆچییە؟ لە کوێی دونیادا ئەم مۆدێلە سیاسییە هەیە کە هەڵبژاردن بکرێت و هێزە براوەکانی هەڵبژاردن مافی دروستکردن و بەشداریکردنی حکومەتیان نەدرێتێ؟ ئەمە چ مۆدێلێکە بە پاساوی تەکنۆکرات و دوورکەوتنەوە لە پشکپشکێنە شەرعیەت بدرێتە پێکهاتەیەک دەستکراوە بێت بە میزاج و دڵخوازی خۆی لەناو پێکهاتەکانی تر پشک و مافەکانیان بۆ بڕبکاتەوە. ئەمە جگە لەوەی کە لەم قۆناغەدا پێویستیان بە کابینەیەکی کۆیلە هەیە لەبری حکومەتی زۆرینە، هیچ مانایەکی تر هەڵناگرێت؟

عادل عەبدولمەهدی کەسایەتیەکی سیاسی هاوسەنگ و ڕۆشنفکر و کراوەترە لە تەواوی سیاسیەکانی شیعەی عێراق، لە زۆربەی سیاسیەکانی تر گونجاوترە کە سەرۆکوەزیران بێت و هەڵوێستەکانی لە پانزە ساڵی ڕابردوودا گەواهی دەدەن کە پاشکۆ نەبووە. ئێستا هەق نەبوو ڕێگە بەخۆی بدات بکرێتە ئامرازی یاریی سەفقەیەکی گوماناوی بۆ چەوساندنەوەی پێکهاتەکانی تری عێراق. ئەوەی ئێستا لە مەتبەخی پشتەوەی ماڵی شیعی بەدی دەکەن ئاوکردنە بە ئاشی بەپاشکۆکردنی کورد و سوننە و کۆیلەکردنی سیاسییەکانیان. ئاخر ئەگەر هەر کارەکتەرێکی ئەم دوو پێکهاتەیە سبەی بەو میکانیزمە برایە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، لای مەعلومە بە هێز و پشکی هیچ کوتلەیەکی سیاسی نەچووە و هیچ پابەندێتیەکی نە بۆ میللەتەکەی و نە بۆ هیچکام لە قەوارە سیاسییەکانیش دەبێت، تەنها دەبێتە ڕۆبۆتێکی دەستی ئەوانەی کە گوڵبژێریان کردووە. ئامانجیشیان ئەوەیە لەم خولە چوار ساڵییەدا بەو کارەکتەرە بەبارمتەگیراوانە، سوننە زیاتر پەرتەوازە بکەن و ئەگەر بۆیان بکرێت بە میکانزمێکی تر قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستانیش نەهێڵن.

با بیهێنینە پێش چاوی خۆمان کوردێک بەبێ نوێنەرایەتی کورد، بەبێ نوێنەرایەتی هیچ هێزێکی سیاسی، بەبێ ئیستحقاقی هەڵبژاردن ببرێت و لەسەر بنەمای ئەوەی لە ڕێگەی ئیمەیڵێکەوە شانامەیەکی جوانی بۆ خۆی نووسیوە، بکرێت بە وەزیر، چ چاوەڕوانییەکی لێدەکرێت وەک کوردێک وەلائی بۆ کوردستان هەبێت و خۆی بە بەرپرسیار بزانێ بەرامبەر خواست و مافەکانی خەڵکی کوردستان؟ ئەو کە بە دەنگ و بەهێزی کورد نەگەیەندرابێتە ئەوێ، ئیتر بۆ خۆی بە قەرزاری کورد بزانێ؟ قەرزاری ئەوانە دەبێت کە دەیکەن بە وەزیر یان هەر پۆستێکی تر. ئەمە بۆ سوننەش هەر ڕاستە. پێموانییە ئەمە بەبێ دراسەکردنێکی ورد و بێ هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامەکانی بە قازانجی شیعە، بڕیاری لەسەر درابێت.

دەبێ هێزە بەشدارەکانی کوردستان لە پرۆسەی سیاسی عێراق، لانیکەم بۆ پشک و ڕێژەی بەشداریی هەرێم لە بەغدا بەو میکانیزمە ڕازی نەبن. پێویستە کورد بەپێی قەبارەی خۆی لە عێراق لە هەموو پۆستەکان پشکی بۆ دیاری بکرێت و هێزە کوردییەکان خۆیان سەرپشک بن لە دیاریکردنی هەر کارەکتەرێک بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی کورد بکات، نەک ئەوان سەرپشک بن لەوەی خۆیان لەناو کورد کێیان بەدڵە و کێ زۆرتر ئامادەیە خزمەت بەوان بکات بیکەن بە نوێنەری خەڵکی کوردستان.



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# نادیە نامورادەکانی شەنگال کوردن؟!

1. ئێزیدییەکان و یارسانەکان لەو گرووپە ئایینیانەی جوگرافیای کوردستانن کە شێرازەی ئایینەکانیان، دەقی کتێبە پیرۆزەکانیان بە زمانی کوردی نووسراون. لەو سەدە و ساڵە دوورانەی مێژوودا کە بژاردەی ئەدەبی و ئایینی کوردی سۆرانی و کرمانجی پێیان شەرم و ڕەنگە کوفریش بووبێ بە زمانێک جگە لە فارسی و عەرەبی بنووسن، ئێزیدییەکان و یارسانەکان، سامانێکی مەزنی ئایینی- ئەدەبییان بە زمانی کوردی ئەفراندووە، ئەویش لە چوارچێوەی پیرۆزترین دەقەکانی ئۆل و ئایینە ڕەسەنەکانی خۆیاندا. ئەگەر ئەو میراتە مەزنە ئایینی-ئەدەبییە، بەتایبەتی دەقە شێعرییەکانی یارسانەکان، لە ئەدەبی کوردی بستێنینەوە، بەژنی کورتی مێژووی ئەدەبی ئێمە، بەقەدەر سەدان ساڵ لە بالای هەڵکشاوی مێژووی ئەدەبی گەلانی ناوچەکەمان کورتتر دەبێتەوە. ئێزیدییەکان و بەتایبەتی یارسانەکان، بەسەدان ساڵ بەرلەوەی ئەدەبی کوردی بکەوێتە گاگۆڵکە، ئابڕوویان بە "کولتووری باڵا"ی کوردی بەخشی (مەبەست لە کولتووری باڵا بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکانی هەناوی ئەو کولتوورەیە). ئەوان نەک هەر تۆبەرەی بەرهەمە ئەدەبی و زمانەوانییەکانیان بەزمانی کوردی ئەفراند، بەڵکو ئەو بەرهەمانەیان لە خەرمانەی پیرۆزی پەیامە ئایینییەکانیشیان ئاڵاند؛ ئەوان پیرۆزیی زمانی کوردییان، لە پیرۆزییەکی نەتەوەیی- زەمینییەوە کردە پیرۆزییەکی ئایینی - ئاسمانی!

لێرەوە ئیتر، لێکگرێدراوییەکی لەپسانەنەهاتوو پێکهات: لەلایەکەوە، زمانی کوردی بوو بە "ماڵی بوون"ی هەتاهەتایی هەموو ئەوانەی کە "مەسحەفا ڕەش" یان "سەرنجام" بە کتێبی پیرۆزی خۆیان دەزانن، لەلایەکی تریشەوە، هەرکەسێ خۆی بە کوردزمان بزانێ و شانازی بە کولتووری باڵای کوردییەوە بکا، ئەوا بیەوێ یا نا، قەرزاربارێ تاهەتایی ئەو چاکەیە دەمێنێ کە ئێزیدی و یارسانەکان لە مێژووی دوور و دێریندا، لەگەڵ کورد و زمانە بێنازەکەی کردوویانە! دەمەوێ بڵێم؛ ئەگەر ئەو کەمینە ئایینیانە بەجارێکیش لە ئێمەی کوردزمانی خۆ بە نۆڕمزان تەوەلا بن، هێشتاش ئەوان لە ئێمە خاوەنماڵترن!

2. ئەو شێوەیەی هێندێک کەس لە کەمینە ئایینییە نامسوڵمانەکانی کوردستانیان هەڵپێچاوە، تاڕادەیەکی زۆر ناشیرین، هەڵسوکەوتی شۆڤینیانەی گەلانی سەردەستی ناوچەی ئێمە دەرهەق بە خەڵکی کوردستان، دەهێنێتەوە یاد. ئێمە هەموومان ئەوەمان ئەزموون کردووە کە چۆن گەلانی دراوسێ، سەرەڕای هەموو ئەو خزمەتانەی کورد وشیارانە یان ناوشیارانە، لەمێژوودا بەوانی کردووە، کەچی خۆیان لەو هەموو ستەمەی دەوڵەتەکانیان لە کوردی دەکا، نەکردووە بە خاوەن. ئەوان بە ئەرکی کوردی دەزانن کە ڕێز لە سنووورە هەنووکەییەکانی دەوڵەتەکانیان بگرێ، کەچی هەرکە کوردێک لەسەر مافی ڕەوای خۆی هەڵدەداتێ، ئەوان کێچ دەکەوێتە کەوڵیان! دەشێ بەئاسانی ئەم هاوکێشە ناڕەوایە لەسەر پێوەندیی نێوان کورد و کەمینە ئایینییەکانی ناوخۆی کوردستانیش، تەتبیق بدەین: زۆرینەی کورد تائێستاش نابینایە بەرامبەر بەو چاکە مێژووییەی کەمینە ئایینییەکان لە ئاست زمان و کولتووری باڵای کوردی کردوویانە. نەک هەرچاکەیانمان لەبەرچاو نییە، بەڵکو نابیناین بەرامبەر بە جێدەستە ڕەشەکانی باپیرە گەورەکانی خۆشمان لەسەر جەستەی مێژووی بریندار و، ڕۆحی زامداری ئەوان. ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە فرمانی کوشتوبڕی کوێرانەی ئێزیدییەکان لە مێژوودا، بەشێکی گرینگی لەسەردەستی کوردی بیروشکی سەدەکانی ڕابردوو کراوە. ئایا ئێمە وەک نەتەوە، کەمترین هەستی هاوبەشی نائاسوودەیی ویژدانمان بەرامبەر بەم غەدرە مێژووییە هەیە؟! با زۆر دوور نەڕۆین؛ گورگانخواردووکردنی ئێزیدییەکان بەدەستی داعش، لەسەر دەستی هێزی چەکداری کوردی ئەنجامدرا. ئایا بەرپرسانی ئەو تاوانە دەرخران؟ سزای شیاو دران؟ داوای لێبوردنێکی ڕاشکاوانە لە ئێزیدییەکان کرا؟ سەرەڕای هەموو ئەو بێدادیەش زۆرکەس سەرکۆنەیان دەکەن کە بۆچی هێندەی ئێمەیان ئینتیما بۆ کوردبوون نییە! لەڕاستیدا، ئەگەر کەس لە ئێزیدییەکان تێنەگا، هەق وایە ئێمە خۆمان تێیانبگەین، چونکە ئەوەی ئێمە بەسەر ئەوانمان هێناوە، شتێکە وەک ئەوەی داگیرکەران بەسەر خۆمانیاندا هێناوە؛ هەر دوو کەلێنەکە بە غەدر و خیانەت و خۆڵێنەبانکردن قانگدراوە! ئێمە زۆرجار بە گەلانی دراوسێ دەڵێین: "لەخۆتان بپرسن بۆچی ئێمە بە مانەوە لەگەڵ ئێوە سەرودڵ خۆش نین". ئەمە ڕێک ئەو پرسیارە ژیرانەیە کە دەبێ ئێمە لە پێوەندی لەگەڵ ئێزیدییەکانیشدا، نەک لەوان بەڵکو لەخۆمانی بکەین: بۆچی ئەوان لە هاوماڵبوون لەگەڵ ئێمە سەرودڵ خۆش نین؟! لەبیرمان نەچێت، ئینتیما لە بەستێنێکی مێژووییدا گەڵاڵە دەبێ.

3. لە گوتاری ڕەخنەگرانەی ناسیۆنالیسمی کوردیدا هێندێک بە تیۆری فێمینیستی، ستەمی نەتەوایەتیی سەرکورد ڕاڤە دەکەن. لەم ڕوانگە ڕەخنەگرانەیەوە، ئەوەی نەتەوە باڵادەستەکان و دەسەڵاتەکانی نوێنەری بەرژەوەندیی ئەوان لەگەڵ کوردی دەکەن، بەرهەمهێنانەوەی هەمان ستەمە کە لە کولتووری باوکسالاریدا پەیڕەو دەکرێ. لێرەوە وێکچوونێکی واتادار لە نێوان ژنبوون و کوردبووندا دێتە بەرچاو: هەردووکیان گرفتاری ئەقڵیەتێکی باوکسالارن، هەردووکیان ئازارەکانیان بەکەم دەگیرێ، هەردووکیان بە ناڕەوا دەچەوسێندرێنەوە، هەربۆیە دواجار خەبات و ئامانجی هەردوولایان بۆ یەکسانی، پێشکەوتنخوازانە و ڕەوایە. پێموایە دەکرێ هەمان مێتۆد بۆ خوێندنەوەی مامەڵەی ئێمە لەگەڵ ئێزیدییەکانیش ڕەچاو بکرێ.

لەسەرەوە باسی ئەوەم کرد کە چۆن ئێمە لەشێوەی مامەڵەی خۆئەڤیندارانەمان (narcissistic) لەگەڵ ئێزیدییەکاندا، شێوەی مامەڵەی داگیرکەران لەگەڵ خۆمان بەرهەم دەهێنینەوە. لەشێوەی پێشوازیی بەشێک لە کۆمەڵگەی کوردی لە خەڵاتی نۆبێلەکەی نادیە مورادیش، شێوەی باوی کۆمەڵگەی پیاوسالاری کوردی بۆ مامەڵەی خەمساردانە لەگەڵ ژانی ژنبوون خۆی نمایش کردەوە: هەر لە پیرۆزباییینامە باوکسالارانەکەی سەرۆک وەزیرانەوە کە بە نادیەی ڕاگەیاند "ئەم خەڵاتە هەر بۆ تۆ نییە، بۆ هەمووماناە!" (لەکاتێکدا ڕوون نییە خەڵاتی نۆبێل بۆ هاوسۆزی لەگەڵ قوربانیانی "توندوتیژیی سێکسواڵ" چ پێوەندی بە کۆمەڵگە و حکومەتێکەوەیە کە ژنکوشتن تێیدا لە ئاوخواردنەوە ئاسانترە!) تا هەوڵی لێبڕاوانەی کەسانێک بۆ ئەوەی بیسەلمێنن "نادیە شیاوی ئەو خەڵاتە نییە" (چونکە بەبڕوای ئەوان نادیە بە ڕێژەی پێویست توندوتیژیی جنسیی لەگەڵ نەکراوە!). لەڕاستیدا ئەم ئارگیومێنتەی دوایی، شیاوی لەسەروەستانی زیاترە: وەکچۆن پیاوی باوکسالار خۆی لە ئەزموونی چەوساوەیی ژنان کەڕدەکات، کۆمەڵگەی کوردیش ئەزموونی تراژێدیک و قووڵایی تراومای ئێزیدییەکان بەکەم دەگرێ.

4. بەکەمگرتنی "ئەزموونی قوربانی" میکانیزمێکی کارای بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژیی ساختارییە لە کۆمەڵگەدا. کار گەیشتە ئەو جێیەی باس لەوە بکرێ گۆیا ماوەی مانەوەی نادیە موراد لای داعش ئەوەندە زۆر نەبووە، بەڵکو "تەنیا نۆ ڕۆژ بووە!" وەک تۆ بڵێی نەک سێ مانگ، نەک نۆ ڕۆژ، بەڵکو تاکە یەک شەویش مانەوە لەبەردەستی وەحشییە جنسییەکانی داعشدا بۆ کچێکی بێدەسەڵات کەم بووبێت! ناشێ سەرپێیی بەسەر ئەم جۆرە دەربڕینانەدا باز بدەین. لەڕاستیدا ئەم جۆرە بەکەمگرتنانەی ئەزموونی توندوتیژیی سێکسواڵ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، ئەگەر لەلایەکەوە شوێنەواری وێرانکەری "ئاساییزەبوونی توندوتیژی" و خۆشەبوونی گشتیی هەموومانە لەئاست فۆرمە ڕەنگاوڕەنگەکانی زەبروزەنگدا، لەلایەکی تریشەوە هێمای داوەشانێکی ئەخلاقیی گشتییە لە فەزایەکی کولتووریی نێرسالاردا، کە وای لێکردووین بەئاسانی ڕێگا بەخۆمان بدەین داوەری لەسەر ئەزموونی سابجێکتیڤی مرۆڤی قوربانی و ڕێژەی ئازاردیتوویی ئەو بکەین، بەتایبەتی ئەگەر ئەو قوربانییە ژن بێت!

پاساوێکی تر بۆ گومانکردن لە ئەزموونی نادیە موراد وەک قوربانییەکی توندوتیژیی سێکسواڵ، ئەوە بوو گۆیا لە یەکەمین وتووێژی تەلەفزیۆنیی دوای دەربازبوونیدا، حاشای کردووە لەلایەن داعشەوە لاقەکرابێ! لە وڵاتێکی وەک فینلاند کە بەرزترین ڕێژەی هاوسۆزی لەگەڵ ژنان و مافەکانیان هەیە، بەگوێرەی وتەی پۆلیس، "تەنیا ڕێژەیەکی یەکجارکەم لە قوربانیانی لاقەکردن سکاڵای یاسایی تۆمار دەکەن". هۆیەکەشی بەبڕوای پۆلیس، ترسە لە ئابڕووچوون. ئەگەر ئەمە حاڵی دەروونیی قوربانیانی توندوتیژیی سێکسواڵ لە وڵاتە پێشکەوتووە ڕۆژاواییەکان بێت، ئێمە دەبێ چ چاوەڕوانییەکمان لە کچێکی تازە دەربازبوو لەدەست داعش هەبێت، ئەویش کچێکی خەڵکی نیشتمانی "دوعا"، خەڵکی پەشێو گوتەنی؛ "نیشتمانی بلۆک و دار"! گەلۆ، کامیان بۆ کچێکی لاقەکراوی خەڵکی وڵاتی "پیاوە بەشەرەفەکان" ژیرانەتر و لۆژیکیترە: هەرلە یەکەم چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنییەوە باس لە لاقەکرانی خۆی بکات (و لەڕوانگەی کولتوورە خۆماڵییەکەوە جاڕی شەرمەزاریی خۆی و خانەوادەکەی بدات) یان لەترسی حەیاچوون خۆی سانسۆر بکا و تەنیا چیرۆکی لاقەکرانی قوربانییەکانی تر بگێڕێتەوە؟! ڕێژەیەکی کەم لە توانایی هاودڵی (empathy) بەسە بۆ وەڵامدانەوەیەکی دروست بەو پرسیارە. هەڵبەت لایەنی دڵتەزێنی باسەکە ئەمە نییە.

5. توێژینەوەیەکی ئەمریکایی نیشانی داوە، تەنانەت لە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی وەک وڵاتە یەکگرتووەکانیشدا، یەک لەسەرسێی قوربانیانی لاقەکردن بیر لە خۆکوشتن دەکەنەوە و سەدی سیانزدەیان بەکردەوە هەوڵی خۆکوشتنیان داوە. ئەزموونی کۆنگۆ، ئەزموونی ڤیێتنام، ئەزموونی باڵکان، ئەزموونی زۆربەی ئەو کۆمەڵگایانەی تێیاندا جەستەی ژن دەبێتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی شەڕەکان، نیشانیان داوە، تەنانەت ساڵانێکی دوور دوای کۆتایی شەڕەکانیش هێشتا ژنانی قوربانیی توندوتیژیی سێکسواڵ، بەدەست مۆتەکەی شەڕ و ئاسەوارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی لاقەکرانەوە دەناڵێنن. تەنانەت قوربانیانی وەک نادیە مورادیش کە کۆمیتەی نۆبێل وەک دەربازبووی (survivor) توندوتیژیی سێکسواڵ و، نموونەی ئازایەتی و هەستانەوە ناوی هێناوە، مەرج نییە مۆتەکەی داعش هەرگیز ڕۆحی برینداری بەجێ بهێڵێت.

ئێستا ئیدی، جەستەی ژنی ئێزیدی نوێنگەی هەموو مێژووی پڕتراژیدیی ئێزیدییەکانە. لاقەکردنەکان لەڕێی جەستەی ژنانەوە، وێرانییەکی بێ کۆتایی لە دەروونی ئێزیدییەکاندا دروست کردووە. بۆ ئەوەی لە چۆنیەتی پێوەندیی لەمەودوای ئێزیدییەکان و باقی کورد تێبگەین، دەبێ لە شێوەی مامەڵەی کۆمەڵگەی کوردی لەگەڵ ژنانی لاقەکراوی ئێزیدی وردببینەوە. دەمەوێ بڵێم، کەلێنی نێوان کۆمەڵگەی کوردی و جڤاتی ئێزیدی بە قسەی خۆش، بە "پێکهاتنی دیوەخان" و ناسیۆنالیزمێکی نێرسالارانە پڕناکرێتەوە. هەرکات کۆمەڵگەی قانگدراو بە کۆدەکانی کولتووری پیاوەتییەکی تەنگپێهەڵچن و کوردایەتییەکی دەرهاوێژەرانە، توانیی برێک خۆی لەو هەموو کەمچیکڵدانەیی و شەڕەنگێزی و ژننەیارییەی ئێستای داتەکێنێت، ئەوسا ڕەنگە بشێ ببێتە سەیوانێکی هێورکەرەوە بۆ ژنانی قوربانیی توندوتیژی سێکسواڵیش. ڕاشکاوانەتر بڵێم: ئەگەر حکومەتی هەرێم و کۆمەڵگەی کوردیی باشووری کوردستان دەیانەوێ هەستی کوردبوون لە ئێزیدییەکانی دەڤەری شنگالدا بژیێننەوە، دەبێ زەمینەیەکی درێژخایەنی کولتووری و دامەزراوەیی بۆ وەخۆگرتنی سەراپاداگری ئەوان دەستەبەر بکەن. هەنووکەییترین کاریش لەو پێوەندییەدا مشوورخواردنێکی جددی و هەمەلایەنەیە لە چارەنووسی کچان و ژنانی لاقەکراو و، گێڕانەوەی هارمۆنی بۆ ژیانی خێزانییان. پارێزگاری لە کەرامەتی ئەو قوربانییانە، ڕەنگە هەتوانێکی هێورکەرەوە بێ بۆ غرووری تێکشکاو و ڕۆحی برینداری گەلی ئێزیدی. پەیامی نۆبێلی ئاشتیی ئەمساڵیش، شتێکی لەمەزیاتر نییە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar@rudaw.net

# ئەوجارە پارتی لوغمی چاندووە

1

ئەوەی لە شازدەی ئۆکتۆبەری 2017دا ڕوویدا، ڕەنگبێ لە ڕۆژانی یەکەمدا تێگەیشتن لێی ئاسان نەبووبێت. ڕووداوەکانی دوای ئەوە نیشانی دا کە ئەوە پرۆسەیەکی درێژخایەن بووە و سەرەتاکەی بۆ 2012 دەگەڕێتەوە. تا ئەو ڕۆژەی نەوشیروان مستەفا لە ژیاندا بوو (سەربارەی ئەوەی کە پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ پارتی تێکچووبوو)، بەڵام هیچ کەسێک لەوانەی کارەکتەری سەرەکیی ئەو ڕووداوە شوومە بوون، جورئەتی ئەوەیان نەدەکرد ئەو کارە بکەن. بۆیە هەموو گرەوەکان لەسەر ئەوە بوو کە قەت پەیوەندییەکانی پارتی و گۆڕان چاک نەبێتەوە و، ئەوە لای خاوەن ڕەگەزنامە بەریتانییەکان (کە لە 1966ەوە هەر کەسێک لە بارزانی هەڵگەڕابێتەوە لەوێ نیشتەجێ بووە)، هێڵی سوور بوو.

دژایەتی بارزانی بۆ پرۆسەی بوون بە سەرۆککۆماریی دکتۆر بەرهەم، کاتێک دەستیپێکرد کە پاڤڵ تاڵەبانی بە تەنها چووە لای سەرۆک بارزانی و باسی ورد و درشتی خیانەتەکەی 16ی ئۆکتۆبەری بۆ کرد. هەر بۆیەش کوڕانی جەنگی سەرەتا هەستیان بە مەترسییەکی گەورە کرد لەسەر خۆیان و تەنانەت دەرگای دانوستاندنیشیان لەگەڵ پارتی کردەوە، بەڵام دوایی چوونەوە ژێر سێبەری پاڤڵ تا لەسەر حیسابی لاوازکردنی قوباد و بەدناوکردنی کۆسرەت ڕەسوڵ لای پارتی ئاڵقە پچڕاوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر لێک گرێ بدەنەوە. پیلانی یەکەم ئەوە بوو وەکو 31ی ئاب کە یەکێتی لە کوردستان دەرکرا، پارتیش وا لێبکرێت. تەنانەت لە ژێرنووسی تەلەڤزیۆنەکانی یەکێتیدا نووسرابوو "بنەماڵەی بارزانی سەری ڕەشیان چۆڵ کردووە و بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵاتوون"! ئامانجی سەرەکی لەو سەودایە پتر لەوەی دەرکردنی پارتی بێ لە کەرکوک، هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان بوو کە ئێستا دوای ساڵێک تەنها یەک ئاڵقەی نوقسانە، ئەویش پۆستی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانە و ئەوان وایان دانابوو بدرێت بە یوسف محەممەد و پارتی زیرەکانە و سەربارەی ڕێگرییەکان کەسێکی خۆی دانا. ئەگەرنا دوای سەرنەگرتنی پیلانی یەکەم، پیلانی دووەم باش ئیشی کردووە. پارێزگارێکی دیکە لە کەرکوک لە پشکی یەکێتی دادەنرێت، دابەشکردنی پۆستەکان بە 32% بۆ (تورکمان، یەکێتی و عەرەب) کە خەونی لەمێژینەی جەلال تاڵەبانیش بوو، دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە و، ئینجا هەڵەبجە، سلێمانی و کەرکووک بکەنە هەرێمێکی تازە و کۆتایی بە حوکمی پارتی، حکومەت و هەرێمێک بێنن کە هی ئەوان نییە.

## بەرەو دووئیدارەیی دەڕۆین؟

2

بەو زیهنیەتەی ئێستا لە زۆنی ڕەنگاوڕەنگ زاڵە و، بەو هەموو خیانەتەی کە پارتی لە متمانەکردن بە یەکێتی و بنەماڵەی تاڵەبانی لێیکراوە، دوو ئیدارەیی ڕەنگبێ باشترین ڕێگە بێت. یەکێتی تەنانەت ئەگەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیش قەبوڵ بکات ڕەنگبێ بەو پشک و بەشە ڕازی نەبێ کە پارتی دایناوە لە حکومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستاندا بیدات. بۆیە مەسەلەی کەرکووک و دروستکردنی هەرێمێکی جیا لەوەی کە ئێستا هەیە، لە بیرکردنەوە و کارکردی سیاسیدا دەمێنێتەوە. هەوڵیشی بۆ دەدات و تەنانەت وەک شانتاژ لەدژی پارتی بەکاریدێنێ. ئەوانەی ئەمڕۆ جڵەوی یەکێتیان بەدەستە، هەر شتێک پارە بکات دەیفرۆشن و سڵ ناکەنەوە، هیچ بەدوور نازانرێت کە جارێکی دیکە ناومالّی کوردستان لەتوپەت بکەن. بەڵام لەڕاستیدا ئەگەر وا بکەن گەورەترین خزمەت بە داهاتووی تاکەکانی کوردستان دەکەن. یەکێتی ناتوانێ ببێتە ئۆپۆزیسیۆن و ناشتوانێ بەوە ڕازیبێت کە پارتی لە حوکمڕانی بۆی داناوە، بۆیە سەرکێشیی زیاتریش دەکات. هەموو تەرکیزی یەکێتی ئێستا لەسەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانە کە کەرکووک چەقی مەیدانخوازییەکە دەبێت. پەیامی پارتی بۆ ئەو شانۆگەرییانە ئەوەیە کە پارتی یان بە زەبری چەک یان بەو شێوازەی ئەوان کەرکووکیان تەسلیمی داگیرکەر کرد، دەیگرێتەوە، یان قەت پێی تێنانێتەوە.

یەکێتی هیچ نەماوە بەرامبەر پارتی نەیکات و پارتی لەوە خراپتری بەسەر نایەت. بۆیە دەرگای بۆ دوو ئیدارەییش لەسەر پشتە بە مەرجێک ئەوانەی ئەمڕۆ حوکمی یەکێتی دەکەن، بەڵێن بە خەڵکی ئیدارەکەی خۆیان بدەن کە دەتوانن بیانژێنن و ئەو خەونەیان بۆ بکەنە ڕاستی کە 42 ساڵە دەرخواردی عەقڵی خەڵکی دەدەن.

## گۆڕان ڕێگەی دیکەی نەماوە

3

هاوکاریی ژێربەژێری پارتی و گۆڕان، ئەنجامەکانی لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا زۆر ڕوونن. باری لەنگی گۆڕان کاتێک ڕاست دەبێتەوە کە بڕیار بدات بەڕاستی چۆن دەتوانێ کاریگەری لەسەر بڕیاری سیاسی هەبێت. ئەگەر 23ی حوزەیران ڕووی نەدابایە، گۆڕان قەت تووشی ئەو نشوستییە نەدەبوو کە مەجبور بێت لە جیاتی دەسەڵات خەریکی گۆڕینی کیلۆنی دەرگا بێت! ئێستا دەرفەتێکی دیکە هاتووەتە پێش کە گۆڕان بێ ئەوەی ئیدیعای ئەوە بکات کە ئەلتەرناتیڤی یەکێتییە، لە جومگە گرنگەکانی دەسەڵاتدا بەشدار بێت و بتوانێ متمانە بە پارتی بکات. چونکە لە 17ی مایسی 2016 یەکێتی کڵاوێکی گەورەی لەسەرنان. ئەوەی پارتی بەرامبەر گۆڕان کردی کاردانەوە بوو، بەڵام ئەوەی یەکێتی لە خشتەبردن بوو.

ئێستا عیبرەت لە دروستکردنی حکومەتی زۆرینەدا نییە، بەقەدەر ئەوەی کە گۆڕان دەتوانێ بە بەشداربوون لە حکومەتدا ڕێگر بێت لە پارچە پارچەبوونی کوردستان و تێپەڕاندنی ئەو قانوونانەی (بە دەستووریشەوە) کە بتوانن زامنی ژیان و ئایندەکی باشتر بۆ تاکی کورد و کوردستان بن. گۆڕان دەنگدەرەکەی سزای داوە و دەتوانن ئاشت ببنەوە. جوڵەیەکی دەوێ و پێش ئەوەی تەجاوەزی قۆناغی عومەری سەید عەلی بکەن، دەبێ کەسانی وەک حەمەتۆفیق ڕەحیمیش لەسەر ئەو ڕێگەیە هەڵبگرن، ئەگەرنا بەرەو پووکانەوەی زیاتر دەڕۆن. چونکە ئەگەر پێوەر دژایەتیکردنی پارتی بێت، ئەوە لە بنەماڵەی برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی زیاتریان پێ ناکرێ!



ئازاد وەڵەدبەگی

# زەنگێکی مەترسی بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان

بە سەرنجدان لە ئاماری فەرمیی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان، ڕێژەی بەشداریی خەڵک لە پێنجەمین خولی هەڵبژاردنی پەرلەماندا 57.96% بوو (ئەم ئامارە لەلایەن سەرچاوە سەربەخۆکانەوە پشتڕاست نەکراوەتەوە). بەم پێیە، ڕێژەی بەشدارینەکردنی هاووڵاتیان دەگاتە 42.04%. پێشتر کۆمیسیۆن، ڕێژەی بەشداریی هاووڵاتیانی هەتا کاتژمێر (12)ی نیوەڕۆی ڕۆژی 2018/9/30 بە 15.26% ڕاگەیاندبوو، هەروا ئەم ڕێژەیە بۆ کاتژمێر (3)ی پاش نیوەڕۆ گەیشتە 22.96% و لە کاتژمێر (6)ی ئێوارە گەیشتە 57.96%. ئەم بەرزبوونەوە خێرایە بە ڕێژەی 35% لە کاتژمێر (3) بۆ (6)ی ئێوارە گومان و هەڵوەستەی زۆر هەڵدەگرێت. سەرەڕای ئەوەش، چاودێرانی سەربەخۆ، پێشوازیی هاووڵاتیان لە هەڵبژاردنی خولی پێنجەم بە کەم دەزانن. ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 2013 گەیشتە 73.9%، جیاوازیی نێوان ئەم دوو خولە دەکاتە 15.94%، ئەمەش ڕێژەیەکی کەم نییە.

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە: ئایا ڕێژەی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا، کاریگەری لەسەر ڕەوایی سیستەمی سیاسی هەیە؟

ڕەوایی ڕۆڵێکی گرنگ و حەیاتیی هەیە بۆ هەر سیستەمێکی سیاسی، هەربۆیە دەبینین تەنانەت سیستەمە نادیموکراتییەکانیش، دەیانەوێت بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نمایشی بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەوە پیشان بدەن کە ڕەوایی خۆیان لە خەڵکەوە وەردەگرن. لە جیهانی ئەمڕۆشدا، ئەمە بووەتە بنەمایەکی دەستووریی چەسپاو کە گەڵ سەرچاوەی دەسەڵات و ڕەواییە و، لە بەندی (5)ی دەستووری عێراقیشدا ئەم خاڵە ئاماژەی بۆ کراوە. هەربۆیە، هەر دەسەڵاتێکی سیاسی، دەبێ ڕەوایی خۆی لە خەڵکەوە وەربگرێت. ڕەوایی یا ناڕەوایی سیستەمی سیاسیش بەوەوە بەستراوە کە خەڵک تا چ ڕادەیەک ئامادەن بەشداری لەو پرۆسەی بەخشینی ڕەواییەدا بکەن لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە.

لە کۆمەڵگە دیموکراتییەکاندا، هەڵبژاردن ڕەنگدانەوەی کۆی ئیرادە و ویستی تاکەکانی کۆمەڵگەیە و بڕیار و ویستی تاکەکان ڕەوایی بە دەسەڵاتی سیاسی دەبەخشێت. لەو کۆمەڵگەیانەی، کە فەزا بۆ سەرهەڵدانی پێکهاتە دیموکراتییەکان و بەشداریکردنی خەڵک وەکو پێویست نییە، فەرهەنگێکی سیاسی پاسیڤ دێتە ئاراوە و هاووڵاتیان خۆیان بە دوور دەگرن لە بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی و، هاووڵاتی هەست دەکات هیچ ڕۆڵ و پێگەیەکی نییە لە بەشداری لە کاروباری سیاسیی وڵاتدا.

لە سیستەمە نادیموکراتی یا نەریتییەکاندا، هەڵبژاردن لای دەسەڵاتی سیاسی دەبێتە یارییەکی خۆنمایشکردنی بێ ڕکابەر و، دەنگدان وەک ئەرکی هاووڵاتی سەیر دەکرێت. هەروا لەم کۆمەڵگەیانەدا، دەسەڵاتی سیاسی تاکەکانی کۆمەڵگە مۆبیلیزە دەکات بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنێکی ڕواڵەتی و نمایشیدا، بەمجۆرە دەیانەوێت لەبەرچاوی جیهان وای پیشان بدەن کە پاڵپشتیی جەماوەرییان هەیە و ڕەوایی سیاسی خۆیان لە خەڵک وەردەگرن.

هەڵبژاردن، گرنگترین سیما و خەسڵەتی بەشداریی سیاسییە کە لەم ڕێگەیەوە ڕەوایی بە دەسەڵاتی سیاسی دەبەخشێت. هەرچەندە لە ڕووی یاساییەوە، هیچ دەقێک نییە لە دەستووری عێراق یان یاساکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان، کە ڕێژەیەکی دیاریکراو لە بەشداریی خەڵک بکاتە مەرجی ڕەوایی دەسەڵاتی سیاسی، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵناسیی سیاسییەوە، ڕێژەی بەشداری یا بەشدارینەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا، دەتوانێ پێوەرێکی باش بێت بۆ ڕەوایەتیدان بە دەسەڵاتی سیاسی حوکمڕان.

سەقامگیریی هەر سیستەمێکی سیاسی، بە ڕەوایی و کارامەیی ئەو سیستەمەوە بەندە. هەر سیستەمێکی سیاسی، هەتا ئەو کاتە دەتوانێ کارامەیی و ڕەوایی هەبێت کە بتوانێ ئەو ئەرکانەی کۆمەڵگە لێی چاوەڕوان دەکات بەجێ بگەیەنێت. ئەرکی سیستەمی سیاسی، پاڵپشتیکردنی هەمەلایەنەی خواست و داوا ڕەواکانی کۆمەڵگەیە، لەوانەش بەشداریی سیاسی. بەڵام ئەگەر سیستەمی سیاسی کارامەیی نەبێت و نەتوانێت وەڵامدەرەوەی خواستەکانی خەڵک بێت، ئەوا بەرەبەرە پاڵپشتیی خەڵک لە دەسەڵات کەم دەبێتەوە، یان هەر نامێنێت و بێ پاڵپشتی خەڵکیش، بناغەکانی ڕەوایی دەسەڵات دەکەوێتە لەرزە، هەربۆیە خەڵک بیر لە ڕەواییدان بە دەسەڵاتێکی تر دەکەنەوە.

ئەگەر کارامەیی دەسەڵاتی سیاسی لە ئاست خواستەکانی کۆمەڵگە کەمتر بێت، ئەوا ئەو بیرۆکەیە لە ناو زەینی خەڵکدا چەکەرە دەکات کە وا باشە دەسەڵاتێکی دیکە تاقی بکەنەوە و بیکەنە جێگرەوەی ئەم دەسەڵاتەی کارامەیی و لێهاتوویی خۆی لەدەستداوە. لە دۆخێکی لەمجۆرەدا، کۆمەڵگە لە نێوان دوو هێز و چەمکی جیاواز لە ڕەواییدا گێنگڵ دەخوات. یەکەم: ڕەوایی دەسەڵاتی سیاسیی باڵادەست، بەڵام بێ پاڵپشتیکردنی خەڵک و دووەم، ڕەواییەکی نوێ کە لە حاڵی گەشەکردندایە و پشتئەستوورە بە خەڵک. لەم حاڵەتەدا، ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی کە ڕەوایەتی ئامرازە یاسایی و مادییەکانی حوکمڕانی لەبەردەستدایە، بەڵام لێهاتوویی و کارامەیی خۆی لەدەستداوە، لەگەڵ ڕەوایەتی لە حاڵی گەشەکردن و پاڵپشت بە خەڵک دەکەوێتە ململانێ و، ئەمەی دووەم هەوڵ دەدات ببێتە جێگرەوەی ئەوەی یەکەمیان.

لەو وڵاتانەی کە خەڵک ناتوانن بە ڕێگەی ئاشتیانە و سندووقەکانی دەنگدان جێگۆڕکێ بەم دوو جۆرە لە ڕەوایەتی بکەن، ئەوا بە ناچار پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن بۆ ئاڵوگۆڕی ڕەوایەتییەکان. بەڵام ئەگەر ستراکچەری سیاسیی کۆمەڵگە بە جۆرێک بێت، بتوانێ هەموو تاک و گرووپ و ڕەنگە جیاوازەکان لە ژێر چەتری خۆیدا کۆبکاتەوە و هەمووان بتوانن لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسیدا بەشداری و ڕکابەری بکەن نەک لە دەرەوەی سیستەم، ئەوا دەرفەتێکی زۆر کەم بۆ بزووتنەوە توندوتیژەکان دەڕەخسێت. لەڕاستیدا، بزووتنەوە شۆڕشگێڕ و توندوتیژەکان بەرهەمی لاوازی یان قەیرانی بەشداریکردنی هاووڵاتیانن.

هەرچەندە لە وڵاتانی گەشەسەندوو ڕێژەی بەشداریی خەڵک بەرز نییە، کە هۆی ئەمەش بۆ متمانەی هاووڵاتی بە سیستەمی سیاسی و سەروەریی یاسا و بە دامەزراوبوونی وڵات و هتد دەگەڕێتەوە، بەڵام لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەکردندا کە لە قۆناغی گوزەر بەرەو دیموکراسیدان و بەشداریی سیاسی بۆ خۆی بەشێکە لە مومارەسەی دیموکراتی و پێشکەوتنی کۆمەڵگە، ئەوا ڕێژەی بەرزی بەشدارینەکردن دەتوانێ ئاماژەیەکی نەرێنی و ترسناک بێت.

لە هەرێمی کوردستان، بێ متمانەیی خەڵک بە بێگەردبوونی هەڵبژاردنەکان دەتوانێ یەکێک لە هۆکارەکانی دابەزینی ڕێژەی بەشداریی خەڵک بێت. بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو و لە خولە جۆراوجۆرەکانی هەڵبژاردندا، پرۆسەیەکی ساختەکاریی سیستماتیک تێکەڵ بە پرۆسەی هەڵبژاردن بووە، بە جۆرێک کە ئیدی بووەتە بەشێک لە کولتووری هەڵبژاردن. ئەمەش بەرەبەرە، بووەتە هۆی نەمانی متمانەی خەڵک بە پرۆسەکە و، نائومێدبوونیان لەوەی کە بتوانن بە شێوازی ئاشتیانە و لە ڕێگەی سندووقی دەنگدانەوە گۆڕانکاری لە دەسەڵاتی سیاسیدا بکەن، یاخود دەنگەکانیان ڕۆڵی هەبێت لە بەخشینی ڕەوایی بە دەسەڵاتی سیاسیی وڵات. لە دۆخێکی لەم جۆرەدا، خەڵک لەڕووی سیاسییەوە پاسیڤ دەبن و هەڵوێست وەردەگرن و بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردندا ناکەن. بەردەوامیی ئەم دۆخە، دەتوانێ ڕەوایی دەسەڵاتی سیاسی بباتە ژێر پرسیارو کۆمەڵگە بەرەو توندوتیژیی هان بدات. بەرزبوونەوەی ڕێژەی بایکۆت و بەشدارینەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردن، زەنگێکی مەترسیدارە بۆ ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان. ئەو کەسانەی کە بایکۆتی هەڵبژاردن دەکەن و بێدەنگ دەبن، مەرج نییە بۆ هەمیشە بێدەنگ بن، لەوانەیە ڕۆژێک بێت، لەسەر شەقام بە دەنگی بەرز قسەی دڵی خۆیان بکەن.



عەبدوڵڵا ڕێشاوی
abdulla.reshawi@gmail.com

# کۆتایی پۆڵ برێمەر

وردە وردە خەریکە پرۆژەی دیموکراتیزەکردنی عێراق و هەرێمی کوردستان کە پرۆژەیەکی ئەمریکی بوو– بەو ڤێرژنە کۆنە- شکستی خۆی ڕادەگەیەنێت.

ئەوەی ئەمریکییەکان لەسەردەمی جۆرج بووشدا ناویان لێنابوو پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە و خۆی لە دیموکراتیزەکردنی ئەم ناوچەیەدا دەبینییەوە و بە عێراق و پێشتریش بە هەرێمی کوردستان دەستیپێکردبوو، ڕاستە بێ دەستکەوت نەبووە، بەڵام لەڕاستیدا بە ئاکامێکیش گەیشتووە کە تاڕادەیەکی زۆر پێچەوانەیە لەگەڵ خەونە گەورەکە.

کە تەماشای دوو هەڵبژاردنی کۆتایی لە هەریەک لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەکەیت، دەبینی کە پرۆسێسی بەدیموکراسیکردن، هیچ پەیوەندییەکی بە هاووڵاتییەوە نەماوە و خەڵکی عێراق و هەرێمی کوردستان ڕۆژ بەڕۆژ لە بەشداریکردن لە پرۆسەی دەنگدان، دوور دەکەونەوە. ڕێژەی بەشداری سەرەڕای ئەو هەموو هاندانە، سەرەڕای ڕشتنی ئەو هەموو پارە بێشومارە بەشەرعی و ناشەرعی، سەرەڕای فەتوا و پشتیوانیی مەرجەعە ئاینییەکان و دامودەزگا نێودەوڵەتییە گەورەکان بۆ بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردن و سەرەڕای ڕووماڵێکی میدیایی گەورە، کەچی خول لەدوای خول ئەم بەشدارییە کەم دەکات و خەڵک خۆپارێزی دەکەن لە دەنگدان.

لەپاڵ ئەم حاڵەتەدا، بە بەردەوامی بەشداریکردن لە چالاکییەکانی دیکەی وەک خۆپیشاندان و دەربڕینی ناڕەزایەتی لەسەر شەقام، لەزیادبووندایە و زۆر کاتیش باسوخواسی شۆڕش و ڕاپەڕینی جەماوەری لێرە و لەوێ لە ڕۆژەڤدایە.

### کارەکتەرێک لە دەرەوەی پرۆسەکە

ئەگەر تەماشای دوا هەڵبژاردنی عێراق بکەین، جگە لەو ڕێژە بەشدارییە نزمە، لەهەمانکاتیشدا پرۆسەکە نابێتە هۆکاری دروستکردنی حکومەتێک کە دەنگدەر دەنگی پێدابێت!

بەڵکو لە دەرەوەی هەموو ئەو پرۆسە زەبەلاحە کەسێک بە پێکهێنانی حکومەت ڕادەسپێردرێت کە دوور و نزیک بەشداری پرۆسەکە نەبووە، نە دەنگی پێدراوە و نەکوتلەی هەیە و نە لەناو پەرلەماندایە.

عادل عەبدولمەهدی کە یەکێک نییە لە فیگەرەکانی ئەم هەڵبژاردنە و یەکێک نییە لەو کەسانەی دەنگی هاووڵاتیانی پێدرابێت، لەلایەن هێز و لایەنە دەستڕۆیشتووەکانەوە بۆ پێکهێنانی حکومەت ڕادەسپێردرێت، کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە ئەی هەڵبژاردنەکە بۆ چی بوو؟! لەپێناوی چیدا بەخەڵک گوترا بچن دەنگ بدەن؟

ئەو شێوەیەی ئێستا لە بەغدا حکومەتی پێ دروست دەکرێت، باش بێت یان خراپ، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە پرۆسەی هەڵبژاردن و ئەوەی ناونراوە پرۆسەی دیموکراسی، لە ژێر پرسیارێکی گەورەدایە.

ئەوەی لە بەغدا کرا جۆرێک بوو لە هەڵوەشاندنەوەی دەنگدانی هاووڵاتیان کە لە 12ی ئەیلول دەنگیان دا، خستنە ژێر پرسیاری ئەو پرۆسەیە بوو کە گوایە دەنگدەران ویستیان حکومەتی پێ دروستبکەن.

سیاسییەک کە هیچ بەشدارییەکی لەم پرۆسەیەدا نییە، دێت و لەبری هەمووان حکومەت دروستدەکات، نوکتەکەش لەوەدایە کە هاتنی نەک هەر هیچ ناڕەزایەتیەک دروستناکات، بەڵکو لەنێوان بێدەنگی و پێشوازیدا وەک کارەکتەرێکی ڕزگارکەر دەردەکەوێت و زۆرینە وا هەست دەکەن ڕێیان لە ڕێگەچارەیەک کەوتووە -کە لەوانەیە ڕاستیش بکەن-.

خۆ ئەگەر بەدیوێکی دیکەشدا تەماشای عادل عەبدولمەهدی بکەین، دەتوانین وەک نوێنەری زۆرینە تەماشای بکەین، چونکە ئەگەر لە ڕێژەی بەشداریی هەڵبژاردنەوە پرۆسەکە بخوێنینەوە، ئەوا دەبینین عادل عەبدولمەهدی دەبێتە نوێنەری ئەو زۆرینەیەی کە بەشداری هەڵبژاردن ناکات و کۆی پرۆسەکە ڕەتدەکاتەوە و تووڕەیە لە هەموو دۆخەکە.

ئێستا عادل عەبدولمەهدی دەکرێت وەک نوێنەری ئەو زۆرینە عێراقییە تەماشا بکرێت کە بایکۆتی کۆی هێزە عێراقییەکانی کرد و بە بایکۆتی دەنگدان ڕەفزی بە هەموو ئەو هێزانە دا.

لە عادل عەبدولمەهدییەوە پێویستە ئینسایکلۆپیدیای تەعریفەمان بۆ شەرعییەتی سیاسی لەعێراقدا دەستکاری بکەین و جارێکی تر بە پێناسەی شەرعییەتی سیاسیدا بچینەوە.

هەرچەندە ئەوەی ئێستا لە عێراق ڕوودەدات ناتوانین بە تەواوی وەک شکستی پرۆژەی ئەمریکی لە عێراق تەماشای بکەین، بەڵام بێ چەند و چۆن دەتوانین وەک شکستی پلان و نەخشەی حاکمی مەدەنیی ئەمریکا لە عێراق (پۆڵ برێمەر) تەماشای بکەین.

پۆڵ برێمەر لەسەردەمی ڕزگارکردنی عێراقدا لە 2003 لەلایەن حکومەتی ئەمریکاوە وەک حاکمی مەدەنیی عێراق دەستنیشان کرا و یەکێکە لە ئەندازیارانی پێکهێنانی عێراقی نوێی دوای ڕژێمی سەددام و لەگەڵ هێز و لایەنە عێراقییەکان تێکەڵاوییەکی باشی هەبووە و پێکەوە بەهەماهەنگی نەخشەی عێراقی دوای سەدامیان داڕشت.

بێگومان کۆتایی برێمەر، بە مانای کۆتایی ئەمریکا نایەت لە عێراق، بەڵام بەمانای شکستی ئەو بەرنامەیەیە کە لەسەرەتای ڕزگارکردنەوە ئەمریکا بۆ عێراقی هێنا.

ئەم شکستە لەم قۆناغەدا بەشێوەیەک لە شێوەکانیش دەتوانین بەسەرەتای ڕزگاربوونی ئەمریکاش لە عێراق تەماشای بکەین، چونکە هەموو ئەوەی ئەمریکا ویستی لە عێراقدا جێبەجێی بکات، لەدوای 15 ساڵ شکستەکەی دەرکەوت.

بۆیە ئێستا پرسیار ئەوەیە ئاخۆ ئەمریکا لەم قۆناغە نوێیەدا دەتوانێت عێراقی پاش کۆتایی نەخشە و پرۆگرامەکانی پۆڵ برێمەر و هێزە عێراقییە هاوکارەکانی وەربگرێتەوە و بیخاتە سەر نەخشەیەکی نوێ، یاخود بەتەواوی دەستی لە پرۆژە و خەونێک بەناوی (عێراقی نوێ) هەڵگرتووە؟



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# پۆست شازدەی ئۆکتۆبەر

هێزێک نییە بتوانێ ئازاری بیرەوەرییەکی یەکساڵە وەک خۆی بخاتە سەر کاخەز. شازدەی ئۆکتۆبەر گەورەترە لەوەی بە گۆشەیەک باسی بکرێت. لە مێژووی هەر میللەتێکی دیکەشدا بووایە، ئەو ڕۆژە دەبووە ڕەشترین ڕۆژی مێژوو: ڕۆژی فرۆشتنەوەی دڵ و قودسی کوردستان بە چەند تەنکەرێک نەوت. بەڵام ساڵێک دواتر و پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، پێدەچێ ئەو پەنجانەی دوێنێ یەکدییان دەشکاند، گەیشتبنە قۆناخی پۆست شازدەی ئۆکتۆبەر و جارێکی دیکە بەگەرمی یەکدی بگوشنەوە.

لەپێش شازدەی ئۆکتۆبەرەوە و بەدروستیش دوای مەرگی نەوشیروان مستەفا و بەدوایدا مەرگی تاڵەبانیش، قۆناخێکی نوێ لە سیاسەتی باشووری کوردستاندا دەستیپێکرد و دوو بەرە کەوتنە بەرامبەر یەک. بەرەی پارتی و کوردستانخوازەکان و بەرەی یەکێتی و عێراقخوازەکان. بۆ هێزی وەکو گۆڕان و لایەنەکانی دیکە خۆساخکردنەوە لەو نێوانەدا قورسە. چونکە ئەگەر ڕاستییەکە بڵێن و کوردستانخواز بن، دەکرێنە پارتی و ئەگەر بەپێچەوانەکەی بن، دەکرێنە یەکێتی. ئەمەش دروست بەپێچەوانەی ئەوەیە کە گۆڕانی لەسەر دامەزراوە.

یەکێتیی نوێ لە ڕۆژی شازدەی ئۆکتۆبەر و دواترەوە سەری لە ئەهلی سیاسەت لە کوردستان شێواند. چونکە زۆر لایەن هەن لەگەڵ یەکێتیش و پارتیش نین، بەڵام ئەوەی یەکێتی دەیکات، وایان لێدەکات دروست ئەوە بڵێن کە پارتیش دەیڵێت. بەڵام نایانەوێ وا دەرکەون کە هاوڕای پارتین. بۆیەش بێدەنگ دەبن و لەو نێوانەدا بێڕەنگیش دەبن و لەکۆتاییشدا کە هەڵبژاردن کرا، وەک ئەمجارە دەدۆڕێن.

پاش هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئەو دەنگانەی لەنێو پارتیدا داوای ماڵجیایی لە یەکێتی دەکەن و پێیانوایە نابێ چیدیکە لێیان قبوڵ بکرێت، هەروا بەرزتر دەبنەوە. یەکێک لە ئارگیومێنتەکانیشیان ئەوەیە کە یەکێتی چەند ساڵە هەم شەریکی پارتی بووە و هەم نەوتیشی بەو ئاگرەی دژایەتیکردنەی پارتی و بارزانیدا کردووە کە لە زۆنی ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە هەبووە و پارتییەکان ناویان لێناوە "ئیرهابی فیکری". ڕاستییەکەی ئیرهابی فیکریش شتێک نییە جگە لە هەوڵێکی زیرەکانەی یەکێتی بۆ لابردنی فۆکەس لەسەر کەموکوڕییەکانی ئیدارەی خۆی و سڕینی دەستی چەپەڵی گەندەڵیی زۆنی سەوز بە کراسی پارتی و بەڕێوەبەرانی زۆنی زەرد.

ئەو پارتییانەی پێیانوایە نابێ چیدیکە پارتی شەریکی یەکێتییە نوێکان، بەسەرکردایەتیی ماڵباتی تاڵەبانی بێت، هانی ئەوە دەدەن شەریکی جێگرەوەی یەکێتی ببێتە بزووتنەوەی گۆڕان. گوایە بەوهۆیەشەوە، ئەگەر گریمان دووئیدارەییش پەیدابوو، یەکێتی ناوچەکانی خۆی وەک پارتی پێ بەخێوناکرێ و ئەنجامەکەشی بەهێزبوونی شەریکە نوێیەکە (واتە گۆڕان) دەبێت. بەڵام ئەمە چەندە ڕاستە و چەندەش زۆرتر لەوەی واقیعبینانە بێت، لێکدانەوەیەکی ڕۆمانسییە؟

بەبڕوای من زۆرتر ئەوەی دووەمیانە. چونکە ئێستا کە باسی گۆڕان دەکەین، باسی گۆڕانی سەردەمی نەوشیروان مستەفا ناکەین. بەڵکو باسی گۆڕانێک دەکەین کە دۆخی زۆر خراپترە لە یەکێتیی پاش مام جەلال و تەنانەت یەکێتیی ڕۆژی شازدەی ئۆکتۆبەر و دواتریش. بۆیەش من بەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنیش نەخشەی سیاسیی کوردستانم وادەبینی کە جارێکی دیکە دەگەڕێینەوە بۆ سەردەمی شەراکەتی پارتی و یەکێتی و هێڵی نێوان زۆنەکانیش تۆختر دەبنەوە.

هەرچەندە لە میدیادا پارتی دڵێکی خۆش بە تاڵەبانیزادەکان پیشان نادات، بەڵام وەکچۆن لە سەردەمی بەرەی کوردستانیدا و پاش ڕاپەڕین و پاش ڕێککەوتنی واشنتنیش کردی، دواجار پارتی شەریکێکی بەهێزی وەک یەکێتیی پێویستە بۆ ئیدارەدانی ئەوەی کە ماوە. واتە هەرچەندە مەرج نییە ئەمجارە کێکەکە وەک جاران نیوە بە نیوە بەش بکات، بەڵام دیسان پشکێکی گەورەی لەسەر قاپێکی ئاڵتوون لەبەردەم ڕووداوسازەکانی شازدەی ئۆکتۆبەردا دادەنێت.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more

# فێستیڤاڵی سلێمانی لەوەی کان خۆشتربوو

10



خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی hhimati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی | 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net







زانکۆی ستراتفۆردی ئەمریکی کە 8 لقی لە ئەمریکا هەیە و دوای وەرگرتنی مۆڵەتی یاسایی لە حکومەتی هەرێم، لقی خۆی لە هەولێر دەکاتەوە و تاکە زانکۆی راستەقینەی ئەمریکی یە لە ئێراق و کوردستان. ئەم زانکۆیە خاوەنی 10 دانپێدانانی ئەمریکی و جیهانی یە و سەرجەم سیستمی خوێندن، مەنهەج، کامپێسی ئەلکترۆنی و بڕوانامەکانی لە ئەمریکاوە دێن. ئەم زانکۆیە ئەمساڵ 2 سکول بە چەندین بەشەوە دەکاتەوە:

- سکولی بیزنس و بیزنسی نێودەوڵەتی بەم بەشانەوە:
- ژمێریاریی و دارایی
- سەرچاوە مرۆیی یەکان
- بەڕێوەبردنی کار
- بەڕێوەبردنی گاز و نەوت

**سکولی ئەندازیاریی کۆمپیوتەر بەم بەشانەوە:**
- ئەندازیاری پرۆگرامەکانی مۆبایل و وێب
- ئەندازیاری سایبەر سکیوریتی
- ئەندازیاری تێلێکۆمیونیکەیشن
- ئەندازیاری نێتوۆرک
- ئەندازیاری داتابێیس
- ئەندازیاری سۆفتوێر

هەروەها ئەم زانکۆیە ئینستیتوتی زمانی ئینگلیزی کردۆتەوە بۆ خوازیارانی فێربوونی زمان کە 6 ئاستی هەیە و قوتابییان ئامادە دەکات بۆ خوێندنی ئاکادیمی، بیزنس، گفتوگو یان بۆ تاقیکردنەوەی ئایل و تۆفل.

**بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارانەی خوارەوە:**

1616 970 750 00964

1616 980 750 00964

ئادرێس: هەولێر- شەقامی گوڵان